84
تشرینی دووەم
2011

# ئەوشەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری


ئەدەبی بەراوردکاری ڕێگە بە لێکۆڵەران دەدات باس لە ناوەندی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی بکەن، کاتێکیش لەم چەرخەدا باس دێتە سەر جیهانگیری دەتوانین لە ماڵ و نووسینگەکانی خۆماندا جیهان ببینین.

پ. ی. د. ئیسماعیل ئیبراهیم

---

زۆر جاران دەبینیت حیکایەتبێژ، یان چیرۆکبێژ بە زمانی شیعر، یان بە زمانی سینەما و هونەری شێوەکاری چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا خۆدی حیکایەتبێژ نە شاعیرە، نە سەریشی لە هونەری سینەما و تێکەڵکردنی ڕەنگەکان دەردەچێت.

حەمەفەریق حەسەن

---

چەند گوناهن وەرگێڕ و نووسەرانی کورد، کە وەک وەرگێڕ و نووسەرانی نەتەوە "خواپێداو!"ەکان، نەهاتوون و نایەنە سەر خوانی حازری!" و دەبێت هەموو کات لە "مریشکەڕەشەوە دەست پێ بکەن!" و بکەنەوە.

خەبات عارف

---

ئیشکردنی ئەدەب ئەوەندەی ئیشکردنە لەسەر ڕابردوو نیو ئەوەندە ئیشکردن نییە لەسەر داهاتوو. بەمانایەکی تر، کاری ئەدەب برێتییە لە دەرهێنانی ڕابردوو لە کۆگا فەرامۆشکراوەکان.

ئارام شێخ وەسانی


خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:
**سەباح ئیسماعیل**
ojeen_sabah@yahoo.com
0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:
**چنوور نامیق**
chnornamiq@yahoo.com
0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری
**ئاراس ئەکرەم**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد
هەڵەگری: بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد

دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکووک
شەقامی کۆماری - باڵەخانەی فەخری

## پێڕست


ئەدیبی کورد بە داهێنانی ناژی. سەروتار. یوسف لەتیف ........ 3
شاکارێک لە گەنجینەی داهێنانی جیهانییەوە. لێکۆڵینەوە. پ. ی. د. ئیسماعیل ئیبراهیم ........ 5
کۆمەڵ و ڕۆمان. لێکۆڵینەوە. لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف ........ 12
نامۆبوون و دۆزینەوەی خود لە شیعری "ژیانێکی ڕامبۆییانە"دا. لێکۆڵینەوە. عەلی شێخ عومەر ........ 22
درامای "مردن" لە ئیستاتیکای ڕامانە شیعرییەکانی پەشێودا. لێکۆڵینەوە. ناسح حوسێن سلێمان ........ 33
تارماییی نووسەر، لە پشت حیکایەتبێژەوە. وتار. حەمەفەریق حەسەن ........ 41
گرووپی دووی کەرکووک. وتار. لە عەرەبییەوە: بورهان ئەحمەد ........ 44
لەگەڵ وەرگێڕ خەبات عارف. دیمانە. سازدانی: حەمە مەنتک ........ 49
لەگەڵ ڕۆماننوس سەمۆئێل شەمعوون. سەباح ئیسماعیل ........ 58
ڕۆژژمێری مامە خەمە. شیعر. تەیب جەبار ........ 62
وەرزێک لە تریفەی مانگ و نێرگزێک لە جوانیی بەهار. شیعر. کەژاڵ ئیبراهیم خدر ........ 68
پیاوێکی ڕەش، تا دێ سپی ئەچێتەوە.... شیعر. ئیبراهیم هەورامانی ........ 72
گوڵی هەنار. شیعر. شێروان ئیبراهیم ........ 76
شەمەندەفەری کاتژمێری یەک. شیعری وەرگێڕاو. لە عەرەبییەوە: عیسا چیایی ........ 78
لە چاوەڕوانیی شانۆدا و دوو چ. ز. ک. چیرۆک. عەباس عەبدوڵڵا یوسف ........ 80
دوو کورتەچیرۆک. چیرۆک. جەلیل محەمەد شەریف ........ 84
بیرت دێ؟. چیرۆک. نینا کەریمی ........ 87
ئاوازی مردن. چیرۆک. سوارە کافرۆشی ........ 93
باوە ماچم کە. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە فارسییەوە ئەمین گەردیگلانی ........ 96
مرۆڤێک بە ئامادەگییەکی فراوانەوە. نامە. لە عەرەبییەوە: ئومێد عومەر ........ 103
شەهیدێک دەگەڕێتەوە. واسینی ئەلئەعرەج. خوێندنەوە. ئارام شێخ وەسانی ........ 106
چارلز بوکۆفسکی ڕێیەکی تر بۆ دەربڕین. دۆسێ. شالاو حەبیبە. نزار ئەحمەد ........ 111
نموونەیەک لە لێکۆڵینەوەی شیعری نوێی کوردی. کۆنەدەفتەر. دوکتۆر: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ... 132

سەروتار

# ئەدیبی کورد بە داهێنانی ناژی

یوسف لەتیف

هەڵبەتە لەوە خۆشتر نییە مرۆڤ چاوی لە کەس کەس نەبێ و لە پێناو هەر کارێک کە بەئەنجامی دەگەیەنێ هیچ نەبێ سەروبەر بۆی دەربهێنێ. بەردەوام لە مێژووی عێراقدا لە پێش خەلافەتیشەوە ئەدیبانی جگە لە دەربار بەکوێرەملێ وەک شێت، دێوانە سووڕاونەتەوە، ئەبو دەلف خەزرەجی مەیمونێک و دەفێکی پێ بوو بە رۆخەکانی دیجلەدا دەگەڕا دەفی لێ دەدا و شیعری دەخوێندەوە تا لە پایدا شتێکی کۆمەک بکەن...

وەفایی لای شێخ عەبدوڵڵای نەهری کاری کردووە و نووسراوەکانی نووسیوە. دواتر زانیویەتی ئەو بارودۆخە لەگەڵ یەک دێر شیعریدا ناگونجێ شیرین تەشی دەڕێسێی خۆی نووسیوە و ئەوی جێهێشتووە، هێمن تا ڕۆژانی دواییش بەکوێریش بەپشتی کەرەوە شاخ و دۆڵ و زەنوێری کردووە، بەڵام بەردەوام کۆمەک کراوە و بەبرشتی قەڵەمەکەی نەژیاوە.

هەژار هاواری لێ هەستاوە و وتوویەتی نەزان پەرستی بۆ ژیان کوشتمی... لە مێژووی نێزیکیشدا زۆربەی ئەدیبان بەکاری ڕۆژنامەوانییەوە وەک نێزیکترین کار لە بەرهەم و داهێنانیانەوە خەریک بوونە. هەڵبەت تاکە کارێکی مرۆڤی کوردە هەقی ئیرەیی پێ بردنی نییە و تاقەتپڕووکێن و بێ بەرەکەت و کەم داهاتە. ئەویش کاری ڕۆژنامەوانییە.

هەڵبەت هۆکارەیلی زۆر هەن وا دەکەن مرۆڤی داهێنەر لە سەرچاوەی خۆیەوە حەقدەست و فکری داهێنەرانەی خۆی وەرنەگرێ. ئەوەندەی کە من هەستی پێ بکەم.

بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تۆ قەوارەیەکی سیاسیی ئەوتۆت نییە، کە بڕیاری زوانی یەکستاندارتی دابێ و بەم شێوەیەش بەرهەم بۆ هەر چوار پارچە بڵاو دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار دیوانێکی شیعری لە سنوور نەپەڕیوەتەوە، بەڵام هەزاران چەک بەڕۆژی نیوەڕۆ هاتووە.

چاپ و پەخشی بێ لایەن وەک پێویست نییە و پێشتریش هەر لەنەبووندا بووە.

دواتر هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی مادەی خاوی سیناریۆی شانۆ و فیلم و دراما و گۆرانی و ئۆپێراو...

ئەوانیش حاڵیان لە حاڵی ئەدیب خراپترە. چونکە تۆ کارگەیەکی وەبەرهێنانی فیلمت نییە. کۆمپانیای وەبەرهێنانی زنجیرەیەکمان نییە.

بەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ بەشی خوا بۆ خواو بەشی قەیسەریش بۆ قەیسەر، واتە خوێنەری کورد دەبێ بەس تەنیا ئەدیب، ئەدەبیاتی بخوێنێتەوە. کەسی تر نایەوێ بزانێ حاجی قادر و نالی و پیرەمێرد و شێرکۆ بێکەس و هەڵمەت و بەختیار عەلی کێیە و چ کارە بوونە و یەکە و چییان لە قۆناغێکی گوزەرانی ئەم میللەتەدا وتووە.

گابرێل گارسیا مارکیزی خاوەنی نۆبڵ بەس بە تەنیا رەزامەندیی فەرموو لەلایەن پارێزەرەکەیەوە کە خۆشەویستی لە زەمانی کولێرەدا بکرێتە فیلم نێزیکەی سێ ملیۆن پاداشتی خۆی بێ منەت وەرگرت. ئەی بۆ هەر زمانێک کە وەرگێڕدرێ حەقی دەدرێ. چەندی بفرۆشرێ هەقی زیاد دەکات و جگە لە دیاریی نۆبڵ و دیاریی تر.... واتە تەنیا بەو کتێبەی دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر زۆر نەک خۆی سەرجەم خانەوادەکەشی بژێنێ... بەڵام ئەدیبی کورد بەپارەیەکی زۆر ئەویش بۆ قەڵەمێکی وەک برایم ئەحمەد کە خانەوادەیەکی دەسەڵاتدارن (ژانی گەڵ)ی کراوەتە فیلم، بە پارەیەکی زۆریش تا هەندێ خەڵک بینیویەتی. ئەگەر ئەوە حاڵی ئەدیبی کورد بێ. دەبێ ڕووت و ڕەجاڵ و داماوەکانی چی بەچی بکەن... ئەسەف.

لێکۆڵینەوە

## لە ئاسۆی ئەدەبی بەراوردکارییەوە

# شاکارێک لە گەنجینەی داهێنانی جیهانییەوە

پ.ی.د. ئیسماعیل ئیبراهیم

**پێشەکی:**

ئەم وتارە ئاوڕدانەوەیەکە لە ئەدەبی جیهانی، لە میانەیەوە شاکارێکی ئەدەبی هەڵدەبژێرین کە خاوەنەکەی، خاوەنی خەڵاتی (نۆبڵ)ە، ڕووناکی دەخەینە سەر هەندێ لە وردەکارییەکانی، لەبەرئەوەش لە چوارچێوەی کارێکی هونەریشدا، پێشکێش کراوە، خەڵکێکی زۆر چ بەخوێندنەوە چ بە بینین ئاشنای بوونە، گەلێک ڕەخنەگر و ئەدیبی لێهاتوویش لێی کۆڵیونەتەوە، ئێمەش سەرنجی ئەو کەڵەنووسەرانە لە ئاسۆی دید و بۆچوونی خۆمانەوە تاوتوێ دەکەین و پوختەکەی دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی کورد، بە نیازی هەوڵدانێک بۆ ئاشناکردنیان بە شاکارێکی نایاب، لە هەمان کاتیشدا چپاندێک بە بەرگوێی داهێنەرانی کورددا کە ڕۆڵەی نەتەوەکەیان چاوەڕوانی کاری لەو جۆرەیان لێ دەکەن.

**ئەدەبی بەراوردکاری:**

ئەدەبی بەراوردکاری وەک لقێک لە لقەکانی ئەدەب ڕێگە بۆ ئەدیب و خوێنەر و ڕەخنەگران خۆش دەکات تێڕامانێکی سەروبەر و هەمەلایەنەیان بۆ ئەدەب هەبێ، لەبەرئەوەی ڕامانی ئەدیب یان ڕەخنەگری ئەدەب لە یەک لاوە ڕێگرە لە بەردەم دەستنیشانکردنی پێوەندی لە نێوانیا و نێوان هەر بەرهەمێکی تری ئەدەبی سەر بە لایەنێکی تر بێت، چ سەر بە هەمان ژینگە بێت یان کۆمەڵگەیەکی تر یان زمانێکی تر، گەورە ئەدیب و لێکۆڵەران بە بایەخێکی زۆرەوە دەڕواننە ئەم پرسە، بۆ وێنە، تەها حوسێنی کەڵەنووسەری عەرەب لە هەندێ نووسراویدا، وتوویەتی: ئەدەبی عەرەبی بەبێ

بەراوردکردنی لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەکانی تردا وەک وانە ناوترێتەوە یان فەراهەنک ناکرێت.

لە دێرین زەمانیشەوە پێوەندی لە نێوان شارستانیەتییەکاندا بەردەوام بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەدەبی بەراوردکاری ڕێگە بە لێکۆڵەران دەدات باس لە ناوەندی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی بکەن، کاتێکیش لەم چەرخەدا باس دێتە سەر جیهانگیری دەتوانین لە ماڵ و نووسینگەکانی خۆماندا جیهان ببینین، هەر بۆیەش پێویستمان بە ڕامانی تر هەیە، ئەمەش لە میانەی بەراوردەوە دێتە دی، کە لە ڕاستیدا لەم ڕۆژگارەدا پرسێکی زۆر گرینگە.

لە ئەنجامیشدا دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە ئەدەبی بەراوردکاری خوازیاری کراوەیی و ئاشنابوونە، لەبەر ئەمە لقێکی گرینگی ئەدەبە و ڕێڕەوێکی بەبایەخە بۆ گەشەکردنی، چونکە ئەگەر ئەدەبی هەر نەتەوەیەک لە چوارچێوەیەکی داخراودا بمێنێتەوە و ئاشنای ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی تر نەبێ، ئەوە وێنەیەکی شێواو و ناڕێکی ئەدەبی ئەو نەتەوەیە نیشان دەدات.



لەسەر ئاستی ئەدەبی عەرەبی کە لە مێژوودا دەرفەتێکی گەورەی بۆ بەرپا بووە خزمەت بکرێت، هەندێ لە ئەدیبە عەرەبەکانی ئێستا لەمەڕ لێکۆڵینەوەی کاری بەراوردکارییەوە لە چاو ڕابردوو خۆیان بە کەمتەرخەم دەدەنە قەڵەم، چونکە نەیانتوانیوە کارتێکەری ئەدەبەکەیان بە دروستی بگەیەنە جیهانی دەرەوە، لە کاتێکدا گەلێک دەقی عەرەبی لە سەدەکانی ڕابردوودا لەلایەن توێژەرانی ئەوروپا و بیانییەوە، بوونەتە جێی بایەخ، بۆ وێنە: (ألف ليلة و ليلة – هەزار و یەک شەوە) کە برێتییە لە کۆمەڵە چیرۆکێک بە درێژاییی چەرخەکانی ناوەڕاست و تا ئێستاش کارتێکەری ڕوونی هەیە لەسەر ئەدەبی ئەوروپا، هەروەها چەندان سەرچاوەی ئیسلامی لەلایەن، (دانتی)یەوە بوونەتە جێی بایەخ کە، بەتایبەت لە کۆمیدیای خواوەندیدا سوودی لێ بینیون.

ئەدیبە میسرییەکان لەم ساڵانەی دواییدا – کۆمەڵەی میسری بۆ ئەدەبی بەراوردکاری– یان دامەزران، ئەم کۆمەڵەیەش

کـۆوارێکی پسـپـۆڕ بـە نـاوی (مـقـارنـة – بەراوردکـاری) دەردەکـات، چونکە گـەیشـتـوونـەتە ئەو باوەڕەی ئـەدەبی بەراوردکاری هۆکارێکی گرینگە بۆ پتـەوکردنی پێوەندی لە نێوان کۆمـەڵگەی میسری و کۆمـەڵگەکانی تری سـەر زەویندا، هـەر بۆیەش پەنا دەبەنـە بەر باشترین شێواز بۆ دەستەبەرکردنی ئەو کارتێکردنانە.



**کارتێکەریی داهێنانی وشە و دەنگ و ڕەنگ:**

یەکێک لە شـێـوازە هـەرە گـرینگەکـانی گـواسـتـنەوەی کـارتێکـەریی ئـەدەبی یـان داوونـەریتی کـۆمـەڵایـەتی لە کـولتـووری نـەتـەوەیـەکـەوە بۆ نەتـەوەیـەکی تر کـاری هونـەرییـە، کـە تێـیـدا وردەکـاران لـەسـەر ئـاسـتی وشـە و دەنگ و ڕەنگ داهـێنانی بـەرز بە ئـەنجـام دەگـەیەنن، بەتـایبـەت کـاتێک شـاکـارێکی ئەدەبی هـەڵدەبژێرێ و دەرهـێنـەرێکی بەهـرەمـەند لە چوارچێـوەی کـارێکی هونـەریدا وەک فـیلمـێک ئامـادەی بکات و دواییش لە میدیاکانەوە پێشکێش بکرێت و کۆمەڵانی خەڵکی گشت نەتەوەکـان لەسـەر ئـاسـتی ڕۆشنبیری جـیـاواز بیـبـینن بەتـایبـەت ئـەگـەر وەرگـێـڕانیـشـی لەگـەڵ بێ، چونکە بـەرهـەمـی ئـەدەبی هـەر نـووسـەرێک ڕەنگدانـەوەیەکی زیندووە بۆ ژینگە و گـۆمـەڵگەکـەی، دەرهێنـەریش وەک هونـەرمـەندێکی لێـهـاتوو لـە پلە و پایەی هونـەری بەرز دەکاتەوە، بە پێی دید و بۆچوونی هۆی شێوە و سیـمای ئەو کـەسـایەتیـیـانە دەسنیـشـان دەکـات کە لە کـارەکەدا ڕۆڵی سـەرەکی یان لاوەکی دەگێڕن، بەم شێوەیە هونەری داهێنان لەگـەڵ هێنانی ئەدەبیـدا یەکـانگیـر دەبن و لە ئەنجامیشدا کارێکی داهێنەرانە دێتە دی و خەڵک چێژی لێ دەبینن و کارتێکەری گەورەشی دەبێ.

دەرهێنەر لە مـیـانـەی ئەو کـەسـایەتیـیـانەوە کـە بەرجەسـتـەیان دەکات یان ئەو شـوێنانەی پێشبینییان دەکات یان لە ڕێگەی سیـماگەلێکەوە کەسـایەتییـەکان

دەخاتە باری دیالۆکەوە، ئەوەش بەتەنیا بەدەقی ئەدەبی ناکرێت، لە کۆتاییشدا زمان لەکاری هونەریدا دەبێتە دیدارێکی فیکری لە نێوان هەر یەکە لە ڕۆماننووس و دەرهێنەردا.

لەم گۆشە نیگایەوە هەوڵی کارێکی بەراوردکاری دەدەین لە نێوان ڕۆڵی ڕۆماننووس و دەرهێنەردا بەرەو دەرخستنی ڕادەی کارتێکەریی هەریەکەیان لە کاری داهێناندا.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکان و نێزیککردنەوەیان لە خوێنەر با دەقی ڕۆمانی (زقاق المدق)ی نووسەری گەورەی میسر نەجیب مەحفووز کە ساڵی ١٩٨٨ خەڵاتی (نۆبڵ)ی وەرگرتووە بکەینە نموونەی باس، بەڵام باش وایە پێش ئەوەی بچینە ناو تێکڕای باسەکەوە ئەو ڕاستییە بدرکێنین کە کاتێک ئەدیب و هونەرمەندان لە هۆڵی نواندندا ئامادە دەبن دەیانەوێ بە دیقەت لەوە بگەن ئاخۆ دەرهێنەرەکە لەگەڵ باندەکەیدا توانیویەتی ڕوحی دەقەکە بەرجەستە بکات؟ بەتایبەت زۆربەی ڕەخنەگرەکان لەو باوەڕەدان کە هەردوو لووتکەی نووسین و دەرهێنان لە فیلمی (زقاق المدق)دا یەکانگیربوونە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بینەران پتر لە خوێنەران چێژی لێ ببینن.

**سیمای نووسینەکانی نەجیب مەحفووز:**

لە میانەی دەقی ئەم ڕۆمانەوە ڕووناکی دەخەینە سەر زمان و شێوازەکانی گوزارشتکردنی ئەم نووسەرە، سەرەتا دەبێ پەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشین کە زۆربەی ڕۆمانەکانی وێنەیەکی ڕاستگۆی کوێرەوەرییەکانی چینی هەژار و ڕەشوڕووتی کۆمەڵگەی میسرییە، هەر بۆیەش بەرهەمەکانی پێوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، لە ڕووی ڕووداو و بیر و فەلسەفە و کێشەکانیانەوە.

لەبەر ئەمە جێی خۆیەتی بڵێین: نەجیب مەحفووز مرۆڤێکە لە ناوچەرگەی گەلی میسرەوە لەدایک بووە، خەم و پەژارەی گەلەکەی بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی نووسینی تراجیدیا پەسەند بکات، ڕۆمانی (زقاق المدق) ئەو ڕاستییانەی بە ڕوونی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

**زمان:**

گرینگی زمان لە زیندوویەتی زمانەکە خۆیدایە، ئەویش کاتێک بەرجەستە دەبێ کە نووسەر بتوانێ زمانێکی ساکار و لە بەرگوێ ئاسان بەکار بێنێ لە جیاتی شێوازێکی قورس و لێخن: لەبەرئەوەی نووسەری شارەزا و سەرکەوتوو وشە و گوزارشتی ئەوتۆ بەکار دێنێ کە خزمەتی هەڵوێستی هونەری لە ڕۆمانەکەدا بکات و ببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ وێنەکێشانی کەسایەتییەکان، شارەزابوونی چیرۆکنووس لە زانستی زماندا زۆر گرینگە، چونکە لە ڕێگەیەوە ڕۆمان بوونی واقیعیانەی خۆی وەردەگرێت.

بە وردبوونەوەش لە زمانی نەجیب مەحفووز ئەوە دەردەکەوێت کە زمانی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی (زقاق المدق) عەرەبی بەڵام پێکهاتەکانی لە ڕووی پێش و پاش خستنی وشەکانەوە عەرەبی (العامية) و لە زمانی خەڵکەوە نێزیکە، بەم شێوەش نووسەر بایەخی داوە بە دوو مەبەستی

گرینگ یەکەم پاراستنی ڕەگەز و ڕەسەنایەتیی زمانە، دووەمیش تێگەیشتنی خەڵک بەگشتی لە مەبەستەکانی.

لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا نووسەر ئەوەی درکاندووە کە ڕۆمانی (زقاق المدق) لە گەوهەرە دێرینەکانی مێژووی کۆنی قاهیرەیە، واتە سەردەمەکانی فاتمی و مەمالیک و سەلاتین، بێگومان ئەمەش شتێکی دەگمەنە لە ئاسەواری وڵاتی میسردا.



کاتێکیش نووسەر دێتە سەر باسی کەسایەتییەکان دەبینین، متمانە دەکاتە سەر شێوازێکی وەسفیی نایاب، بۆیە کاتێک لە چوارچێوەی هونەرییەوە سەودایان لەگەڵ بکرێن ناتوانن لەو سنوورە دەرچن کە بە خامەکەی بۆی دەسنیشان کردوون، بۆ وێنە لە وەسفی (عم كامل)ی بە سبووسە مرۆشدا ئەمە زۆر روونە، چونکە وێڕای ئەوەی کەسایەتییەکی سەرەکی نییە لە بنیاتی درامای چیرۆکەکەدا، بەڵام بە پێنووسەکەی پەنجە دەخاتە سەر وردەکارییەکانی، شوێنی دوکانەکەی لە هەردوولای ڕاست و چەپەوە دەستنیشان دەکات، چۆنیش لەسەر کورسییەک لە بەردەم دووکانەکەیدا دادەنیشێ... هتد، کەچی لە هەمان کاتیشدا پانتاییەکی بەرینی بۆ دەرهێنەر بەجێ هێشتووە ئەمەش لە شوێنی خۆیدا باس دەکەین.

**دەرهێنان:**

دیارە باسەکەی ئێمە تایبەتە بە دەرهێنانی فیلمی (زقاق المدق)ەوە، بۆیە هەر لەم گۆشە نیگایەوە دەچینە ناو بابەتەوە، بە وردبوونەوە لەو شێوە زمانەی کە رووداوەکانی فیلمەکە دەگێڕێتەوە، هەروەها لە دیالۆکی ناو کەسایەتییەکانی ناو کارەکە دەبینین زۆر لە زمانی نەجیب مەحفووزەوە لە ڕۆمانەکەدا دوور ناکەوێتەوە، چونکە وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا نووسەر عەرەبییەکی فەسیحی نێزیک گشتی بەکار دێنێ، بۆیە

بارگرانی ناخاتە سەر ئەوەی سیناریۆکە دادەڕێژێ یان دەرهێنەرەکە، لایەنی زمانیان بۆ ناکات بەکێشە، هەروەها لەبەرئەوەی نووسەر متمانە دەکاتە سەر زمانی وەسف، سیمای کەسایەتییەکان وا لێ دەکات لای دەرهێنەرەکە روون بن، بەڵام جۆرە زیادەکردنێکی هونەری نایاب بەرچاو دەکەوێت، کە دەرهێنەر دەیخاتە سەر دەقی رۆمانەکە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکان جوانتر رووداوەکان روون بکەنەوە.

ئەو دەسکارییە ساکارانە چ بە زیادەکردن، چ بە لابردن لەلایەن دەرهێنەرەوە بۆ دەقێکی خاوەن خەڵاتی نۆبڵ ڕەنگە ئاسایی بێت، چونکە ئەو لەگەڵ پاڵەوانەکانی گۆڕەپانی داهێناندا سەودا دەکات وەک حەسەن ئیمام و یوسف شاهین و سەلام ئەبوو سەیف... هتد.

چونکە هەر هەموویان لە هونەری داهێناندا شوێنپەنجەیان دیارە، بۆیە دەسکارییەکانی دەرهێنەر لەناو ئەم کارە هونەرییەدا وەک وردە نەخش و نیگاری جوان وان، بۆ وێنە دەرهێنەری فیلمەکە هەندێ وشەی گشتیی بۆ کەسایەتییە ژنەکان بەکار هێناوە، یان وەک ئەوەی گۆڕانێکی ساکاری خستووەتە ناو زمانی کەسایەتییە سەرەکی و لاوەکییەکانەوە.

ڕەخنەگرانی هونەری دەنگ و میوزیک ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە دەرهێنەر لە بەکارهێنانی دەنگیشدا سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناوە و بەرزی و نزمی لە شوێنی خۆیاندا بەکار هێناوە، میوزیکیش کە ڕەگەزێکی گرینگی کاری دەرهێنانە بە دروستی بەکار هاتووە، هەندێ جار لەگەڵ دیالۆکی کپدا میوزیکی بەرز بەکار هێنراوە، هەندێ جاری تریش بەشێوەیەکی جوان گونجاندن لە نێوان دەنگی کەسایەتییەکان و ئاوازەکاندا ئەنجام دراوە.

بەگشتی کەسایەتی دەبێ خزمەتی بیرۆکەی رۆمان بکات، واتە ئەو بیرۆکەیەی نووسەر دەیەوێ بیگەیەنێتە خوێنەر، ئەمەش لەم رۆمانەدا (زقاق المدق) چەسپیوە، ئەوەشی لەم دەقەدا سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە پاڵەوانێکی دیاریکراو لە چیرۆکەکەدا نییە، بەڵکو پاڵەوان مرۆڤە بەگشتی، چونکە گشتی پرسەکانی مرۆڤ لەم رۆمانەدا بەرجەستە دەبن وەک: حەمیدە بەگشت خواست و ئارەزووەکانییەوە، عەباس چلو بە دڵە پڕ سۆزەکەیەوە عەم کامل بەساکارێتییەکەی و ترسی لە پاشەڕۆژ، ست عەفیفە بە ئارەزووی تەواوییەوە بۆ هاوسەرگیری، سەید ڕەزوان حوسەینی بە خواپەرستییەکەیەوە، سەید سەلیم بەکێشەکانییەوە لەگەڵ ژنەکەیدا... هتد بەشداری ڕۆمانەکە دەکەن.

ئەم نووسەرە مەزنە توانیویەتی سیمای هەر یەک لەم کەسایەتییانە بە دروستی وێنە بکێشێ، کاتێکیش باس لە کەسایەتییەکی دیاریکراو دەکات، زۆر بە وردەکارییەوە سەودای لەگەڵ دەکات، بە جۆرێک وێنەی دەکێشێ زۆر لە خوێنەرەوە نێزیکی دەکاتەوە، وەک بڵێت خوێنەری رۆمانەکە دەتوانێ لەگەڵیا بدوێ، ئەمە بێجگە لەوەی کەسایەتیی گەلێک لە رۆمانەکەدا هەن، هەر لە سەرەتاوە ئامادەی نواندنن و هیچ پێویست ناکات دەرهێنەر گۆڕانکارییان بە سەر و سیمادا ئەنجام بدا وەک عەم کامل.

**مەودای دەرهێنەر:**

نووسەر لە رۆمانەکەیدا پتر بایەخی بە رەهەندی دەروونیی کەسایەتییەکان داوە، بەمەش پانتاییەکی گەورەی بۆ دەرهێنەر هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ رتووشی هونەری بۆ کەسایەتییەکان بەکار بێنێ وەک، جلوبەرگ و ئیکسسوار بۆ نموونە، (عەم دەرویش) نووسەر هەر بەوە پەنجەی بۆ راکێشان کە زمانی ئینگلیزی زانیوە و کابرایەکی بایەخی بووە و لە سەردەمی گەنجیدا مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە لە قوتابخانەکانی ئەوقافدا، وێڕای ئەوەش چاک و ژیر بووە، لەسەر ئاستی خێزانیش بەختەوەر بووە، بەم شێوەیە سیما ناوەخۆییەکانی دەردەکێنێ، بەڵام دەرهێنەر وێنەی دەروێشی و زاهیدی پێ داوە، کە هێند بایەخی بە جلوبەرگ نەداوە، تەنیا ئەوە نەبێ دارعاسایەکی هەڵگرتووە و عەمامەیەکی بەستووە.




**ئەرکی داهێنەرانی کورد:**

ئەگەر نووسەری گەورەی میسر شاکاری (زقاق المدق) بە گەوهەرێکی دێرینەی وڵاتەکەی بزانێ، ئێمەیش وەک رۆڵەکانی نەتەوەی کورد چاومان لە داهێنەرانی نەتەوەکەمانە بە ناخی کۆمەڵگەی کوردەواریدا شۆڕ ببنەوە و گەوهەری لەم جۆرەمان بۆ بێننە بەرهەم.

گومانیش لەوەدا نییە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەدرێژاییی مێژوو هێندە کەرەستەی خاو لە بەردەست رۆماننووسانی کورددا کەڵەکە بووە، رەنگە بەشی دەیان رۆمانی نایاب بکات، لەلایەکی تریشەوە هونەرمەندانی کورد بە سەلیقە داهێنەرن و لە کەشوهەوای ئەمڕۆی باری سیاسیی کورددا دەتوانن کاری هونەری نایاب پێشکێش بکەن.

رەنگە دەرهێنەرانی کورد ئەگەر بەناو بەرهەمی چیرۆکنووسانی کورددا بگەڕێن دەقی گونجاو بدۆزنەوە تا بە نواندن لە چوارچێوەی کاری هونەریدا پێشکێشی بکەن، بە دووری نابینم چیرۆکی "پێکەنینی گەدا"ی حەسەنی قزلجی نموونەیەکی باش بێت بۆ کاری لەو جۆرە.

لێکۆڵینەوە

# کۆمەڵ و ڕۆمان

ماگویل گایسمەر

لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف

دەرکەوتنی بزووتنەوەی سروشتخوازی (ناچورالیزم) لە چیرۆکی ئەمەریکاییدا بە دیارترین بزووتنەوە لە ئەدەبی ئەمەریکایی (١٩٠٠)ەکانەوە تا (١٩٢٠)ەکان دادەنرێ. ئەمەش ڕێگەی بۆ هەموو بزووتنەوەکانی تری دوای خۆی خۆش کرد و تێکڕا نووسینی ئەمەریکایی لە شێوەی ناوچەییی خۆماڵییەوە بۆ ئاستی ئەدەبی جیهانی بەرز کردەوە.

بەڵام بزووتنەوە ئەدەبییەکان هەرگیز بە زنجیرەیەکی مێژوویی گونجاودا تێ ناپەڕن هەروەک مێژوونووسەکان بەتاسەیەوەن، ئەو مێژووە ئاساییەی کە دانراوە بۆ هاتنی سروشتخوازی بۆ ناو ئەدەبی ئەمەریکایی لە دەوروبەری (١٩٢٠)ەوەیە، ئەگەرچی (تیۆدۆر درایسەر)ی پێشەنگی ئەم



بزووتنەوەیە و داهێنەر و باپیرە گەورەی ریالیزمی نوێی ئەمەریکایی ڕۆمانەکەی (خۆشکە کاری) هەر لە بەرەبەیانی ١٩٠٠ بڵاو کردووەتەوە، خۆ (فرانک نۆریس)یش هەر لە ساڵی ١٨٩٩ بوو کە ڕۆمانەکەی (مەکتیگ)ی بڵاو کردەوە، ئەمەیان سەرگوزشتەیەکی یەکجار راستەقینەی چینی ناوەڕاستی خوارەوەیە، هەر بەم پێیەش (نۆریس) رۆمانی (ئۆکتۆبەس)ی لە ساڵی ١٩٠١ بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا باسی جوتیارانی گەنمچێنی کالیفۆرنیا دەکات - خۆ لەمەیان بە پێش (جۆن شتاینباک)ی خاوەن (هێشووە ترێی رق) کەوتووە.

لەمەش زێتر، با هەر بە سەرپێییش ئەوە بڵێین کە (ستیڤن کرێین) لە ساڵی ١٨٩٣دا (ماجی: کیژێکی سەرشەقام) و لە ساڵی ١٨٩٥دا (نیشانەی سووری ئازایی) نووسی، ئەگەر کەمێکی تر باسی باپیرەگەورەکانی سروشتخوازی لە ئەدەبەکەمان بکەین هەر (جاک لەندەن) بوو کە لە سەرەتای (١٩٠٠)ەکانەوە کاریگەری داروین و نیتشەی لە قالبی چیرۆکی گەلێری پوختەدا داڕشت.

(جاک لەندەن) دوو پەرتووکی بایەخدارتری بڵاو کردنەوە (پاژنەی ئاسنین) ١٩٠٧ و (بەهەشتی پەرەسێلکە) ١٩٠٩ کە هەردووکیان بەرهەمی ئەو سۆشیالیزمە بوون ئەو پڕ بەدەم بانگی بۆ ڕادەهێشت، هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە خەڵکی پارەیان بە کتێبەکانی دەدا، چونکە هەر خۆی بەرزترین نووسەری خەڵکی ڕەشورووت بوو، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هەر (ئێدیس وارتن)ی ئەرستۆکراتی نیویۆرک - کە بە یەکێک لەو (خانمە مەزنانەی) ساڵنامەی ئەدەبییمان دادەنرێ - هەر زوو توانی سامانی رۆئاوای نوێمان لە رێی داشۆرینە زیرەکانەکەی دەوڵەمەند بکات (تەنانەت پێش دەرکەوتنی کتێبی نەریتی وڵاتەکەمان ١٩١٣) کە ئەمەش کارێکی وای کردە سەر (سینکلەر لویس) تا تەنانەت چاکترین



سینکلەر لویس



جاک لەندەن

رۆمـانی (بابیت) پێشکێشی ئەو بکات، ئەو نووسەر و ئەم رۆمـانانە بەشـێکن لە مێـژووی زووی بزووتنەوەی سروشتخوازی و ریالیزم لە چیرۆکی ئەمەریکاییدا. بەشێوەیەکی گشتی رێکەوتی ١٩١٠ بۆ دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە دانراوە و باشـتر وایە ئەو مێـژووە بە لووتکەی قۆناغی یەکەمی دابنێین. پنتی راستەقینەی دەستپێکردنی ریالیزمی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا یا ناوەڕاستی نەوەدەکان و کۆتاییەکەشی بە دەوروبەری (١٩٤٠)ەکان دادەنرێ، تەواوبوونی بازنەی ئەم بزووتنەوەیەش نێزیکەی پەنجا ساڵێکی خایاند.

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە رۆماننووسی ئەمەریکایی (ولیام دین هاوویل) سەری کردە سەر نووسین لەبارەی بێ دادییە کۆمەڵایەتییەکەی سەرمایەداری پارەدار هەر لە سەرەتا و ناوەڕاستی ١٨٨٠کاندا، ریالیزمەکەی هاووێل ئەگەرچی لە زۆر کاتدا نەرم بوو ، بەڵام لە پێشی سروشتخوازی (جاک لەندەن، نوریس، درایسەر)دا هات، هەروەک چۆن ریالیزمی (١٩٠٢)ەکان و (١٩٣٠)ەکان دوا بەدوای کاکڵی رەقی ئەو بزووتنەوە سروشتخوازییەدا هات کە زۆرجار رۆماننووسەکانی پاشتر هیچیان لە بارەیەوە نەدەزانی. جا با بزانین ئەو (کاکڵە رەقەی) سروشتخوازی ئەمەریکایی چی بوو؟ گەلێک ئاسانە بنەواکانی ئەو بزووتنەوەیە دەستنیشان بکەین. بەڵام کارێکی یەکجار قورسە جێی ئەو بنەمایانە لە کارەکانی رۆماننووسەکان یەکە یەکە دیار بخەین، ئەمەش بە بێ بەکارهێنانی پێوانەیەکی رەق بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هەر نووسەرێک ناتوانرێ – ئەویش لە خۆیدا دەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی یا لە دەستچوونی بەتەواوەتی ئاکار و سەلیقە و تەکنیکە کەسییەکانیان کە یارمەتی هەر هونەرمەندێک دەدات بۆ هەبوونی روانگەیەکی تایبەتمەند بەرامبەر ژیان.

پاش ئەو هەمـوو بێنە و بەردەیە، رۆمـان کـارێکی هونەرییـە نەک نامـەیەکی زانسـتی. نەوەک (رێڕەو)ی فەلسەفی یا وتارێکی رەوشتی، یا دیارکردنی لۆجیکی رۆمان خاوەنی سروشتێکی زیندەڵ و نەرم و نیانە و بەردەوام دەگۆڕێ و ناوەڕۆکەکەشی شاراوەیە، تەنانەت بگرە رۆماننووسە فرەنسییەکانی سەدەی نۆزدەم کە بنەوای سروشتخوازییان داڕشت و کاریان کردە سەر ئەدەبی ئەمەریکاییـان، بە دەگمەن لەسەر تیۆرییەکانیـان لە چیرۆکەکانیـان رۆیشـتوون ـ خۆ ئەگەر ئەمەشیـان کردبێ بوونەتە مەزەی گاڵتەجاڕی خەڵکی. (ئەمیل زۆلا) بوو کە بەنایابی رێسـای (ئەدەبی زانسـتی) نوێی دانا وێڕای ئەوەی توێژینەوەی ژینگە و بۆمـاوەکـان دەکـاتە بناغـەی مەسەلەکە: ئەوەش جۆرە ئەدەبێکی وایە کە شتی (ئەندێشەیی بەدەردەنێت). بەم پێیە تووخمی (ناماقووڵ) بەدەرنراوە و ئەم بزووتنەوە نوێیە پێی لەسەر هۆیە سروشتییەکانی هەموو ئەو دیاردانە دادەگرت کە میتافیزیک تەنیا راڤەیەکی سەر و سروشتی پێ دابوون. نیازی سەرەکییش لەمە ئەوە بوو بۆچوونێکی ئەزموـوندار بۆ چارەنووسی مرۆڤ لەم گەردوونە ناکەسییە بێ رەوشتـەدا بدۆزێتەوە.

سروشتخوازە ئەوروپاییە زووەکان هەوڵیان دەدا رێ لە شتی ئەفسووناوی و لایەنگیردار و

پێڕەو و نەریتە بۆگەنەکان بگرن کە ڕووی ڕاستەقینەی چەپەڵی هەر شارستانییەک دەشارنەوە. بەهۆی قالکە قەلغان ئاساکەی (ماتریالیزمی) ئەو بۆچوونە نوێیە هاوارێکی نارەزایی بوو بەرامبەر بە بەکارهێنانی ساختەیی بەها روحییەکان، یا بەکارهێنانی بەها روحییەکان بۆ رێ پێ بەستن نەک گەورەکردنی روانگەی مرۆڤ. (حەتمیەت) کە بووە پنتی رەخنەگرتن لە بیروڕای سروشتخوازەکان، لە خۆیدا هەوڵێک بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بە نیازی تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی ئەم ژینگەیە. کاتێک (سانت بۆڤ) بەسەر (مادام بۆڤاری)دا چووەوە بەسەرسوڕماوی وتی (یەکاڵاکەرەوە و کارئەندام زانەکان! لە هەموو شوێنێک هەست بە بوونتان دەکەم!) لە کاتێکدا دەبینن لەلای مێژوونووسی فرەنسی (تێن) گشت چاکە و خراپەی مرۆڤایەتی بە سادەیی لە ئەنجامی کردە کیمیاوییەکانەوە دروست دەبن. ئای لەو ئەندێشە سەیرەی زانست، کە بەڕاستیش، ئەم بیرە لەلایەن گشت خاوەن بیر و هونەرمەندەکانی دواسالانی سەدەی نۆزدەم بووژێنرایەوە! هەر هەمان ئەو زانستە ئێستا ـ لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەما ـ بناغە لۆجیکییەکەی لە پێناوی دروستکردنی زێدەتر و زێدەتری کوشندەترین موشەک بۆ فەوتاندنی بەجەلەبی مرۆڤ بەکار هێنا.

قسەی خۆمان بێ (زۆلا) لە ژێرەوەی هەموو تیورییە (زانستی)یەکانییەوەی لەبارەی سروشتخوازی رۆمانسییەکی ڕەشبین بوو، (درایسەر)یش هەر بۆ نموونە، هەرگیز کاریگەریی (زۆلا) نا، بگرە هی (بلزاک)ی بەسەرەوە بووە، هەروەک (هێنری جێمس) بوو کە لەوسەری جەمسەری ئەدەبی ئەمەریکایی وەستابوو. جیاوازیش لە کار و کردەی سروشتخوازی لە نێوان فرانک نوریسێک و جاک لەندەنێک و ستیڤن کرێنێک بارتەقای ئەو جیاوازییە کە لە نێوان خوو و سەلیقەی ئەو نووسەرانەدا هەیە. راستە هەموویان لە بڕوایەکی هاوبەشی نیمچە دیاری گەشەکردنی پێشکەوتنی زانستییەوە دەستیان پێ کرد، بەڵام هەر بۆ نموونە (جاک لەندەن)یش کە گیانێکی رۆمانسیی سەرشێت و رەشبینی هەبوو گەلێک لە (ئێدگار ئەلەن پۆ)وە نێزیکتر بوو لەوەی لە هاوڕێکانی. روانینی ئەو بەرامبەر دنیا ـ لە بنچینەدا داروینییانە و نیتشەییانە بوو ــ توندوتۆڵ و رەق و سادی و مەرگبین و تەوساوی و لە کۆتاییشدا تەواو خۆکوژانە بوو. کەچی ئەگەر دنیای ئەدەبی (درایسەر) لەگەڵ هی ئەو بەراورد بکەین، هی (درایسەر) خامۆش و کپ و هێمن بوو. وێڕای ئەو هەموو بایەخدانەی (درایسەر) بە ماتریالیزم و حەتمیەت و هێزە دڕندە کوێرانەکانی سروشت و بێ دەسەڵاتیی مرۆڤ لە بەردەمیاندا، یان بە (کیمیزمە) بەناوبانگەکەی (ئەو وشەیەی بۆ خۆشەویستی بەکار دەهێنا)، کارە هەرە نایابەکانی پڕن لە هەستی شاراوە و پیرۆزی ژیان.

بەڵام (درایسەر) نموونەیەکی پڕ لە دژەبەرایەتی و ئاڵۆزی بوو، جا هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین وەک هەر نووسەرێکی گەورە ناتوانرێت بە خێرایی و ئاسایی شی بکرێتەوە، (خوشکە کاری) لە سەرەتای (١٩٠٠)ەکانەوە بەکارێکی (پووچ) و بێڕەوشت درایە قەڵەم. ئەو رۆمانەی کە خاوەنی

چیرۆکێکی هێمایی دڵگیر بوو لەبارەی کیژە جووتیارێکی دەشتەکی و خاوەن ساڵۆنێکی شیکاگۆیی. (درایسەر) لە نزمترین چینی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە کە خۆی وا بە زیرەکی و راستگۆیی وێنەی بۆ دەکێشا. بەشێک لەو بەرەنگارییەی تووشی هات بێگومان لە ئەنجامی ئەوەوە بوو کە ئەم نوێنەری ئەو رەوتە نامۆیە بوو کە هەرەشەی لە دەسەڵاتە ئەنگلۆسەکسۆنییە پاکیزە نایابەکەی ئەدەبی نەتەوەییان دەکرد، بەشەکەی تری ئەو نارەزاییەی بەرامبەر رۆمانە زووەکانی (درایسەر) نیشان دران دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە ئەو مامەڵەی لەگەڵ بابەتە نزمە، رەمەکییە باو و ئاساییەکان دەکرد – بۆ نموونە ئەوان خەڵکی ئاسایی بوون. لە کاتێکدا ئەو مامەڵەی لەگەڵ ئەو مادە (بێ وەجانە) دەکرد بە واتایەکی تر لەگەڵ ئەو رەوشەی ژیان کە لە کۆمەڵی ئەمەریکای (١٩٠٠)ەکان دەبینران.




درایسەر بە توندی کێشی خستە سەر تووخمە سێکسییەکانی سروشتی ئادەمیزاد، ئەمەش بەبێگومان لە ژیانی سەرتاپای ئەمەریکادا بەرچاو دەکەوت، ئەگەر درۆ نەبێ بڵێین لە لووتکە بڵندەکانی ئەدەبە سەنگینەکەماندا نەبووبێ.

دووەم رۆمانی (جێنی گیرهاردت ١٩١١) باسی خۆشەویستییەکی یاساغ لە نێوان خاوەن پیشەیەکی دەوڵەمەند و کیژێکی دڵرفێنی نەخوێندەوار دەکات. (ئەم پاڵەوانە بەراییە کیژانەی (درایسەر) بەرێکەوت بەشێکی لەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی خوشکەکانی خۆی دانراوە.) بەڕاستی ژیانی ئەمەریکاش هەروا بووە. بەڵام سەیرتریش لەمە لەمیانی هەموو نووسەرەکانی تردا (درایسەر)"ئەوروپاییترین" هەستی رێزلێنان و سۆز و دڵگیربوونی بەرامبەر ئافرەت وەک ئافرەت خۆی هەیە، کە ئەمەش رەوتێکی دەگمەنە لە ئەدەبی خۆماڵیماندا. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی (پسپۆڕی پارەوپول) و (فەلامەرز) لە ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٨ دا (درایسەر) رەوتێکی تری لەناو ساڵنامەی نووسینەکانمانا بەرهەمەکانی هێنایە کایەوە. (درایسەر) لەم کارانەیدا لە پێکهاتنی کۆمەڵایەتیی نوێی سەرمایەداری پارەداری دەکۆڵێتەوە کە بەخێرایی کۆمەڵی "تێکەڵ و پێکەڵی" شار و دەشتی دەگواستەوە بۆ قۆناغێکی تر، بە واتایەکی تر ئەو وێنەی ئەو (ژیانە لادێیە) ناوچەییەی دەکێشا کە خۆی تێیدا گەورە بووبوو.

دوو رۆمانە یەکەمەکانی سێینە نەخشە بۆ دانراوەکەی (درایسەر) بە چاکترین چیرۆکەکانی دادەنرێن، گەرچی ئەمانە لەلای ئێمە پشتگوێ خراون، "(دان بەخۆگر) کە دوا رۆمانی سێینەکەیەتی پاش مردنی ساڵی ١٩٤٧ بڵاو کرایەوە، کە بە قەد ئەوانی پێشووی چاک نییە". لە هەمان کاتدا لەگەڵ دەرکردنی رۆمانی (بلیمەت) لە ساڵی ١٩١٥ دا، شەڕێکی تری سانسۆرگەری لە نووسینی نەتەوایەتیمان بەرپا کرد و کەلەبەرێکی تری نوێی بۆ ئازادیی سێکس رەخساند کە پەنجە بۆ کۆتاییهاتنی گیانی وشکوبرنگی لە هونەرەکەمان دەکێشێ. لەو دە ساڵەی لە نێوان رۆمانی (بلیمەت) و (تراجیدیای ئەمەریکایی)دا بوو، لە ساڵی ١٩٢٥دا (درایسەر) بە گوڕ، کورتە چیرۆک، شانۆنامە، وتار، یاداشت و بەرگێک لەبارەی ژیاننامەی خۆی: (پەرتوکێک لەبارەی خۆم)، دابارانده گۆڕەپانی نووسین. رۆمانی (تراجیدیای ئەمەریکایی) لە خۆیدا بە مەزنترین رۆمانی (درایسەر) دادەنرێ، ئەمەش هەروەک (درایسەر) دەیبینێ، چیرۆکی پاڵەوانێکی تری ناوچەی رۆژئاوایە و لەبارەی روحێکی تری بچکۆلەیە کە لەناو تۆڕی سامان و (سەرکەوتن)دا گیری خواردووە، ئەمەش نموونەیەکی دیاری کۆمەڵی ئەمەریکاییە و دەبێ کێ بە بەرپرسیار دابنرێ کاتێ پاڵەوانی رۆمانەکە ئەو کچە دەکوژێ کە لە کاتی گەنجیدا دڵی دەدایەوە ـ ئەو کیژەی ئێستا کۆسپی رێی ژنهێنان و بەرزبوونەوەی بوو بۆ بوونە خاوەن پارە و پولێکی نایاب؟ لە راستیدا هەردەم لە پانۆرامای چیرۆکەکانی (درایسەر)دا، کاتێک مرۆڤە کلۆڵە بێ دەسەڵاتەکان دەکەونە بەر تەوژمی رەشەبا و لێشاوی سۆز و خوو و حەسرەتەکانیان! یان بەهۆی هێزە کۆمەڵایەتییە یا گەردوونییە گەورەکان کە تەواو لە ئاستی پێویستی و ئازارە بەسوێیەکانی مرۆڤ کەڕن، دیسان دەپرسین کێ بەرپرسیارە؟

تێڕوانینی (درایسەر) بەرامبەر گەردوون بریتییە لە گێژەنێکی تاریکی بەهاژە و دەنگ کە تاکەکەس هەڵدەلوشێتە ناو قوڵاییە بێ بنەکەی. لەگەڵ ئەو هەموو رەشبینییەشی جۆرێک دڵنەرمی و بەزەیی بەدی دەکرێ. بەزەیی بۆ سەرگەردانیی مرۆڤ، دڵنەرمی بەرامبەر پێشێلکراوان لە ژیان و گەلێ جاریش لەناو ئەو هەموو زەبروزەنگ و تەنگ و چەڵەمە و دڵڕەقییەی لە ژیاندایە، (درایسەر) هەستە دڵگیرییە بتپەرستانەکەی بەرامبەر هەموو جوانی سەر زەوین دەردەبڕێ. بە جۆری (هۆسۆرن)، ئەویش خاوەنی ئەو هەستە تراژیدییە کە هونەرمەندە بەرزەکان هەیانە.

لە هەمان کاتدا، (درایسەر) دەرگەی بۆ ریالیستەکانی دوای خۆی واڵا کرد، هەر لە (شیروود ئەندرسن) و (ئیلین گلاسگۆ)وە تا (سینکلەر لویس)یش، بەڵام هەر لەسەردەستی (هـ. ل. مینگن) – یەکەم فەیلەسووفی سروشتخوازی مەزنی (١٩٢٠)ەکان یان با بڵێین ئەوسا واپێدەچوو وابێت – لەگەڵ (سینکلەر لویس) بزووتنەوەی ریالیزم لە ئەدەبی ئەمەریکایی هاوچەرخدا چووە ناو قۆناغێکی نوێوە. سروشتخوازە دێرینەکان هەر لە (کرێینەوە) تا (درایسەر) خاوەنی ڕوانگەیەکی خەماوی بوون، هەروەک لە بەرهەمەکانی (شیروود ئەندرسن)دا، یا بەرهەمە زوورەکانی (ویلا کاسەر)دا دەبینین ئەوان ئازارە قووڵە جەرگبڕەکانی مرۆڤە لادێیە هەژارە ساکارە بێ ئاگاکانی

رۆئاوانشینی دنیای نویّ دەردەبڕن کە زمان لە ئاستیاندا لاڵە، تا رادەیەکیش رۆمانە یەکەمەکانی (لویس) ئەم شەقڵەیان پێوە دیاربوو. (شەقامی گشتی) کە لە ساڵی ١٩٢٠ بڵاو کرایەوە شانۆی ئەدەبیاتی هەژاند و ئەدەبی یاخیبوونی زیندوو کردەوە، کە ئەمیش بەسەرهاتێکی خەمباری شارێکی رۆئاوای ئەمەریکایە کە کیژێک دەیەوێت چاکسازی تێدا بکات، ئەم کیژە پاڵەوانە لە بەرامبەر ئەم رۆڵەیدا هەم رۆمانسی و هەم نە کامڵ دێتە بەرچاو، بەڵام ئەو کاتە ئەو بوو بە نموونەی پاڵەوانێکی نەتەوەیی. (سینکلەر لویس) گوتی "کارۆڵ کێنیکۆت"ی کیژە یاخییەکەی رۆمانی «شەقامی گشتی» برێتییە لە روحی "شانشینانی وێڵ و سەرگەردان کە پێی دەگوترێ رۆئاوای ناوەڕاستی ئەمەریکا". ئەم کیژە، بە هەمان شێوەی نۆرای «ئیبسن» لە (ماڵی بووکەشووشە) شارستانیی ئەمەریکای هێنایە هەژان.



هەمەنگوای

دوو ساڵ پاشتر رۆمانی «بابیت» رەنگە چاکترین بەرهەمی (لویس) بێ، لایەنێکی تری ئەم شارستانیەتەی بە دنیا ناساند، لەوانەیە ئیمرۆکە ئێمە بە چاوی ترس و سام تەماشای ئەم رۆمانە بکەین - جیهانەکەی بە سوریالی نەوەک راستەقینە بدەینە قەڵەم و بە سەرگوزشتەی خاوەن ئیشێکی بچووکی ئەمەریکایی لە جیهانە تەواو بەیەک ئاست بووەکەی دواڕۆژی لێک بدەینەوە. (بابیت) بە تەواوی سەر بە پێڕەوی ئەدەبی "دژە یوتۆپیا"ی سەدەی بیستەم دادەنرێ کە ڕەگی بەناو جیهانی (دنیای نوێی دلڕفێن) «ئەڵدۆس هەکسلی» و رۆمانی ١٩٨٤ «جۆرج ئۆروێڵ» دەچێتە خوارەوە. مایەی سەرنجدانە ئەوە ببینین چۆن (لویس) خۆی خستە ناو کلێشەی دواڕۆژەوە، یان با بڵێین ئێستای دواڕۆژ.



فرانک نۆریس

لەگەڵ بوونەوەی رۆمانەکە لە ژووری خەوتنی پاڵەوانەکە - ئەو ژوورەی ئەوەندە پاک و رووتوقووت دیارە هەر دەڵێی پارچە سەهۆڵە - تا کۆتایی بەدەستهێنانی

سامان و موڵکێکی زۆر و زەبەند، ئەم پەرتووکە تیروانینێکی شاعیرانەی وردی تێدایە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی مێشک جەماوەری. ئەم کتێبە باسی دۆژەی بە میکانیکی بووی کۆمەڵگەی ئەوبەر رووباری وڵاتەکەمان دەکات، یا (ئەو پەڕی ماکینەسازی) دەکات کە لەوێوە جۆرە ئادەمیزادێکی تر بەرهەم هێنراون و بەڕادان دراون.

بەڵام (جۆرج ف. بابیت) هەرگیز کەیفی بەو جیهانە خۆش نەبوو کە پێوەندیی مرۆڤایەتی تێیدا بەرهەم هێنراوە، تەنانەت تا (سینکلەر لویس)ی جارانیش رقی لەمە بوو، هەر ئەمەش مەبەستی رۆمانەکەیە. (لویس) وەسفێکی پڕ لە سۆزی کارکەری (راستەقینەی) ئەمەریکایی لە رۆمانی (دۆد سوۆرت)ی ساڵی ١٩٢٩دا کردووە. لە هەمان کاتیش ئەو چاوێکی بە کێڵگەی توێژینەوەی زانستی لە رۆمانی (تیرگەر)ی ساڵی ١٩٢٥ دا خشاندووە. دوو ساڵیش پاشتر لە رۆمانی (ئیلمەر گانتری) ڕوانگەیەکی گشتی بەرامبەر ئاینی بووژانەوە و پێشینان لە ئەمەریکادا خستووەتە بەردەست، لە رووی تەکنیکەوە ئەمە لە رۆمانەکانی تری کەمتر سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەژێر هەستە گاڵتەبازی و کۆمیدییەکەی رقی خۆی بەرامبەر کەمکردنەوە لە نرخی گیانی مرۆڤایەتی، یا دەستدرێژیکردنە سەر لایەنە روحییەکەی یا شێواندنی مافە رەواکانی مرۆڤ دەردەبڕێ، هەندێک بەشی (ئیلمەر گانتری) پلار بۆ چاکترین شتەکانی ناو (بابیت) درێژ دەکەن، دیسان ئەوانیش هەمان ئاکاری سوریالی و زێدە داشۆرین بەخۆوە دەگرن.

لەو هەردوو رۆمانەدا رەوتی پڕ لە سۆز شانبەشانی توخمی داشۆرینە کۆمەڵایەتییە توندوتیژەکەی دەڕوات و روو دەکاتە گشت هەڵە و کەموکورییەکانی ژیانی ئەمەریکایی. (سینکلەر لویس) پەردەی لەرووی گشت ئەندێشە نەتەوەییەکەمان چ لە بواری ئیش بێ یاخۆ ئاین، زانست، رامیاری، چاککردنی کۆمەڵایەتی، تەنانەت مرۆڤپەروەریش هەڵماڵی. هەر ئەمەش مەبەستی ئەدەبی ئەو بوو، ئۆباڵ بەو ملە ئەویش ئەمەی بە چاکی بەجێ گەیاند.

ئاخۆ دەبێ چ کەلەبەرێک لە ژیانی ئەمەریکای (١٩٢٠)ەکان مابێت کە لویس (لەگەڵ هـ. ل. مینکن یا رینگ لاردنەر) چاوە رەخنەییە بەگومانەکانیان پێدا نەخشاندبێ یا بە قووڵی لێی ورد نەبووبنەوە؟ لە پیڕەوی مەزنی لیبرالی دیموکراسیی ئەمەریکایی هەر لە (تۆم پێن)ەوە بگرە تا (تۆماس جیفرسن)، هەر لە (ئێمرسن)ەوە تا دەگاتە (سۆرۆ، میلڤڵ، واڵت ویتمان) تا دەگەینە نووسەرانی (١٩٢٠)ەکان ئەرکی سەرەکیی ئەدەبەکەمان برێتی بووە لە لێکۆڵینەوەی باری سروشتی و کۆمەڵایەتیمان _ ئەمەش بۆ ئەوەیە تا تروسکێک لە ڕوانینی تاکخوازە هەرە بەهرەوەرەکانمانی بخەینە سەر - تا بەوپەڕی سەربەستیشەوە لە سەرەنجامەکانیان بدوێین. ئەدەبەکەمان بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبی ناڕەزایی، رەخنە، یاخیبوون بووە و رۆژێکی یەگجار رەشیش لە رێی رۆشنبیری و هونەرەکەمانە ئەو کاتەی رۆماننووسەکانمان ئەو کەلەپوورە خۆماڵییە بە پێزەیان جێ دەهێڵن.

بەڵام لە ئەنجامی کێش خستنەسەر ئەمەریکای داشۆرین نەک تراجیدی لە (١٩٢٠)ەکاندا،

هەردوو رەوتی بزووتنەوەی ریالیزم شانبەشانی یەک دەڕۆیشتن. لە رۆمانە ناودارەکانی (جۆن دۆس پاسۆس)دا بەتایبەت سێینەکەی (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) یا لە دراما دڵتەزێنەکانی قوڵاییی خوارووی ئەمەریکادا، چەند توخمێکی تێکچڕژاوی نەریتی رەوشتی قووڵ لەبارەی دادپەروەری ئادەمیزاد لەگەڵ چاو پیاخشاندنێکی پڕ لە گاڵتەجارییەکی توندوتیژی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی دێتە بەرچاو. هەر ئەو کۆمەڵە چیرۆکنووسە ئەمەریکاییەی دوایی بوون کە لەگەڵ (ئێرنێست هەمنگوای)، (سکۆت فیتزجیرالد) و ئەندامانی تری "نەوەی وێڵ" ی ناودار، بزووتنەوەی سروشتخوازیان بەرەو چلەپۆپە برد و نووسینی خۆماڵیمانیان گەیاندە ئاستی ئەدەبی جیهانی. نووسەری بیستەکان تاکی خاوەن هەستی جوانناسی بوون و بۆیەش بە لووتکە و کۆتاییی بزووتنەوەکە دادەنرێن، نەک سەرەتا، هەروەک ئەو کات وای لێ تێ گەییبوون، تەنانەت تا ئێستاش ئەوانن وێنەی باڵای رۆشنبیری ئەمەریکایی لە بەرچاوی خەڵکی دنیا دروست دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هونەر بەردەوام لە هاتوچۆدایە، هەروەک (ئۆتۆرانک) دەڵێ، لە نێوان هەردوو جەمسەری جەماوەر و کەسدا. لە نسکۆی کتوپڕی دارمانی ئابووریی گەورەدا کە لە سالی ١٩٣٠کاندا رووی دا ئاراستەی تەواوی ئەدەبەکەمان دیسان بۆ لای گیروگرفتە ناچارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان شکایەوە، جارێکی تریش بەرەو مەبەست و مانای رەسەنی بزووتنەوەی سروشتخوازی زوو گەڕاینەوە.

(جۆن شتاینباک) لە رۆمانێکی تری بەناوبانگی ئەو سەردەمەدا (هێشووی رق ١٩٣٩) سەرگەردانی "ئۆکی" یەکانی ئەو جوتیارە رۆئاواییانەی کە کێڵگەکانیان لە دەست چوو بەشێوەیەکی درامی خستە ڕوو. هیچ گومان لەوەدا نییە، ئەم رۆمانە هێشتاش بەرۆمانێکی پتەو و توندوتۆڵ دادەنرێ و کلیلی رازە شاراوەکانی سەردەمی خۆیەتی، لە هەندێ رووی تریشەوە بە داستانی مێژووییی سالانی نسکۆ لە سەرانسەری شارستانی کشاوەرزی رۆئاوا دادەنرێ. لە زنجیرەیەکی تر لە رۆمانە دیارەکاندا، نووسەری خواروو (تۆماس وۆلف) روخساری نەتەوەیی لە سالانی خەباتی کۆمەلایەتی دەربڕیوە: پەیمان و رەوشی راستەقینەی ژیانی ئەمەریکایی لە ولاتە پرگردولگەییەکەی تا دەگاتە ئەوپەڕی کۆمەڵی نیویۆرک و دیسان بۆ ناو گەڕەکە هەژارەکانی (برۆکلین). رۆماننووسەکانی تری سییەکان، وەک (جیمس ت. فارێل) سەری کردە سەر لێکۆڵینەوەی ژیانی هەژاران و بێ دەرامەتان.

جارێکی تریش لە هەمان ناوچەی تراجیدی شارستانیەکەماندا سێینە قووڵ و مەزنەکەی فارێل (جەڵەبە وڵاخی لۆنیگان) لە نێوان سالانی ١٩٣٢ و ١٩٣٥ نووسراوە، ئەویش هێشتا بە کارێکی دیار دادەنرێ لە جۆرە ئەدەبییەکەیدا، لە کاتێکدا رۆماننووسێکی وەک (ئێرسکین کۆڵدوێل) سەری کردە سەر لێکۆڵینەوە لە ژیانی (هەژارە سپییەکان)ی ناوچەی خواروو. لەگەڵ ئەو بەرهەمانەدا، ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەی بە سروشتخوازی ناسرابوو بازنەی خۆی تەواو کرد و نێزیکەی گەڕایەوە سەر ئامانج و مەبەستە رەسەنەکەی، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین بزووتنەوەکە تەواو بوو.

ڕەنگە بە ڕێکەوت نەبووبێ کە دوو دەنگی مەزنی نوێ لە (١٩٤٠)ەکانی ئەمەریکا کە (ریچارد رایت) و (هێنری میللەر) بوون هەردووکیان لە ڕوویەکەوە نووسەری بەرگری شاراوە بوون، (رایت) لە کارە هەرە ناوازەکانیدا بۆ قوڵلەڕەشەکانی خوارووی ئەمەریکا دەدوا و ئەو دەنگە بەهێز و راستەقینەیەی کە ئەدەبەکەمان لەوەوپێش بەخۆوەی نەدیبوو بە بەراورد کردن، (هێنری) شۆڕشی سێکسی لە ئەدەبەکەماندا بەرەو پێشەوە برد. (میللەر) "یاخیبوونی جەستەی" پێشوازی لێکراو، کە لە مێژووی بزووتنەوەی سروشتخوازیدا بەقەد رەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگ بوو، بەڕاستی بەرەوپێش برد و گەیاندییە خاڵی بەرەنگاربوونەوە و داشۆرین و گاڵتەکردن بە گشت نەریت و بەربەستە کونینەکانی ئەنگلۆسەکسۆنی و چینەکانی ناوەڕاست، گەر بێ و بەڕاستی و بەگشتی خۆی لە قەرەی گشت ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگەی نوێ نەدابێ.

لەسەر ئاستێکی ئاسایی تر، ڕۆماننووسەکانی وەک (جۆن ئۆهەرە) و (جێمس گۆولد کۆزینز) تەکنیکی سروشتخوازیان شانبەشانی تیغە تیژەکەی داشۆرینی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش برد، هەروەک (جۆن هێرسی)ش بەرگری لە ویژدانی ئەدەبی ئەمەریکایی دەکرد. بەڵام (رایت و میللەر) لە خۆیاندا دوو دەنگی ئەدەبی بەهێزتر و راستەقینەتر بوون، چونکە ئەوان بە واڕسک (غریزة) ئەوەیان هەڵبژارد ببنە "نووسەری ژێربەژێر". ئەوان کۆتاییی راستیی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە مەزنەیان دەرخست کە بە سروشتخوازی ناسراوە یا ناوی بنێ ریالیزم کە نیو سەدەی لە نووسینی ئەمەریکایی خایاند و کاری خۆی کرد و شوێن پێی خۆی لەسەری جێ هێشت. ڕەنگە وەک کەسە کلاسیکییەکانی ئەفسانەی گریکی، ئەوانیش هەستیان بە پێویستی چوونە خوارەوە بۆ ژێر زەوی کردبێ تا سەرچاوەی نوێی ژیان بدۆزنەوە و ڕەوتی نوێ لە بەرهەمەکانیان بهێننە کایەوە.

هەر هیچ نەبێ هیوامان وایە کە لە "بەهارێکی" دواڕۆژێکدا، بۆ زیندووکردنەوە و بووژانەوەی ئەدەبی ئەمەریکایی لە جیهانێکی لەوەی ئێستای ئێمە ڕووناکتر، میراتگر و نەوەکانی سروشتخوازی و ریالیزممان لە خەڵوەتگەی سەر ڕووباری (لیث)[1] بێنە دەرێ و جارێکی تریش مامەڵە لەگەڵ مەسەلە راستەقینەکانی سەردەمی خۆیان بکەن و زنجیرەیەکی تر ڕۆمان بەرهەم بهێنن کە بەقەد ئەو نووسینە نایابانەی کە لەژێر سێبەری ئەو بزووتنەوەی پەنجا ساڵی خایاند چاک و پوختە و بە کەڵک بن.

.................................................................................

١ـ لیث: لە ئەفسانەی گریکەوە ناوی ڕووبارێکە ئەوەی بچێتە ناویەوە یا لە ئاوەکەی بخواتەوە رابردووی خۆی بە تەواوی لە یاد دەکات.

ئەو وتارەم لەم کتێبەوە وەرگێڕاوە

Max well Geismar, "Society and the Novel" From A Time of Harvest: American Literature 1910 _ 1960. (ed.) Robert E. Spoiler, (New York, Hill and Wang, 1962) pp.33 - 41.

# نامۆبوون و دۆزینەوەی خود لە شیعری "ژیانێکی ڕامبۆییانە"دا

عەلی شێخ عومەر

١ لە ٢

شیعری ژیانێکی رامبۆییانە ناونیشانی یەکێکە لە شیعرە دیارەکانی (ئازاد ئەحمەد ئەسوەد)، کە لە کۆواری نەوشەفەقی ژمارە (٧٧)دا بڵاو بووەتەوە. ئەمە یەکەم شیعری جوانی ئەم شاعیرە نییە، ئەزموونی نووسین و بەرهەمهێنانی شیعریی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی ساڵانی حەفتاکان، لە ساڵی (١٩٨٩)دا کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی (بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ)[١]ی بڵاو کردووەتەوە، کە یازدە شیعری جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە، جگە لەوەی چەندان شیعری لە زمانەکانی تورکی و عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم شاعیرە کەمیی نووسینە! پێت سەیر نەبێ ئەگەر بە مانگ و ساڵ بە دیار بەرهەمهێنانی تاقە شیعرێکەوە خەریک بێ تا لە ڕەنگ و دەنگی جیاواز ئەزموونی شیعری جیاواز بەرهەم بهێنێ. هەر لە سەرەتاوە شاعیر توانیویەتی پەرژین و ڕووبەری هۆنراوەکەی بپارێزێ و لە گرینگیی هۆنراوەکەی کەم نەکاتەوە، لە نێوان تیمەی هۆنراوەکە و ناونیشانەکەیدا هاوشێوەبوونێک دروست بکات، کە دەکرێ چەندان خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێ، لەبەرئەوەی چەمکی خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی دیسپلینکردنی ئاسۆکانی هزرە بۆ وەڵامدانەوەی هەستە جیاوازەکانی مرۆڤ، بۆ دۆزینەوەی مەبەست، لەناو جەستەی هەر دەقێکی ئەدەبیدا دەکرێ بە تاوتێکردنی ماناوە بچینە ناو تێزی کۆمەڵێ ڕەهەند و بیروبۆچوونی جیاواز کە بەها و هەڵوێست دەستەبەر دەکات، ئەویش لە سایەی بەشداربوونی وەرگر کە خۆی تێدا بەدی دەکات هەر وەک

(دیڤید بلّیچ) سەیری دەقی ئەدەبی دەکات بەوەی کە جۆرێک بێ لە ئاوێنە خوێنەران خۆیانی تێدا دەبینن)(٢).

هەست و تێڕوانینی وەرگر لە بنیاتی دەقی هۆنراوەکەدا پاژ بە پاژ جۆرە پێوەندییەکی پتەو دەرەخسێنێ بۆ وەلامدانەوەی کەند و کەلەبەری ئەو پرسیارانە کە گیان و جەستەی هۆنراوەکە رەهێڵە دەکات و لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیدا یەکیان دەخات، بۆ چوونە ناو جیهانی هۆنراوەکە هەنگاوی یەکەم دەبێ لە ناونیشانی هۆنراوەکەوە دەست پێ بکەین، لەبەرئەوەی ناونیشان سەری هۆنراوەیە (سورەیای دەقە)(٣). کلیلێکی ئەفسووناوییە دەتوانێ سەرجەم دەروازەکانی دەق والا بکات.

لە رووی فۆرمەوە ناونیشانی هۆنراوەکە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم (ژیانێکی رامبۆییانە)یە دەستپێک و سەرەکییە شوناسێکی جیهانییە کەشفکردنی تەرزێکە لە پیادەکردنی ژیان، بڕگەکە دەوەستێ و تەواو دەبێ بە مەبەستەوە بۆشایی و شۆێنی نەفەسێک لە لاپەڕەکەدا بەجێ دەهێڵێت ئەمەش بەڵگەیە بە بوونی دالەیەک کە مەدلوولی بیرکردنەوە و تێرامان و پرسیار دەورووژێنێ لە پیادەکردنی ئەو جۆرە ژیانە . دێتە دێری دووەم کە پاشگرە بۆ دیسپلینکردنی ئەو چەقبەستنەی بڕگەی یەکەم کە ئاراستەی کۆمەڵێک کەسی دەکات، بە هاوڕێ ناویان دەبات و لە شۆێنێکدان پێی دەڵێن (شەقامی جمهوری)(٤).

ناونیشانەکە ستایلی نامەیەکی کراوەی لە خۆ گرتووە پابەند نییە بە داخرانی سەردەمەوە، سەردەم تێیدا کراوەیە و دیاریکراو نییە بەپێچەوانەی شوێن کە تێیدا داخراوە و دیاریکراویشە، بە کرانەوەی سەردەم و داخران و وەستانی شوێن (شەقامی جمهوری) دەتوانین بگەینە خاڵێکی سەرەکی کە پەنتایی هۆنراوەکەی لەسەر بنیات نراوە، ئەویش هەستکردن بە تێپەربوونی سەردەم و گۆڕانکارییەکانی هزر و خوێندنەوەی نوێ و گەشەکردنی ئەزموونەکان بەرانبەر بە چەقینی شوێن و مانەوەی وەکو خۆی یەکەمین دیاردەکانی نامۆبوونمان چنگ دەکەوێت کە (شەقامی جمهوری)یە و لە قەرەباڵغترین شوێنی کەرکووکە.

ئاوێتەکردنی هەستی نامۆبوون لە دەروونی شاعیردا بە ژیانێکی رامبۆییانەوە ڕیتمێکی رۆمانسییانەی هێمائامێز دەگرێتە بەر، سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت نەک هەر لەسەر ئاستی کەرکووکدا بگرە لەسەر ئاستی کوردستانیشدا، ئاوێتەبوونی ئەم نامۆبوونە وا رەنگی ڕشتووە و چەسپیوە کە کالبوونەوەی کارێکی سەخت و دژوارە وەک لە بیرکردنی شاری کەرکووکی زادگەی، ناونەهێنانی شار مەبەستم لە شاری کەرکووکە ئاماژەیەکی زەق و دیارە بە نەبوونی ناسنامە و دابڕینی بەشە لە گشت، کەرکووکە لە هەرێم، دڵە لە جەستە، فەرامۆشکردن و خەمساردی و پەراوێزکردنی خەون و ئاوات و داواکانی هەر تاکێکی کوردە بە گشتی و هێنی کەرکووکە بە تایبەتی، نەگەڕانەوەی پچڕان و دابڕانە، تۆراندن و نەگەڕانەوەی خودە بۆ بابەت، سەردەمە بۆ شوێن، یاخیبوون و نەگەڕانەوەی شاعیرە بۆ زێدی خۆی، گومانی تێدا نییە دەرهاویشتەی ئەم

پچڕان و دابڕانە نامۆبوونی بەرهەم هێناوە کە کەرکووک بووەتە سەنتەر بۆ خود و بنەوایەک بۆ پێکهاتەی کەسایەتیی شاعیرە کە لە راستیدا (گرینگترین شێوەکانی نامۆبوون جیابوونەوەی کەسە لە خود)(٥).

پەرچەکرداری نامۆبوون تێزی خۆسەپاندن و هاوشێوەبوونێک لای شاعیر دروست دەکات، بەرامبەر بە هاوڕێکانی وەک ئاکامێک پێشنیازیان دەکات، دەستپێشخەرییەک نیشان دەدات، بە مەحکومکردنیان بە وریابوونەوە بارگاوییان دەکات و لاگیرییان لێ دەکات، پیادەکردن و تۆکمەبوونی هەستی نامۆبوون، دەکرێ قەوارەیەکی گەورەتر وەرگرێ و بچێتە ناو خانەی ئەندێشە و چاوەڕوانییەوە، چاوەڕوانییەکی بێتام و بێسنوور چەشنی (چاوەڕوانی گۆدۆ)، دەشێ لە دۆخێکی تردا بە جۆرێکی تر هەڵتۆقێ و بەرجەستە بێت و ببێتە هاندەر بۆ حاڵەتی جۆرێک لە ئاوارەبوون، هەڵکەندنی مرۆڤ لە زێدی خۆی دابڕانی لە نیشتمان، سنوورەکانی ئاوارەبوون دیاری دەکات، زەوینە بۆ هەستێکی شلۆق و ناجێگیر خۆش دەکات کە لە ناخی شاعیردا یەق دەداتەوە، شاعیر ڕاشکاوانە ناتوانێ خۆی لە هاوکێشەی کەرتبوون و ئەو نامۆبوونە قوتار بکات، کە بە وریاییەوە خۆێندنەوەی بۆ دەکات، هاوکێشەکە فرە لایەن و ئاڵۆزە و فەرامۆشکردنی هەروا ئاسان نییە، کێشەکە پابەندە بە بوون و خۆ دۆزینەوە، هەر لە سەرەتای هۆنراوەکە لە چەند ئاستێکدا زەق و زیندوو دەبێتەوە و بەرەو تراجیدیایەکی ئینسانی ڕاپێچمان دەکات.... گەورەترین کارەساتی شاعیر ئەوەیە بە هەست و نەست و کەلەپوورێکی ڕۆهەڵاتییانە مامەڵە لە تەک داکەوتی شارستانیەتی نوێی ئەوروپادا دەکات، ئەو کاتە بە زەقی دەرک بەجیاوازی و لێکدابڕانی نێوان ئەم دوو شارستانیەتە دەکات، کارەساتەکە لێرەوە چڵەپۆپە دەگرێ و شاعیر دوو کەرت دەکات، پاش نیشتەمەنی ئەزموونەکانی لەمەڕ شارستانیی ڕۆئاوا، شاعیر دژوارە بتوانێ هەڵبکات یاخۆ بگەڕێتەوە بۆ شوێن و مۆڵگەی یەکەمی، بۆ زێدی خۆی بۆ نیشتمان بۆیە دەبینین دەچێتە هەر شوێن و جێگەیەک هەر شارێک بە (فلاش باک) بیرەوەرییەکانی گەنجێتی و ژیانی ڕابردووی لە ئێستادا بەرهەم دەهێنێ و تێهەڵکێشی ئیستای دەکات یاخۆ بەپێچەوانەوە ئاوێتەی یەکتریان دەکات، بۆ گوزارشتکردن لە گەڕانەوەی سۆز و خۆشەویستیی ڕابردوو بۆ ئیستا هەر جارێ تەرز و شێوازێک دەگرێتە بەر... لێرە وێنای ژیانی ڕامبۆ دەکات و لەلایەکی ترەوە خۆی دەچێتە دەرەوە نەخشە و هێڵکارییەکانی ناوەوەی خودی خۆی لەگەڵ ڕێتمی ژیانی ڕامبۆدا بەراورد دەکات، بێگومان بەم کردەیە دەیەوێت جۆرە هاوشێوەبوونێک بدۆزێتەوە، دەتوانین بە جۆرێکی تر بڵێین لە ئاستی یەکەمدا نامۆبوون بەهای خود و بیر و ئاوەزە بەرانبەر بە شوێن، وەلێ لە ئاستی دووەمدا نامۆبوون بەهاکانی شوێنە جیاوازەکانە بەرانبەر بە بەهاکانی خود و بیر، لەلایەکی ترەوە دەکرێ بڵێین فاکتەری قووڵبوونی ئەم نامۆبوونە بەرئەنجامی واژووی تەنگژەی دوو شارستانییەتە، دوو داوونەریتە، دوو کەنارە دەریایەک نێوانیانە ئەمەش جیاوازییەک بە دوای خۆیدا دەهێنێ کە بە دوای هەبوونی خۆیدا وێڵە و دەکۆشێ تا بوونی خۆی بسەلمێنێ و فەراهەمی بکات، کەواتە دەکرێ



رامبۆی شاعیر



ئازاد ئەحمەد ئەسوەد

بڵێین کێشەکە کێشەیەکی ئەنتۆلۆجییە و گەڕانە بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی (بۆ خۆم دەگەڕێم)(٦)، لە گەڵ بڕینی سنووری هۆنراوەکە بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەڵبژاردنی کارەکتەری ڕامبۆدا هەماهەنگییەک هەیە لە نێوان ژیانی شاعیر و ژیانی ڕامبۆدا، سەنتەر خودی شاعیرە کە وێنەی شیعرەکانی تێدا ڕەتووش دەکات و ڕووداوی زیندوو لە دوو ئاستدا بەرهەم دەهێنێ، لە ئاستی یەکەمدا بوونی شوێن وەک بەشێک لە خودی شاعیر شوناسە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو هەستانەی کە بە گاسنی نائارامی ناخی دەکێڵن بوونی لەت و پەت دەکەن هەڕەشەی فەنابوونی دەکەن، نیشتەمەنیی ئەم ترسە کەڵەکەبووە. هەستکردن بەم جیاوازییە لە ناخیدا هەر جارێ بە جۆرێک و لە شوێنێکی جیادا ڕوحی لەناو جەستەی کارەکتەرێکدا بەرجەستە دەبێت، لە هەندێ شوێندا لەناو جەستەی ئاژەڵێکدا دۆنادۆن دەبێت، ئەم حاڵەتە کە ئاماژەمان پێی دا لە دواییدا لەناو جەستەی هۆنراوەکەدا ئاشکرا دەبێت، لە ئاستی دووەمدا هەڵبژاردنی کاراکتەری ڕامبۆ کە جۆرێک لە پیادەکردنی ژیان بە دەستەوە دەدات یەکەم لەسەر ناونیشانی هۆنراوەکە کە ئەویش ژیانێکی ڕامبۆیانە، ئەم ژیانە پێوەندیی هەیە بە بیرەوەری و ئەزموونەکانی شاعیر کە لە چینە قووڵەکانی نەستیدا جێگیر بوونە، کە لەسەر شێوازی ئەم جۆرە ژیانە دەگاتە ئاخاوتن هەڵوێستێکی دیاریکراو و هاوشێوەبوونێک نیشان دەدات کە پێوەندیی بە ستایلی ژیانیەوە هەیە، چییە و چۆنە لە نێوان ژیانی ڕامبۆی شاعیر و ژیانی ئازاد ئەحمەد ئەسوەدی شاعیردا، ئەو خاڵ و جەمسەرانە چین کە پێکەوە گرێیان دەدات و بە یەک چارەنووسەوە دەیانبەستێ، بە بەراورد با بزانین هەوێنی ئەو هەستانە چییە کە لای شاعیر دەرکەوتووە.

١- ڕامبۆ لە شەقامەکانی (شارڵڤیڵ) قیتوقۆز پیاسەی دەکرد بێ ئاوڕدانەوەی ڕاست و چەپ ئامێر ئاسا شەقامەکەی تەی دەکرد، ئازاد ئەحمەد لە شەقامی جمهوری.

٢- ڕامبۆ لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا ئەم شەقامەیان دەبڕی بۆ پەیمانگەی شارەوانی، ئەمی شاعیر لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەقامی جمهورییان دەبڕی بۆ ئامادەییی پیشەسازی.

٣- ڕامبۆ لە ٢٩ی ئابی١٨٧٠ بۆ یەکەم جار تامی ئاوارەبوون دەکات دوایی دەخرێتە زیندانەوە، ئەم لە ١٩٧٩ بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ خوێندن دەچێتە شاری بەسرە و غەریبی و نامۆبوونی ڕەگ دادەکوتێ لە دواییدا دەکرێ بە سەرباز و ئینجا هەڵدێ و دەبێت بە پێشمەرگە و زیندانی دەکرێ.

٤- ڕامبۆ بۆ جاری دووەم هەڵدێ و لە برۆکسل دەگیرسێتەوە، ئەم لە پاش زیندانی بۆ جاری دووەم هەڵدێ و ئەوجا دەچێت بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ هەتاهەتایی هەڵدێ لە بەریتانیا دەگیرسێتەوە.

٥ – ژیان بە پەڕوازەیی و تەنیایی و ونبوون و بێ پارە و پوول بەسەر دەبەن ڕامبۆ لە پاریس ئەمیش لە تورکیا و یونان و ئیتاڵیا.

٦- هەردووکیان ژیانێکی دەربەدەری بەسەر دەبەن، خەونیش بە دنیایەکی ترەوە دەبینن دنیایەکی

تلیسماویی پرشنگدار..(٧).

(ژیانی مرۆڤ له كه‌نارێكی بێ هیواییی تره‌وه ده‌ست پێ ده‌كات )(٨).

لێره‌وه هه‌وڵ ده‌ده‌ین بچینه ناو فه‌زای هۆنراوه‌كه‌وه و ئه‌و هه‌سارانه بدۆزینه‌وه كه له خولگه‌ی ئه‌و تێزانه‌دا ده‌سوڕێنه‌وه كه له‌مه‌وپێش ئاماژه‌مان پێی دا، هه‌وڵی سه‌لماندنیان ده‌ده‌ین و تیشك ده‌خه‌ینه سه‌ریان تا زیاتر ڕوون بێته‌وه.

**ئه‌م ئیستانبوڵه**

**نه گۆڕی وه‌لی دێوانه‌ی لێیه**

**نه بۆنی جامانه چڵكنه‌كه‌ی نالی لێ دێ**

**له كه‌ناری مه‌رمه‌ڕه‌دا ئه‌ڕوانمه ئه‌و كه‌شتییه بزورگانه‌ی**

**نیگاكانی ئۆرهان وه‌لییان پێوه‌یه...(٩)**

شاعیر زیره‌كانه توانیویه‌تی زمان بخاته گه‌ڕ تا ڕووپێوی مه‌به‌سته‌كه‌ی له ڕووبه‌ری شیعریدا به‌ئه‌نجام بگه‌یه‌نێ، په‌یامێكی هونه‌ری ڕه‌نگرێژ بكات، له ڕێگه‌ی وێنه‌وه ئه‌و هه‌سته جیاوازانه‌ی بیر و هزری به‌ڕاشكاوانه ڕاڤه بكاته‌وه، به ئه‌وینه‌وه مامه‌ڵه له ته‌ك وشه‌كاندا بكات و له جێگه‌ی خۆیدا به‌كاریان بهێنێ، داكه‌وته بابه‌تییه‌كان له وێنه‌وه بگوازێته‌وه بۆ په‌یڤی زیندوو، له‌به‌رئه‌وه‌ی (شیعر له نیوه‌ڕێی هونه‌ر و زماندایه پێوه‌ندیی شاعیر به زمانه‌وه، پێوه‌ندیی وێنه‌كێشه به بابه‌ته‌وه)(١٠). شاعیر به زمانێكی پاراو و بێ گرێوه دێته ناو پانتاییی هۆنراوه‌كه بۆ خولقاندنی فانتازیا وێنه‌یه‌كی ئه‌ده‌بی له پانتاییی هۆنراوه‌كه‌دا ڕه‌تووش ده‌كات و هاوشێوه‌بوونێك له نێوان خود و بابه‌تدا ده‌سته‌به‌ر ده‌كات، ئه‌وه‌ی دیار و ئاشكرایه نامۆبوونی خودی شاعیره كه له‌مه‌وپێش ئاماژه‌مان پێی دا و بووه‌ته سه‌نته‌ری هه‌موو ئه‌و جیاوازییانه‌ی كه له نێوان دووانه‌ی دوو شارستانیه‌تدا دروست بووه، بێگومان ده‌كرێ جێكه‌وتی ئه‌م نامۆبوونه شێوه‌یه‌كی ئاسۆیی وه‌رگرێ، هه‌ڵبژاردنی شوێن له وێنه‌ی شیعریدا ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌ندێشه و هزری شاعیره، ده‌لاقه‌یه‌كه نه‌فسی خۆی تێدا ده‌بینێ و گوزارشتی لێ ده‌كات، له‌به‌رئه‌وه‌ی (ده‌نگی نووسه‌ر له نه‌فسییه‌وه دێ)(١١). شاعیر له نێوان نه‌فسی خۆی و ده‌ره‌وه‌ی خۆیدا جۆره پێوه‌ندییه‌ك دروست ده‌كات، پێوه‌ندی ئه‌می به‌رهه‌مهێنه‌ری شیعر له ته‌ك شاری (ئیستانبوڵ)دا، نه‌فسی شاعیر و ئیستانبوڵ دوو ڕووی دراوێكن، ئیستانبوڵ به دوو فاقی شارستانیه‌تییه‌كه‌ی و ئه‌می شاعیریش به دوو فاقی ئێستا و ڕابردووه‌وه، ناوهێنانی وه‌لی دێوانه و نالی گه‌مه و یاریكردنه به كات و له‌قبوونی شوێن، ئاماژه‌یه به ئه‌شقی وه‌لی دێوانه و سه‌رهه‌ڵگرتنی نالی وه‌رگێڕانێكی زیندووی كایه‌ی نامۆبوونه‌كه‌یه‌تی، لێره‌دا شوێن گرینگیی خۆی له ده‌ست داوه كاتیش له بیره‌وه‌ریدا ده‌توانێ ڕابردوو له ئیستادا به‌رهه‌م بهێنێ، شوێنه‌كان بۆ ئه‌م چوونیه‌كن و نابنه ئاسته‌نگ و فلاش باك

هیچ جیاوازییەک لە شوێنەکاندا دروست ناکات، نەبوونی گۆڕی وەلی دێوانەی شاعیر لە ئیستانبوڵ خامۆشکردنی عەشق نییە لە ناخدا و لەبارچوونی عەشق نییە لە حزووردا، بگرە بەپێچەوانەوە زیندووکردنەوە و بەسەرکردنەوەی عەشقێکی عوزریی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجە لەلای شاعیردا بەرهەم دەهێنێ کە بە یەک نەگەیشتن ئاکامیەتی، لێکدابڕان و هەناسەساردی و بێهیوایی ناسنامەیەتی بۆ درێژەپێدان و مانەوە لە لێوارەکانی ژیانێکی نادیار و کراوەدا... لە سۆنگەی ئەوەی عەشق لە مردن گەورەترە مرۆڤ بەشێوەیەکی فسیولۆجییانە دەمرێت و عەشق وەک ڕوح دەمێنێ، ئیتر ئێمەی بێ ناسنامە چ پێداویستییەکمان بە ئاسەواری گۆڕ و مردنە، عەشقی شاراوە نهێنیمانە و نادیار شوناسمانە، جا با گۆڕی وەلی دێوانەی شاعیر لە ئیستانبوڵ نەبێ و لە سەیدسادق بێ بۆ ئەمی شاعیر چوونیەکن، لەبەرئەوەی نەخوێندنەوەی ئەم عەشقە ئاماژەیە بۆ نەخوێندنەوەی خود، لە بەرامبەردا بوونی گۆڕی نالی شاعیر لە گۆڕستانی (ئەسکۆدار)ی[١٢]. شاری ئیستانبوڵ بەڵگە و شوێنەوار و هیمایە بۆ سەلماندن و چەسپاندنی زوڵم و ستەم و دەربەدەری و ئاوارەبوونی تاک و سڤیلی کورد بە درێژاییی مێژوو، نەبوون و دەرک نەکردنی بە بۆنی جامانەکەی نالی، نەخوێندنەوە و هەست نەکردنی ئازار و ئەشکەنجە و ژانوژۆی مرۆڤی کوردە لە مێژوودا ئیستاشی لەگەڵدابێ... شاعیر بە ڕاشکاوانە بۆ دەربازبوون لە تاو تەلەزگەی نامۆبوونەکەی کە دەرکی پێ دەکات و وەک پەرچەکردارێک دەکەوێتە تێڕامان و بە دوای هاوشێوەبوونێکدا دەگەڕێت کە خودی خۆی تێدا بەدی بکات و تەسکینی و ئومێدێکی پێ ببەخشێت، ساتێ دەبینێ چۆن ڕوحی کەرتبووی دەیەوێت وەک کەنارەکانی دەریای مەڕمەڕە سنوورەکان بسڕێتەوە دووجیهانی جیاوازی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا بەیەک بگەیەنێ، ئەم لە کەنارێکەوە دەڕوانێت و چاوەڕێی ئەم هاوشێوەبوون و ئەم توانەوەیەیە کە لە نیگاکانی ( ئۆرهان وەلی)ی[١٣].
شاعیردا بەدیی دەکات دیوەکەی تری خۆی تێدا دەبینێ، لەلایەکی ترەوە هەژموونی ئەم ڕوانین و چاوەڕوانییە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەستی نامۆبوون مەرج نییە پێوەست بێ بە پێگە و شوێنێکی غەوارەی دوورە وڵات، بگرە دەکرێ لێکدانەوەیەکی گەشتری بۆ بکرێ، بەوەی کە شاعیرێکی هاوچەرخی گەورەی تورکی وەک ئۆرهان وەلی[١٤] لە سەردەمێکی تردا لە مۆڵگەی خۆیدا وەک ئیستای ئەمی شاعیر هەست بە نامۆبوون دەکات، بەمەش دەگەینە خاڵێک کە شاعیر و هونەرمەند لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بن هەردەم نامۆن و هەستیارن و پێش وەخت پێشبینی لە دیاردەکان دەکەن و لە گۆشە نیگایەکی ئینسانییەوە ڕاڤەی بۆ دەکەن، هەر ئەوەش وا دەکات کە شاعیر بڕوانێتە هەموو ئەو ئامرازانەی کە هەڵگری هەمان خەم و هەمان ئازاری ئەمن.

**لە ژیانی رابردووما سەگێکی لەڕ و لاوازی دوورە دێیەکی هیندی بووم**

**بۆیە ئیستا هەموو لەشم جێ برینی قەڵماسینگە**

**چۆلەکەیەکی ناو قووڵاییی دارستانێکی تاریک بووم**

**بۆیە ئێستا لەگەڵ هەر خشپەیەکدا دائەچڵەکێم**

**ئاسکێکی شەلی ساراکانی ئەفریقابووم، کەوتمە بەر کەڵبە و چڕنووکی چەند پڵنگێکی**

**برسییەوە**

**بەرچاوم تاریک داهات، تاریکتر...(١٥).**

رەنگ رشتنی دۆخەکانی شکست لەسەر نەستی شاعیر رەنگدانەوەی ئەزموونەکانی ژیانی رابردوویەتی، بازنەی ئەگەرەکانی خوێندنەوە و راڤەکردن فراوان دەکات، بۆ سەلماندن و خەفەکردنی زامەکان، شاعیر هەر جاری بە شێوەیەک و بە روخسارێکی جیاواز خۆی دەنوێنێ، بە پێوەری ئاکار و خەسڵەت هەر جاری مانایەک بەرجەستە دەکات، لە هەموویشیاندا بە یەک ئاکامی تراجیدی رابردوو بە ئێستاوە گرێ دەدات. کارەساتی دابڕانیش لە جیهانی دەرەوە شۆڕبوونەوە و گەڕانەوەی شکستە بۆ ناو خود، پەنابردنە بۆ رابردوو، ئاوێتەبوونە لەگەڵ ئەفسانە و دابەزینی بۆ

| رابردوویەکی زۆرلێکراو | شوێنی بێ لایەن | ئاکام |
|---|---|---|
| (سەگێکی لەڕ و لاواز) ئاماژەیە بە بێدەسەڵاتی، دڵسۆزی، ئەمەک). | (دوورە دێیەکی هیندی) مەبەست لە نەخوێندنەوەی زێدە لەسەر نەخشەی سیاسی، فەرامۆشکردنی دەزگاکانی راگەیاندنیش دەگرێتەوە. | (جێ برینی قەڵماسینگ) سزای دەروونی و ئازاری جەستەیی دەگرێتەوە. |
| (چۆلەکەیەکی ناو قوولایی) نیمچە سەربەستییەکی کەم و بێکارە و کارتۆنییە تێنگەیشتنە لە چەمکی سەربەستیی راستەقینە . | (دارستانی تاریک) چەپاندن و نەبینینی داکەوتەکانە، دوور لە گەشەکردن و رووناکییە، تاریکیی. | (داچڵەکیم) سەرەتایە، بەرکەوتە بۆ نیشانەکانی ترس لە ئازادی و بەو پێدراوەی کە چاو شکێن بووە. |
| (ئاسکێکی شەل) پرۆژەیەکی ئاسان و بندەستە بۆ کوشتن و راوکردن | (ساراکانی ئەفریقیا) کیشوەری رەش ئاماژەیە بۆ چەوساندنەوە و دواکەوتنی ژیاری.... سەرنج بدە رووبەر چۆن گەورە بووە لە دێوە بۆ | (کلپە و چڕنووکی چەند پڵنگێ) سزاکان گەورە بوونەتەوە هەم بە هەژماردن و گەلەکۆمەکردنی زۆردارەکان و گۆڕینی ستراتیجییەتی |

| | | |
|---|---|---|
| | دارستان بۆ سارا لە ئەفریقیا | هێرشکردنیش بە پێی شوێنەکە گۆڕاوە . |
| (مریشکێکی نەخۆش) بچوککردن و ئاسانکاریکردن نا بۆ راوکردن کە پلەیەکی لە پێشتری دەستەمۆکردنە، پرۆژەیەکی فراونترە بۆ کوشتن و سەربڕین. | | (چەقۆی بە ملمدا هێنا لە بەرچاوی بێچووەکانمدا) دەتوانین بیکەینە هیمایەک بۆ پرۆسەی کوشتنێکی بێئینساف. |
| (قالۆنچە) بێ بەها و بێ نرخکردن و سڕینەوەیە بەهەموو مانایەک | (مەنهۆڵ) داپۆشین و شاردنەوەی شتەکان و چەواشەکردنی شتەکان | (پێلاوێکی زل شێلامی) بەکارنەهێنانی کەرەستە بۆ مەبەستی خۆی و گۆڕینی بۆ ئامرازی کوشتن |

ئەوپەڕی سڕانەوەی خود بۆ حاڵەتی (مسخ) و لێکچواندنی مرۆڤ بە گیانلەبەری جۆراوجۆر. چ تراجیدیا و نەهامەتییەکی گەورەیە مرۆڤ وەک مرۆڤ تەماشای خۆی نەکات و خەونی داهاتووی نەبێ. بۆ ساغکردنەوەی قسەکانمان و پتەوکردنی فەزای تێڕوانینەکانمان هەوڵ دەدەین شقڵی مەبەستەکانیش زیاتر روون بکەینەوە بە لەبەرچاوگرتنی بەهاکانی شوێن، ئاکام یەک ئاکامە کە لە ئێستادا خۆی دەنوێنێ بەوەی رابردوو زۆرلێکراوە، داهاتوو زۆردارە، شوێن بێلایەنە.

رستەی (بەرچاوم تاریکتر داهات، تاریکتر) ناوبڕێکە بۆ گواستنەوە لە شکستییەکەوە بۆ شکستییەکی گەورەتر تەنانەت گیانلەبەرە هەرە بچووکەکانیش دەگرێتەوە وەک (مریشک، قالۆنچە) .

**لە کونجی گۆڕەوە ئەڕوانم**
**شۆڕەی میزی جەنەڕاڵێکی شەڕی ناوخۆی .. تریقەی سۆزانییەک**
**نووزەی سەگێکی پێکراو**
**لە کونجی گۆڕەوە ئەڕوانم:**
**ئەم ڕێیە، ئەچێتەوە سەر شاری کاوبۆیان**
**پشتی ئەو چیایە: کامپی شۆڕەسوارانی سەدەکانی ناوەڕاستە**

**کۆتاییی ئەم تونێلە، چەتەکانی دەریا بە گوریس هەڵئەکوتنە سەر کەشتییەکی دی**
**لە کونجی گۆڕەوە ئەروانم :**
**پیرەمێردێکی نوورانی لە ئاسمانەوە ئەڕوانێتە شەڕی ڕەنگەکان ........(١٦).**

گوزارشتکردن لە ماناکانی ژیان و لێکدانەوەی هۆیەکانی مانەوە و راڤەکردنیان مەرج نییە لە خودی خۆشگوزەرانی و بێئاگایی و بە سادە سەیرکردنی هۆکارەکانییەوە پێوەست بکرێ، لەبەرئەوەی هەموو کات هۆیەک هەیە بۆ مانەوە و بەرگریکردن، ئومێدێک هەیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، پێوانەیەک هەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. بێگومان چۆن خودی پرسیار بنیاتێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان کە سەقامگیری وەڵام بە دوای خۆیدا دەهێنێ، ئاواش روح بنیاتێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی هزر و بۆ پڕکردنەوەی ویست و بۆشاییەکانی جەستە، بەڵام لەگەڵ مەرجی جیاوازییەکدا کە جەستە سنووردار و داخراوە پێچەوانەی روحە کە بەردەوام لە تازەبوونەوەی خۆیدا بەردەوامە و بە دوای وەڵامە راستەقینەکاندا وێڵە و هەوڵ دەدات بگات بە هەقیقەت، لەسەر بنەوای رووداوەکانی رابردوو دەتوانێ لە ئێستادا پێشبینی لە داهاتوو بکات.. کاتێ جەستە ملکەچی شکۆمەندیی بەهاکانی روح دەبێ ئیتر ئەو ناوەندە بزر دەکات کە دەبێتە لەمپەرێک یاخۆ سەنتەرێک بۆ سەرکوتکردنی پرسیارە نەمرەکانی روح و تێڕوانینەکانی هزر لەمەڕ هەنووکە و داهاتوودا، قوتاربوون لە گرێی جەستە رزگاربوونە لە ماکی ترس و خۆپاراستنە لە تەڵەزگەی روح و لە بێهوودەیی ژیانی بێمانا، لەبەرئەوەی جەستە خۆی لە خۆیدا گۆڕە و روح تێیدا بەندە (جەستە گۆڕستانی ڕوحە، ڕزگاربوون لەناو مردندایە)....(١٧).

باوەڕهێنان بەم لۆجیکە باوەڕهێنانە بە هەقیقەتێکی رەها و فەرامۆشکردنی مردنە و جۆرێکە لە ئیمانداری و پاراستنی شکۆمەندی روحە، ئەوەی شاعیر و پیرەمێردێکی نوورانی (روحی) پێکەوە گرێ دەدات، سەروبنی مەبەستەکە کلۆم دەدات، دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ڕەچاویان بکەین، بەکارهێنانی ئاوەڵناوی پیرەمێرد زیاتر خەسڵەتێکی نوورانی دەگەیەنێ، بەمەش مانایەک بە دەستەوە دەدات وەرگر دەتوانێ خوێندنەوەی رابردوویەکی پاک و بێگەردی بۆ بکات، وەک دانایەک و ئەزموونداریک و شایەدحاڵی قۆناخێکی مێژوویی خاوەن دیدە و بۆچوون و لە روانگەیەکی پیرۆزەوە مامەڵەی لە تەکدا بکات بەوەی کە زاهیدە و بوونەوەرێکی ڕوحی و ئاسمانییە، لە راستگۆیی پتر بەرژەوەندییەکی دنیایی تر بوونی نییە بۆیە شاعیر لە گەڵ رۆحی خۆیدا ئاوێتەی دەکات تا ریچکەی رووداوەکانی پێ پشتڕاست بکات و دەروازەی هەقیقەتەکان والابکات، پیرەمێرد دەبێتە شاهید و لە رەهەندێکی بەرفراوانی بێسنوور و رەهای وەک ئاسمانەوە دەڕوانێتە سەر زەوی و سەرنجە تیژەکانی دەخاتە سەریان، رەش لە سپی، ئێستا لە رابردوو، شەڕ لە ئاشتی جیا دەکاتەوە و بەم پێیەش شەڕی براکوژی لە نیشتماندا ڕیسوا دەکات، روحی شاعیریش لە کونی گۆڕەوە لەسەر جەستەی زەوییەوە بە ویژدانەوە قسە لەمەڕ بەسەرهاتی شەرەڕەنگی حزبەکان دەکات و شەڕی ناوەخۆ مەحکوم دەکات کە لە قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراودا روویان داوە،

ئەگەر بە دیوێکی تردا سەرنج بدەین دەبینین ئەوەی لێرەدا دێتە لێدوان و قسەکردن گیانی نامۆبوونەکەی شاعیرە جارێکی تر بەشێوازێکی تر لە قاڵبێکی نوێدا گوزارشت لە خۆی دەکات بە پەراوێزکردنی داواکانی منی بگۆ خۆی لە جەستە و غەریزە دادەبڕێ، تەنیا وەک روح مامەڵە لەگەڵ داکەوتەکاندا دەکات، پیرەمێرد لە ئاسمان و روحی شاعیر لەسەر زەوی هەردووکیان بە جووتە زاهیدن و بە دوای هەقیقەتدا وێڵن، یاخۆ وەک خاوەن ئەزموونێک خۆی دەسازێنێ و بێ پەردەپۆشی و چاونوقاندن کرۆکی هەموو شتەکان بە دەستەوە دەدات بەمەش دەلاقەی پاکانە و بێگوناهی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات بەوەی کە ئەمی مرۆڤ بەشێک نییە و نەبووە لە دروستکردن و خوڵقاندنی تانوپۆی ئەو دۆخە قێزەوەنەی کە بووەتە هۆی ئەوەی روح لێرەدابێ و بە تاوگیرییەوە سۆسەی نیشتمان بکات و بە ناچاری تاراوگەش بکاتە گۆڕێک و لە دوورەوەڕا لەناو ئاە و حەسرەتەکانی ئەزموونیدا یادەوەرییەکانی نیشتمان بیسووتێنێ..

ژێدەرەکان:

١- بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ - ئازاد ئەحمەد - چاپەخانەی الحوادث - بەغدا - ١٩٨٩، کۆمەڵە شیعر.

٢- ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی - وەرگێڕانی - عەتا قەرەداخی - سلێمانی ل ٧٢.

٣- ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی - نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد - سلێمانی - ٢٠٠٦ ل ٧٥.

٤- شەقامی سەرەکییە نزیک بازاڕی ئەحمەد ئاغایە لە شاری کەرکووک

٥- الاغتراب - ریتشارد شاخت - ت - کامل یوسف حسین، مؤسسة العربیة للدراسات والنشر ص ١٨٨.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو (الاغتراب) وتەی هیراقلیتس ل ٢٤.

٧- کۆواری نەوشەفەق - ژ ٧٥ سوودم بینیوە لە وتارەکەی کامەران تاهیر (ڕامبۆ دەمرێت) ل ٣١.

٨- الاغتراب . سارتر. لە زمانی لوریست لزیوس، ل ٥٣.

٩- کۆواری نەوشەفەق - ژمارە ٧٧ - شیعر - ژیانێکی ڕامبۆیانە بۆ هاوڕێیانی شەقامی جمهوری - ل ٨٢.

١٠- دەنگی بلورینی دەق رەخنە و لێکۆڵینەوە - عەبدولخالق یەعقوبی -٢٠٠٥ - وتەی (لیڤی شتراوس)ە

١١- ژ ٤١ کۆواری گەلاوێژ (ئەدەبی پۆست مۆدیرن و سەرهەڵدانێکی تر)ساڵح سوزەنی - ساڵ ٢٠٠٦.

١٢- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی - مارف خەزنەدار - ١٩٧٧ دار الحریة للطباعة بغداد، ل ٩.

١٣- شاعیرێکی بەناوبانگی هاوچەرخی تورکی.

١٤- ، ١٥ ، ١٦ ، ١٨ ، ٢٢، ٢٣ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ژمارە ٩.

١٧- الاغتراب - هەمان سەرچاوەی ٥، ل ٢٢.

لێکۆڵینەوە

# درامای "مردن" لە ئیستاتیکای ڕامانە شیعرییەکانی پەشێودا

ناسح حوسێن سلێمان

مردن

ئەوەی دنیا جێ دێڵێ،
سوارە و ئەسپ تاو دەدا،
زینە جێگای مردنی،
ڕەتبردن و گلانی
چۆن بوو هەروا دەمێنێ،
لەلای دۆست و دوژمنی.

***

مردن مادام تۆ هەر دێی،
ڕۆژێکی ئاوا وەرە،
خۆم بۆ لات بەڕێوەبم.
ڕۆژێکی ئاوا وەرە،
گڕم دانەمرکابێ،
سەربەرز و بەپێوە بم!

دیوانی" هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا" ل ٨٠– ٨١



لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، هەندێک پرسیار هەن وەڵامیان نییە و لەگەڵ ئەمەشدا دەبن بە بەشێک لە باری مرۆڤایەتیی ئەمرۆی جیهان، مردن یەکێکە لەو پرسیارانەی کە هەردەم مرۆڤ بیری لێ کردووەتەوە و تێی ڕاماوە و هەوڵی داوە کە نهێنییەکانی بزانێت، ئەو چەند نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووفانەی کە لە سەر ڕووداو و تەنگژەی (مردن) شتیان نووسیووە، هەر هەموویان لەبازنەی (ڕامان) و (بیرکردنەوە) و (ئەندێشە – الخیال) نەچوونەتە دەرەوە، لە ڕووی زانستییەوە تا ئەمڕۆ ڕاستییەک لەبارەی مردنەوە نەنووسراوەتەوە، بەڵام بەشێکە لە وێناکردنی مرۆڤ بۆ ژیان، گەورەترین دادپەروەرییە، هەمووومان یەکسانین لە بەردەم مردندا، یاسایەکە بۆ هەمووان، ناجۆرییەک لە مردندا نییە. جگە لە شیعر، ئاین بایەخی تایبەتیی بە مردن و ڕێوڕەسمی مردن داوە، کاریگەریی مردن لەسەر ئاین یەکجار زۆرە (مردن، جاران و ئێستاش بەهێزترین بیانووە بۆ سەلماندنی ڕاستیی گۆتە ئاینییەکان)[١]، جگە لەوەی مردن بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەند بیرۆکەیەک، لە دیاردەی مردنەوە بیرۆکەی یەکگرتن و نەمری سەری هەڵداوە (یەکێک لە گرینگترین ئەو هۆیە بەڵگەدارانەی کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی یەکگرتن مردنە)[٢] و (لەگەڵ ئەوەش کە بوونەوەری زیندوو لە کاتی مردن دەبێتەوە خۆڵ، بەڵام پێکهاتەکانی ون نابێت، بگرە دەگۆڕێت بۆ قەبارەی ماتریاڵێکی تر. ئەمەش بیرۆکەی نەمری دەهەڵەنجێنێت)[٣]. ئەمانە هەمووی بە سەر یەکەوە ئەوە دەگەیەنن کە مردن دیاردەیەکی ئاسایی نییە و بایەخێکی تایبەتیی لە کۆمەڵگە و ئاین و هزر و بیردا هەیە.

لە تیۆری شیعردا ڕەگەزی ئەندێشە (بەڵام ئەندێشەی هونەری) ڕەگەزێکی سەرەکییە، بەهۆی ئەم ڕەگەزە سەرەکییەوەیە کە شاعیران پتر لە هەمووان باسی مردنیان کردووە، لەبەرئەوەی زانست نەیتوانیوە لەبارەی ئەم دیاردەی ژیانەوە ڕاستییەکان ڕوون بکاتەوە، ئەو شتانەی کە مرۆڤ گەیشتووەتە ڕاستییەکانی جارێکی تر ئەندێشە خۆی لە قەرە نادات و ئەوەندە تێی ڕانامێنێت، یا کەمتر بایەخی پێ دەدات. بابەتی مردن لە شیعردا بابەتێکی زۆر هەستیارە، ئازایەتییەک و ڕامانێکی قووڵی دەوێت، مرۆڤ هۆگری هەموو شتێک بێت، هۆگری مردن نابێت، تەنیا شاعیرانن کە تا ئەمڕۆش دەتوانن مردن جوان بکەن و بیکەن بە بابەتێکی شیاو و ببێتە هۆی بیرکردنەوە و ڕامان، بەڕێز جیهاد فازڵ لە کتێبی (نزار قباني الوجه الاخر) ڕەخنەیەکی توند لە نەزار دەگرێت کە لە سەرجەم شیعرەکانی خۆیدا باسی مردنی نەکردووە، ئەمەش دەداتە پاڵ ئەوەی کە لەوانەیە ئەو ئازایەتییەی تێدا نەبووبێت باسی مردن بکات، چ لە کاتی هەڕەتی لاوێتی یانیش لە کاتی پیریدا، لەبەرئەوەی (مردن بابەتێکی سەرەکیی شیعرە)[٤] و ئەو بە لای ئەو بابەتە گرینگەدا نەچووە. ئەمە تێبینییەکی زۆر وردی ڕەخنەگرانەی ئەم نووسەرەیە لەسەر نەزار قەبانی.

یەکەم بەڵگەنامەی مردن، یان یەکەم بەڵگەنامە لەبارەی مردن، ئەوا داستانی "گلگامش"ە، لەم داستانەدا دیتەرمینیزمی مردن دۆزراوەتەوە، بەڵام دەرکەوتنی ڕووداوی مردنی مرۆڤ بۆ یەکەم جار (بەهۆی ئادەمەوە بوو کە بووە هۆی دەرکردنی لە جیهانی نەمرییەوە و بۆ یەکەم جار لەناو

بچـێت و بمرێت)٥، دەتوانین بلـێین ئەو بەڵگەیە وەکو یەکـەم سـەرهەڵدانی "لۆجیک" بوو لەلایەن مـرۆڤــەوە کــە چووەتە نـاو وێناکـردنـی مـرۆڤ بۆ دیاردەکـان. هەرچەندە وەکـو شـتـێکی دیارتر و دروستتر سـەرهەڵدانی لۆجیک لە سەدەی شەشەوە لە لایەن گریکەکانەوە بە ڕوونی سەری هەڵداوە و چووەتە ناو وێناکردنی مرۆڤ کە وەکو لۆجیکێک زەوییان لە وێناکردنی خۆیانەوە بە خڕی بینی.

زۆربەی زۆری ئاینەکانی جیهان بڕوایان بە مردنی ڕەها نییە (زمان و دەقە پیرۆز و هێماکان بە ڕاستگۆییەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مرۆڤ سەودا لەگەڵ دیاردەی مردن ناکات تەنیا لەسەر بنچینەی بەردەوامی ژیانی مرۆڤ نەبێت لە جیهانێکی تر ئەویش جیهانی خواوەندێتییە)[٦]، مردنی لای ئەوان تەنیا جیابوونەوەی گیانە لە لەش، ئەم وێناکردن و ڕامانە بنەڕەتێکی باشی بۆ مرۆڤی دێرین دروست کرد و بووە هۆی ئەوەی باوەڕی بە ژیان پتەوتر بێت و بەردەوام بێت، بێ هیوا نەبێت، خۆی ڕادەستی مردن نەکات و کۆتایی بەو ژیانەش نەهێنێت کە ئێستا ئەو تێیدا دەژێت. ئەوەی پێویستە کە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە ئاین زۆرتر لە هەموو هزر و بیرێکی مرۆڤایەتی سەودای لەگەڵ مردن کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی: (ئاین سەودایەکی هونەریی داهێنەرانەی لەگەڵ مردن کردووە)[٧]. ئەم وێناکردنانە لەبارەی مردنەوە خاڵێکی پۆزەتیڤ و باشی بۆ باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دروست کردووە، هەر بۆیە کۆمەڵناسانی ئەمڕۆ ئاین وەکو پێویستییەکی کۆمەڵایەتی دەزانن، بەڵام لە شیعری "مردن" و "پایز" و "گەشبینی" و" گوڵ مێخەک"دا پەشێو بە ڕامان و وێناکردن و بیرکردنەوە و ئەندێشەیەکی هونەریی نوێ بیری لە مردن کردووەتەوە و بەو پرەنسیپەی "پاوەند" بیر دەکاتەوە کە دەڵێت: (make it new– أجعله جديداً) وای لێ بکە نوێ بێت.

پەشێو چەند جارێک باسی مردن دەکات لە چەند شیعرێکی جیادا، ئەمە شتێکی نوێ نییە، بەڵام بە پێی ئەم پرەنسیپەی سەرەوە بە نوێتر، بە ڕامانێکی تر، بە بیرکردنەوە و ئەندێشەیەکی تر وای کردووە شتێکی نوێتر بدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی بیر و هزری مرۆڤ بەپێی تێپەڕبوونی کات پتر دەکرێتەوە، بۆیە کۆمەڵناسان گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە ژیان ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، لێرەدا پەشێو لە کۆنتێکستدا جیا دەبێتەوە و لە دەرەوەی ئەم کۆنتێکستانەی کە هەیە سەیر دەکرێت، مردن لەلای پەشێو شێوەیەکی ڕەها وەردەگرێت، وەکو ڕاستییەک خۆی نیشان دەدات، (مردن ڕاستییەکا دنێیە)[٨]، بۆیە دیتەرمینیزمی (مردن مادام تۆ هەر دێی ) و (ئەوەی ڕابرد وەگێر نایێ، ئەوەی دادێ هەر مردنە) دەبێتە هۆی ئەوەی کە شاعیر بەرامبەر ژیان خۆی پتر تەیار بکات و بەردەوام بەرەو داهاتوو بچێت.

شۆپنهاوەر دەڵێت (مردن بنچینەی فەلسەفەیە). ئامانجی فەلسەفەیە و دوا هەڵوێستە، شاعیران و ئەدیبان وەکو ئایدیایەک دەیکەنە بابەتی نووسینەکانیان، (مردن) دژی (ژیانە)، بەپێی میتۆدی دوالیزم (الثنائية) جیهان لە دوو توخم یان دوو گەوهەر پێک دێت. چاکە و خراپە، واتا دوو هاودژ، هەندێکی تر دەڵێن: هەموو شتێک لە دنیا دەبێت دژی خۆی هەبێت، وەکو سارد و گەرم و .... هتد.



پایز
پێش ئەوەی وەکو دەنکێک زەردەلووی
تەنیا جێماوی چڵۆپکی دارێ،
بای پایز لێم دا ،
لەپڕ ترپەم بێ و بکەومە خوارێ
ڕەخشی خەیاڵی مەودا بەزێنم،
وەک با ، تاو دەدەم
سەر لەلانەی باز،
لە لووتکەی قیتی بەر هەتاو دەدەم،
ڕێ لە زریان و برووسکە دەگرم،
دەچمە بەر ڕێژنە و شۆڕابی نەوی
لێیان دەپرسم:
ئاخۆ لە کوێ بم،
کاتێ ترپەم دێ و دەکەومە زەوی!

تەنانەت دەڵێن دەبێت ماتریال (المادة) ناماتریالی (اللامادة) هەبێت، کە تا ئێستا نەزانراوە ناماتریال چییە یان نەدۆزراوەتەوە، ئەمانە بەرهەمی بیرکردنەوەی بیری مرۆڤایەتین، کەچی سەیر لەوەدایە وشەی ژیان دوو هاودژی بۆ پەیدا بووە، ئەم هاودژانە (مردن، نەمری)ن، ژیان و مردن دوو هاودژی سروشتین، پێش ئەوەی مرۆڤ بیری لێ بکاتەوە و وێنایان بکات هەر هەبوون و هەر دەبن، بەڵام مرۆڤ (نەمری) بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئافراندووە، بۆ خۆشەویستیی (خۆ)ی نەمری هێنایە ناو ئەندێشەی خۆی، کە تا ئەمڕۆش هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەسەر نەمری نەدۆزراوەتەوە، لێرەدا خاڵە هەستیارەکانی ئەم شیعرانە ( پایز، مردن، گوڵ مێخەک، گەشبینی) دەست پێ دەکات.

نەمری بەهۆی ڕامان و بیرکردنەوە و ئەندێشەی مرۆڤەوە وێنا کراوە، بۆیە ناکۆیییەکان لێرەوە سەر هەڵدەدەن، لە بنەڕەتدا ناکۆکی لە نێوان ژیان و مردندا نییە، مردن قۆناخێکە لە قۆناخەکانی ژیان، هاوسەنگییە، بەڵام ناکۆکی لە نێوان مردن و نەمرییدا چوزەرەی کردووە، ئا لێرەدا ناکۆکییەکان سەر هەڵدەدەن، ڕا و ڕامان و وێناکردنی جیا، بیرکردنەوەی جیا هەیە، ئەو کاتە کۆتایی بەم ناکۆکییانە دێت کە زانست بتوانێت پەی بە نهێنییەکانی مردن ببات و پرسی نەمری چارەسەر بکات، بەڵام پەشێو نەچووەتە ئەودیو سنووری پاش مردنەوە یا (پۆست مردن)، لە نەمری

نەدواوە. بەبێ بەرژەوەندی، بە (خۆنەویستی)یەوە لەگەڵ تەنگژەی مردن چووەتە سەنگەر، ئەو لەگەڵ ژیاندا نێوانی خۆشە و بەرەو داهاتوو هەنگاو هەڵدەنێت، بە ئازایەتییەکی شیعریی زۆرەوە لە ژیاندا ڕادەمێنێت. پێش مردن خۆی بۆ ژیان ئامادە دەکات:

**سەر لە لانەی باز،**

**لە لووتکەی قیتی بەر هەتاو دەدەم**

**ڕێ لە زریان و برووسکە دەگرم،**

**دەچمە بەر ڕێژنە و شۆڕابەی نەوی–**

**لێیان دەپرسم:**

**ئاخۆ لە کوێ بم،**

**کاتێ تریەم دێ و دەکەومە زەوی!**

بە وەستاییەکی زۆر هونەرییانە دیاردەی مردنی جوان کردووە، دڵنەواییی خۆی بە (نەمری) ناداتەوە کە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ژیان، بۆیە تا بتوانێت خۆی بەهێز دەکات، ژیانی خۆی گەورەتر دەکات، لەبەرئەوەی پەشێو گەیشتووەتە ئەو ڕاستییەی کە (هەتا ئەگەر ژیان هەمووی کارەساتی ناخۆشیش بێت ئەوا پێویستە پێوەستی تێکۆشانێکی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە تاکو ئەگەر گەوهەری ژیانیش خۆی کارەساتێکی گشتگیریش بێت)[٩]، بۆیە ئەم (ململانێیە ژیان دەگۆڕێت بۆ پرۆژەیەکی تەواو نەکراو )[١٠]. شاعیر لێرەدا دەیەوێت پرۆژەکە تەواو بکات، ڕووبەرەکانی فراوانتر دەکات، چونکە (بوونی مرۆڤ ناتەواو و "کات" یە، بوونێکە بەرەو نەبوون، لەبەر ئەمە پێویستە خۆی تەواو بکات و ڕوو لە داهاتوو بکات)[١١].

پێچەوانەی سوکرات و حەللاج کە ئەوان بۆ زیندووبوونەوە خۆیان ئامادە کردبوو، باکیان بە مردن نەبووە، لەبەرئەوەی پێیان وابوو زیندوو دەبنەوە، ڕامانی پەشێو بەرامبەر مردن وەکو ئەپیکۆرییەکان وایە کە ترسان لە مردن هیچ واتایەکی نییە، ئەم بە ئاگایی و هۆشیارییەی پەشێو لە مردن جۆرە بەرگرییەک و گەشبینییەکی بۆ ئافراندووە: (ئاگاهاتنەوە لە مردن پێوەندییە پێویستییەکەی لەگەڵ پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی تردا ڕەشبینیی شۆپنهاوەرانە و تەسلیم بە زوویری نییە).[١٢]

لە دوو شیعری (مردن) و (پایز)دا، بە بەراوردکردن لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی دوکتۆر محەمەد کەمال لەبارەی مردنەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە وەکو بڵێی لێکۆڵینەوە فەلسەفییانەکەی دوکتۆر محەمەد بۆ ئەم دوو شیعرە نووسرابێت وایە، ئەمەش گەواهێکی ترە بۆ هەبوونی ڕەگەزی (ڕاستگۆیی) لە شیعرەکانی پەشێودا.

فەلسەفە دەڵێت: لە هەموو شتێکدا جوانی هەیە، جوانی لە دوای چاکە و خێر کۆڵەگەی سێیەمە،

بەهایەکی پێویستە بۆ مرۆڤ، ئەم بەها جوانییەش لە ڕەخنەی ئەدەبیدا وەکو پێوەرێک بۆ پۆیتیکای ئەدەبی بەکار دێت، بەڵام ئەم بەهای هونەریی جوانییە لەلای پەشێو بە شیعر بۆ مردن دۆزراوەتەوە نەک لە ڕووداوی مردن خۆی. پەشێو ڕووی مردنی جوان کردووە و وەکو ئاین سوودی لەم دیاردەیە وەرگرتووە.

پاش خوێندنەوەی هەردوو شیعری ( مردن) و (پایز) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پەشێو باسی (خۆ)ی دەکات و لە خۆی دەدوێت، باسی کەسێکی تر ناکات، یان مرۆڤ بە گشتی، یان دیاردەی مردن، ئەمە جگە لەوەی لە هەندێک شیعری تریش وەکو (وەڵام) و (باڵا) و (پیری) باسی تایبەتی کەسایەتیی خۆی دەکات. ئەم باسکردنە لە ڕەخنەدا پێی دەڵێن (ego centrism) ئیگۆ سینتریزم (التمركز في الذات) کە شاعیرانی ڕۆمانسیزم ئەم (خۆ) یە پتر بەکار دێنن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان.

پەشێو بەهۆی ڕەهەندی هونەرییەوە زۆر هەوڵی ئەوە دەدات کە شتی نوێ بدۆزێتەوە و ئەزموونەکەی خۆشی لەم بارەیەوە زۆر یارمەتیدەرە، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ڕەهەندی هونەری و ئەزموونی شاعیر، وەکو زانست توانستێکی گەورەیان هەیە بۆ (دۆزینەوە و لێگەڕان و قۆزتنەوە) دەشتوانرێت (بگۆزرێتەوە بۆ ڕەهەندەکانی ڕاستگۆیی و ڕیالەت لە شیعردا).

لە دوو شیعری تردا، گوڵ مێخەک و گەشبینی پرەنسیپێکی تری بەکار هێناوە بۆ لێگەڕان و جوانی و دۆزینەوە، ئەویش پرەنسیپی "بەراوردکاری"یە، بەراوردکاری یەکێکە (لە ڕاستییە ئەبەدییەکان لە ژیان و دەقدا، چونکە پلورالیزم و جیاوازی و هەڤگرتن و کارلێکردن و دیالۆگ، بەپێی میکانیزمی بەراوردکاری دەکرێت، بۆیە جوانی و کرێتی تەنیا بە بەراوردکردن دەدۆزێتەوە، کەواتە بەراوردکاری شت دەدۆزێتەوە و دای دەماڵێت، بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی لە ڕاستی ڕێژەیی یان لە ڕاستییە ڕێژەییە جۆراوجۆرەکان نێزیک بکاتەوە)[١٣].

**ئەدی ژیان بە چی بەراورد کەم**

**ئەگەر مردن نێزیکی کەنارم نەبێت!**

یان:

**ئەی کێ دەڵێ: هەر وەک ئەویش،**

**دەستی مردن نێزیک نییە لە گەردەنم؟**

هەمان ئەو پرەنسیپە بەراوردکارییەمان دێتە بەرچاو کە دەڵێت (بەبێ شەڕ لەوانەیە هەرگیز نەزانین خێر چییە؟) بەراوردکردن لە نێوان هاودژەکان " الاضداد" بەهای جوانی و هەڵسەنگاندن دەردەخەن، ئەمیان بەبێ ئەوی تریش نابێت، ئەم هاوسەنگییەیە کە ژیانی دروست کردووە، چییەتی یەکتر دەدۆزنەوە، بە هەمان شێوە لە شیعری (دووئاوابوون)دا ئەم بەراوردکارییە بەدی دەکرێت.

با پێکەوە شیعری "پایز" بخوێنینەوە:.

**پایز**

**پێش ئەوەی وەکو دەنکێک زەردەلووی**
**تەنیا جێماوی چڵۆیکی دارێ،**
**بای پایز لێم دا،**
**لەپڕ ترپەم بێ و بکەومە خوارێ**
**ڕەخشی خەیاڵی مەودا بەزێنم،**
**وەک با، تاو دەدەم**
**سەر لەلانەی باز،**
**لە لووتکەی قیتی بەر هەتاو دەدەم،**
**ڕێ لە زریان و برووسکە دەگرم،**
**دەچمە بەر ڕێژنە و شۆڕابی نەوی**
**لێیان دەپرسم:**
**ئاخۆ لە کوێ بم،**
**کاتێ ترپەم دێ و دەکەومە زەوی!**

کەوتنە زەوی مردنی خۆی شاعیرە، کۆتایی بە بوونی دەهێنێت، بەڵام فرمێسکی پێ هەڵناڕێژێت، دەستەوەستان ناوەستێت، ڕۆڵێکی نێگەتیڤ و خراپی پێ نابینێت، مردن ( تاک بەرەو تایبەتمەندی و "خۆی" ڕەسەن بانگ دەکات)[١٤].

ئەم ڕامان و بیرکردنەوە لە مردن لەلای پەشێو تووشی "نامۆیی" نەکردووە، بگرە بەپێچەوانەوە، کاتێک دەیەوێت بکەوێتە سەر زەوی، ئەو لە بەرزترین شوێن بێت. (دابڕانی بوون لەم تەوژمە (....) بەرەو داهاتوو تێکشکانی دەسەڵاتی داهێنانە و لەناو مێژوودا دەبێت بە سەرچاوەیەکی "نامۆ"بوونی تاکەکان)[١٥].

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند خاڵێکی گرینگم بۆ دەرکەوت کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم، یەکێکیان کە پێشتریش ئاماژەیەکی بچووکم بۆ کردبوو، ئەوەیە کە بەکارهێنانی خاڵبەندی لە شیعردا بۆ خۆی کارێکی زۆر پێویست و هەستیارە، لەبەرئەوەی شیعر هەستیارترین جۆری ئەدەبییە و سەودایەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زماندا هەیە، خاڵبەندیش سیستەمێکە بۆ ڕێکخستنی زمان، لەم بارەیەوە پەشێو تاکە کەس و تاکە شاعیرە زۆر زانستییانە سەودای لەگەڵ ئەم بابەتەوە کردووە، جێگەی ئاوڕدانەوەیەکی تایبەتە، دووەم من بۆ خۆم لەگەڵ خوێندنەوەی هەر شیعرێک

سەیری مێژوو و شوێنی نووسینەکەی دەکەم، بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەم من سەیری مێژووی ١٩٨٢/٥/٧ی شیعری "مردن"م کردووە، کە من سوودم لێی وەرگرت وەکو زانیارییەک بۆ لێکۆڵینەوە. لە کاتی دانانی ئەم شیعرە، تەمەنی پەشێو هێشتا زوو بووە بۆ ئەوەی بیر لە مردن بکاتەوە، چونکە (بەشێوەیەکی گشتی) مرۆڤ لە کاتی پیرییدا زۆرتر بیر لە مردن دەکاتەوە، بەڵام ئاگایی و هۆشیاری و ڕۆشنبیری و ئەزموونی شاعیر وای کردووە کە ئەم بابەتە هەڵبژێرێت، دوور لە نامۆیی، دوور لە وەستان، دوور لە پیری، نێزیک لە ئاوابوونێکی سیحراوی.

خاڵی سێیەم: کە ئەمە کرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سەرچاوەی گەشبینی ئەم شیعرانەی پەشێو بەرامبەر بە مردن ناگەڕێتەوە بۆ نەمری، لەبەرئەوەی نەمری ئەگەر ڕەتدانەوەیەکی فەلسەفییانەی گەشبینیی مرۆڤ بێت بەرامبەر بە مردن، ئەوا پەشێو ئەم گەشبینییەی لە ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە، مردن تووشی نائومێدی و نامۆیی نەکردووە، فەیلەسووفێک دەڵێت: ناتوانین سەیری دوو شت بکەین: خۆر و مردن، بەڵام پەشێو بە ڕامان و ئەندێشەیەکی قووڵەوە جێژوانی لەگەڵ مردن دیاری کردووە، لێکۆڵینەوە فەلسەفییانەکەی مامۆستای بەڕێز دوکتۆر (محەمەد کەمال)یش بە ڕەخنەیەکی ئەدەبی پراکتیکی بۆ ئەم دوو شیعرە (مردن) و (پایز) سەیر دەکرێت، وەک چۆن (ئەهرام) و ( تاج محەل) نیشانەی ڕێزگرتنی مرۆڤە بەرامبەر مردن، ئاواش ئەم دوو شیعرەی پەشێو (مردن و پایز) مردنی پیرۆز و جوان کردووە.

ژێدەرەکان:

١- فؤاد، د. انور، الدين و الجمال، دار الفارابي، ٢٠٠٥، ل١١٧

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.

٣- هەمان سەرچاوە، ل١١٦٤.

٤- جهاد فازل، نزار قباني الوجة الاخر، ل ٢٠.

٥-،. د. انور فؤاد، الدين و الجمال، دار الفارابي، ٢٠٠٥، ل ١٢٠.

٦- بوساحة احمد، حقيقة الموت في نظر الديانات ، ل٢٢-٢٣.

٧- جاك شوردن، الموت في الفكر الغربي، ط ٢٠٠٠، ل ٦.

٨- محەمەد ئۆنجو، گۆتنێن پێشیان، چاپ یەکەمین ٢٠٠٩، ل ٤٩٩.

٩- د. امل مبروك، فلسفة الموت، ل ١١٣.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل١١٣.

١١- د محەمەد کەمال، بوون و داهێنان، , ٢٠٠٤ ل ١٥٥.

١٢- هەمان سەرچاوە.ل ١٦٠.

١٣- سمير حجازي ، قاموس المصطلحات النقد الادبي المعاصر.

١٤- بوون و داهێنان، ل ١٥٥.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦.

وتار

# تارمایی نووسەر، لە پشت حیکایەتبێژەوە

حەمەفەریق حەسەن

کاریگەریی گێڕانەوە لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە، نووسەر تا چەند، خۆی لە بیروڕای حیکایەتبێژ (ڕاوی) هەڵدەقورتێنێت؟ چونکە ڕایەک هەیە دەڵێت: حیکایەتبێژ برێتییە لە نووسەر خۆی، یان هەر خۆی نووسەری ژێربەژێرە. ئەگەر بە وردی و بە نیازی توێژینەوە، چیرۆک و ڕۆمان بیخوێنینەوە، هەستی پێ دەکەین، لە کەم و لە زۆر، خۆی، یان دەستی شاراوەی نووسەر لە پشت حیکایەتبێژەوە ئامادەیە، جا ئەو هەر فێڵێکمان لێ بکات، یان گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بە هەر ڕاناوێک سپاردبێت و بەهەر هەنجەتێک، یاخۆ لەژێر هەر ناونیشانێکدا خۆی شاردبێتەوە. چونکە ئەوی نووسەر ئەفرێنەری چیرۆکەکەیە. وەلێ بەچیدا بزانین و چۆن لە تافی گێڕانەوەدا تارمایی نووسەر بەدیار دەکەوێت؟ تۆ دەبینی حیکایەتبێژ بە زمانێکی چڕ و زۆریش بە ڕەوانی چیرۆک، یانژی ڕۆمانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بێ ئەوەی جارێک زمانی (زەللە)، یان تەتەڵە بکات، یاخۆ بێ ئەوەی کەوتبێتە هەڵەیەکی زمانەوانییەوە.

زۆر جاران دەبینیت حیکایەتبێژ، یان چیرۆکبێژ بە زمانی شیعر، یان بە زمانی سینەما و هونەری شێوەکاری چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا خۆدی حیکایەتبێژ نە شاعیرە، نە سەریشی لە هونەری سینەما و تێکەڵکردنی ڕەنگەکان دەردەچێت. بگرە ئەوی حیکایەتبێژ بابایەکی سادە و ئاساییە لەو گۆڕە.. دەبینی ڕستەکانی چڕ و بەهێزن و پڕن لە واتا و بە ئاماژە و هێما ئاخنراون. کەچی کاتێک دیقەتی حیکایەتبێژ دەدەیت، دەبینیت ئەو نە شاعیرە، نە فەیلەسووفە و نە هزرڤان، بگرە بابایەکی دەستوپێ سپییە.

جار هەیە کەسی حیکایەتبێژ، کە لە پەناوە ئەم هەموو زانست و هونەرەی نواندووە، کەچی وەکو تر، بۆ خۆی کۆلکە خوێندەوارێکە لەو گۆڕە، فڕی بەسەر ئەدەبەوە نییە، یان هەر خوێندەواریشی نییە! یاخۆ نادیارە، کەس نازانێ ئەم حیکایەتبێژە کێیە و چ کارەیە. لە ڕاستیدا هونەری گێڕانەوە فێڵێکی جوانە، لەلایەن نووسەرەوە لە وەرگر دەکرێت. لە چیرۆک و ڕۆماندا حیکایەتبێژ، کە لە کاغەز چێ بووە، بەهۆی کەسێکەوە، کەسێکی تری هاوشێوە، یان هاوئامانج، یاخۆ هاودەردی وەبیر دێتەوە. بەڕاست حیکایەتبێژ، کە وەک بانکی زانیاری دێتە پێش چاو، ئەم هەموو زانیارییانە لە کوێوە دێنێت، ئەگەر نووسەر لە پشتەوە پێی نەڵێتەوە؟

حیکایەتبێژی چاودێر، بۆ نموونە، ئەوەیانە، کە دەست وەرناداتە ناو دنیای چیرۆک، یان ڕۆمانەکەوە، بگرە بێلایەنە، تەنیا چاودێریی ڕووداوەکان دەکات. واتە بەبێ ئەوەی ڕای خۆی تێکەڵ بە ڕای قارەمانەکان بکات، یان نەختاڵێک بەلای هیچ کامیاندا دابشکێنێت، چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە. لە بەرانبەردا حیکایەتبێژیش هەیە، کاریگەریی خۆی لەسەر گێڕانەوە دادەنێت، وەک ئەوەی، دەکەوێتە نێوان قارەمانەکانەوە، یان دەبێتە لایەنداری یەکێکیان، یان دەستەیەکیان. ئەمەیان ئەگەر لە چیرۆکی هاوچەرخدا هەستی پێ کرا، ئەوا سوور بزانە لە حیکایەتبێژی ناو حیکایەتەکانی فۆلکلۆرەوە دزەی کردووە و گەیشتووەتە چیرۆکی ئەم سەردەمە.

تیۆری چیرۆکیش پێمان دەڵێت، نووسەر لە گۆشت و خوێنە و مرۆڤە، کەچی حیکایەتبێژ بوونەوەرێکە لە مەرەکەب و کاغەز چێ بووە . نووسەر بوونێکی ڕاستینەی لە دەرێی دەقدا هەیە، وەلێ هەرچی حیکایەتبێژە بوونێکی ڕاستینەی لەناو دەقدا هەیە و تەنیا لەناو دەقدا ئامادەیە. حیکایەتبێژ، کە جڵەوی گێڕانەوەی بەدەستە، وەهای لێ چاوەڕوان دەکرێت سەربەخۆ بێت، بەڵام ئەوە ڕۆنەر، یان نووسەر خۆیەتی، کە دەسەڵات بە حیکایەتبێژ دەدات و دەیخاتە سەر ڕاستەڕێی چیرۆک گێڕانەوە. کاتێک ڕۆنەر، ئەم یان ئەو ڕاناو دەخاتە کار، ئەوا بەو کارەی، سەمتی گێڕانەوەی دەستنیشان کردووە.

یەک لەباری خۆم، دەتوانم بڵێم حیکایەتبێژ کوتومت خۆم نیم، بەڵام نێزیکە لە خۆمەوە، لەبەرئەوەی خۆم هەڵم بژاردووە و خۆم کاری گێڕانەوەم پێ سپاردووە. لێرەدا گرینگ ئەوەیە، حیکایەتبێژ بێلایەن بێت و ماوەیەک لە نێوان ئەو و چیرۆکنووسدا بەجێ بهێڵێت، نەبادا دەستبخاتە ناو کارەکەیەوە، کە وا چاوەڕوان دەکرێت، خوێنەر، یان وەرگری وریا بەشداری لەم گێڕانەوەیەدا بکات. بەو واتایەی ئەوی وەرگر، هەڵوێست لە کارەکتەرەکان وەربگرێت، نەک دەقنووس، کە دەکاتە چیرۆکنووس. کەواتە هەر داشکاندن و لایەندارییەک بەلای قارەمانانی چیرۆکدا، لەلایەن نووسەر خۆیەوە بێت، بێ واتایە و بەچاکەی چیرۆکەکەی ناشکێتەوە.

کەسی سێیەمی تاک، لە تافی ڕابردوودا حیکایەت دەگێڕێتەوە، وەلێ ئەو نەخش و کاریگەری لەسەر ئێستا دادەنێ، چونکە ئەو لە ئێستادا و بە بەرچاوی خۆمانەوە چیرۆک دەیگێڕێتەوە. وەلێ

ئەگەر ئێمە، بەوردی زەینی بدەینێ، دەتوانین دووری و نێزیکیی حیکایەتبێژ لە نووسەر خۆیەوە هەست پێ بکەین و کاریگەرییەکانی نووسەریش لەسەر حیکایەتبێژ دەستنیشان بکەین، جا ئەو بە هەر ڕاناوێک چیرۆکی بۆ ئێمە گێڕابێتەوە، یان هەر فێڵێکی لێ کردبێ. حیکایەتبێژیش هەیە وەک ڕۆژنامەنووس چلۆن ڕاپۆرت دەنووسێت، ئەویش ئاوا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. واتە چیی دیوە و چیی بیستووە، بێ کەم و زیاد هەر ئەوانە دەگێڕێتەوە. ئەگەر بڵێی ئەمەیشیان شێوازێکە، گەورە نووسەری وەک مارکیز لە ڕۆمانی (هەواڵی فڕاندن)دا بەکاری هێناوە و سەرکەوتوویش بووە. وای بۆ دەچم، کە گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک، جۆرە گونجاندن و هاوئاهەنگییەک لە نێوان حیکایەتبێژ و خوێنەردا بهێنێتە ئاراوە، کە ڕەنگە خوێنەر بەگیانی خۆشبێت و ئاسانتر بەکەسایەتییەکانی چیرۆکەکە ئاشنا ببێت.

وەلێ چیرۆکبێژ، ڕۆڵی فرە گرینگ لە بنیاتی چیرۆکدا دەگێڕێت. لەمەڕ ڕاستودروستی پێشهات و ڕووداوەکان قەناعەت بەخوێنەر دەکات. لە چیرۆکدا، نامەی چیرۆکنووس هەرچییەک بێت ئەو دەیگەیەنێت. خۆیەتی چیرۆک دەگێڕێتەوە. سەرچاوەی دەنگوباس و زانیارییە و کارەکتەرەکانی چیرۆکمان پێ دەناسێنێت. ئەڵقەی پێوەندیی نێوان چیرۆکنووس و وەرگرە. هەر ئەویشە چنینی چیرۆک لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی ڕێک دەخات و پێشکێش بە خوێنەری دەکات. لە پەیدابوونی پێشهات و مەترسیی نوێ، ئاماژە بەخوێنەر دەدات و کەشوهەوای چیرۆک دەخوڵقێنێت.

ئەگەر لەم ڕووەوە بەراوردێک لە نێوان چیرۆکی کوردی و چیرۆکی عەرەبیدا بکەین، دەبینین چیرۆکی کوردی واقیعیتر و لۆجیکیتر دەکەوێتە پێش زەین و چاوی وەرگر، چۆن؟ نووسەری کورد بەو زمانە دەنووسێت، کە وەرگر ڕۆژانە قسەی پێ دەکات. ئەوەندە هەیە، چەند پێی کرابێت، لە وشەی قەرزکراوی بیانی خۆی پاراستووە و لە ڕووی ڕێزمانیشەوە بێ هەڵە دەقەکەی نووسیوە. واتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان زمانی نووسەر و زمانی وەرگردا، یان لە نێوان زمانی حیکایەتبێژ و زمانی وەرگردا نییە، کە لەمپەری لە نێوانیاندا چێ کردبێت.

وەلێ هەرچی چیرۆکنووسی عەرەبە، بەزمانێکی دروستکراوی ئەوتۆ دەنووسێت، وەرگر ڕۆژانە مامەڵەی پێ ناکات. ئەمەیش کێشە بۆ حیکایەتبێژی ناو چیرۆک چێ دەکات. بۆچی هەموو چیرۆکبێژەکان بە زمانی ستاندارد (فوسحا) چیرۆک دەگێڕنەوە، کە خەڵکەکە خۆیان، ڕۆژانە بە (عامی، جلفە) گوتوبێژ دەکەن؟ ئاخۆ لۆجیکی تێدایە شوانێکی نەخوێندەواری عەرەب بەزمانی موتەنەبی و مەعەڕی و جەواهیری چیرۆکان بگێڕێتەوە، کە وەرگری ئاسایی ناچارە بۆ واتای زۆرێک لە وشەکان (وەک بیانییەک) قامووسی (مونجید)یان بەشوێندا بگەڕێت؟ بڕوانە چ لەمپەرێکی زمان لە نێوان نووسەر و وەرگری ئەواندا هەیە، کە دەقی چیرۆک لە بنەڕەتدا دەقێکی زمانییە.

وتار

# گرووپی دووی کەرکووک

د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم

لە عەرەبییەوە: بورهان ئەحمەد

لە ساڵی (١٩٧٤)دا ئەو کاتەی قوتابیی قۆناخی ئامادەیی بووم، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ژیانی مندا ڕووی دا کاتێک ناسیاویم لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەدیبانی کەرکووکدا پەیدا کرد، کە بریتی بوون لە جان دەمۆ، حەمزە حەمامچی، ئیسماعیل عوبێدی، محەمەد بەدر. سەرەڕای ئەوەی ئەمەی دواییان لەگەڵ کۆمەڵەکەدا بوو بەڵام من هیچ دەقێکی ئەوم نەخوێندبووەوە.

هەر مانگی جارێک ڕەمەزان محەمەد حەدیدی لەناو گرووپەکەدا ئامادەیی هەبوو، ناوبراو ئەفسەری سوپا بوو، دوای ساڵێک لە یەکتربینین لەگەڵ ئەودا، ئەوسا زانیم کە ئەو لە بواری سەربازیدا کار دەکات، ئەو هەوڵ و کۆششی زۆری دا تاوەکو ببێ بە ئەدیب، بۆ ماوەیەک خەریکی نووسینی شیعر بوو، بەڵام پەروەردەی توندی سەربازی لە سەرەتای شەستەکاندا بووە مایەی ئەوەی کە نەتوانێ بەتەواوی تێکەڵ بە ئەدەب ببێ، هەر بۆیە دوور و نێزیک وەک چاودێرێکی ئەدەبی مایەوە، تا لە کۆتاییی نەوەدەکاندا بە پلەی لیوا خانەنشین کرا، جارێکیان پاش ئەوەی کۆمەڵێک ئەدیبی بردبوو بۆ هۆڵە نایابەکەی یانەی ئەفسەران. لەسەر ئەو کارەی لەلایەن سەرووی خۆیەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا کرابوو. دوا جار کە لە ماڵەکەی خۆیدا سەردانیم کرد هاوینی ٢٠٠٤ بوو کە تەواو سەرقاڵ بوو بە نووسینەوەی کتێبێکی گەورەی مێژوویی لەبارەی کەرکووک لەو ڕۆژەوەی بە(ئەرابخا) ناسرابوو.

لەناو ئەو کۆمەڵەیەدا (فارووق مستەفا) دیارترین و سەرنجڕاکێشترین کەس بوو، لە هەمووان زیاتر عەرەبیی دەزانی، چونکە ئەو مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، لە سەرەتای حەفتاکاندا لە وڵاتی جەزائیر وانەی عەرەبی-ی وتبووەوە، ئۆتۆمۆبێلێکی ڕەنگ پرتەقاڵی هەبوو، بەتەنیا

بەشــەقامــەکانی شــاردا دەســوورِایەوە، ئێـمــەش بەقــاوەخــانە هـاوینییەکانی شـاردا دەگەرِاین، وەک پاشـمـاوەیەکی لەبیرکراوی رەگەزی مـرۆڤ لە چاخانەکاندا کەڵەکە دەبووین، فارووق بۆ وڵاتی ئەنادۆڵ و رۆهـەڵاتی ئـەوروپا گـەشـتـوگـوزاری دەکرد و دەگـەرِا، لە گەرِانەوەیدا باسـی لەو سـەرکێشـییـانەی خۆی دەکرد کە گرِی لە جەستەی ئێمە بەردەدا. شیـعری جوانی دەنووسـی، کە لە جوانیدا هەر لە خۆی دەچوون، دواجار کتێبێکی بە چاپ گەیاند لەبارەی گرووپی یەکـەمی کـەرکـووک، کـە هـاوقـۆنـاخ و هـاوسـەردەمی خـۆی بوو. گرووپی دووەمی کـەرکـووک وەک گـرووپی یەکـەمی کـەرکـووک ناو و ناوبـانگی ئەدەبـیــان نەبوو، کـە ئـەمـان لە شـەسـتــەکـاندا دامــەزرابوون و برێتی بوون لـە جـەلیـل قـەیسـی، سـەرگـۆن پۆڵس، فازل عەزاوی، جان دەمۆ، ئەنوەر غەسـانی، موئەیەد راوی، سەلاح فایەق، یوسف حـەیدەری و یوسف سـەعید. ئەو گرووپە هـەموویان عێراقیان بەجێ هێشت، جگە لە قەیسی و حەیدەری کە توانییان بەســەر  هـەمـوو شــتێکدا لەناو وڵاتە تەڵبـەندکـراوەکەی خـۆیاندا ســەرکـەوتن. جـان دەمـۆ پاشـمـاوەی گـرووپی یەکـەم بوو، بەڵام بە پێشـــەوای گـرووپـی دووەم ئـەژمـار دەکـرێ، ئـەو کـەســایـەتـیــەکـی ســەرسـورِهێنەری هـەبوو، بە ئـەدیبـێکی بێ ئەدەب ناوزەد دەکـرا، وەکو وەرگـێرِێک هـەمـوو کـات فـەرهـەنگێکی لە گـیرفـاندا بوو بە دوای مـانای وشـەکـاندا دەگـەرِا، کـەسـێکی لەرِ و لاواز بوو، زۆری باوێشـک دەدا، هـەروەکو (دۆنکیـخـۆتـە) بەخـەیاڵە ئەدەبییـەکان پرِ بووبوو. کــە چوار ســــەدە بەر لە ئەو نووقــــمی نـاو رۆمــــانی سوارچاکەکان بووبوو.



جان دەمۆ



جەلیل قەیسی

وەلێ ئـیسمـاعیل عوبێدی و حـەمزە حەمـامچی دوو ئەزمـوونی جیـاوازیان پیادە کـرد، سـەرەتا لە شـەسـتـەکـاندا لەنـاو (اخـوان المسلمین) خـــویان رێک خـــست، پاشـــان چوونـە نـاو حـــزبی شــیـوعـیــیــەوە، وەخـتـێک  بـەوان ئاشنا بووم، ئـەوان دوو کـەسـی رووخـــاو و پـەراگـــەنـدە و برسـی بـوون، لە هـەمـــوو ئایدیایەک دابرِابوون، رِابردووی خـۆیان دەجـوییـەوە، بەڵام بەدر و حـەیدەری دووانـەیەکـی تریان پێک هـێنابوو، وەک دوو فــەرمــانبــەر لە داوودەزگاکـانی دەوڵەت دامـەزران و، پاشـان وردەوردە پلەکـانیـان

بەرز کرایەوە و، سەرئەنجام دووەمیان بوو بە بەڕێوەبەری بەشی بەرگریی ئاسمانی لە یەکێک لە ناوچەکانی عێراق، یەکەمیشیان بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بە بەڕێوەبەری سەرژمێری لە کەرکووک.
ئەمەش بووە دەسکەوتێکی مادی بۆی کە توانی لەو چوارچێوەیەدا لە نێزیک شار کێڵگەیەکی گەورەی پەروەردەیی پەلەوەر بکڕێ، لە سەرووبەندی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، وەختێک تالان و بڕۆ، بێ سەرەوبەرەیی گشت جێگەیەکی گرتەوە، ئیدی هەموو کێڵگەکەی و ماڵەکەی سەرپاک تالان کرا، ئەویش بۆ ڕزگارکردنی خۆی و خانەوادەکەی گەڕایەوە گوندی (تل الورد) کە دەکەوتە ڕۆژئاوای کەرکووکەوە و مەڵبەندی عەشیرەتەکەی و شوێنی لەدایکبوونی بوو، لە گەڕانەوەی یەکەمم بۆ عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) ئەوم لە خانوویەکی قوڕ لە گوندەکەی خۆیدا دۆزییەوە، نێزیکەی کاژێرێک پێکەوە قسەمان کرد و گەڕاینەوە ناو یادەوەرییەکانی خۆمان، پاشان شاعیرێکی ئەرمەنی بەناوی (خاچیک گەرەبیت ئایدنجیان) پێوەندی بە گرووپەکەوە کرد، خاچیک کۆمەڵێک شیعری درێژی پڕ پێچ و پەنا و ئاڵۆزی نووسی، کە ئیلهامەکەی لە مێژووی ئەرمینیاوە وەرگرتبوو، پاشان دیوانێکی ئامادەی چاپ کرد بە ناوی (الحشرة ألافيونية) هەر خۆیشی ئەرکی چاپکردنەکەی لە یەکێک لە چاپخانە سەرەتاییەکانی کەرکووک لە ئەستۆ گرت، هەروەک چۆن شاعیری ئەو شیعرانە عەرەبیزانێکی خراپ بوو، هەر ئاوهاش ڕێکخەری پیتەکان لە چاپخانەکەدا هەر دوو پیتی سین و شینی لە یەکتر جوودا نەکردبووەوە، بۆیە کۆمەڵە شیعرەکە لەژێر ناونیشانی (الحسرة الافيونية) بڵاو بووەوە. ئەمەش بەوە لێکدرایەوە کە بەرئەنجامی ئاه... و حەسرەتەکانی شاعیرە بۆ نیشتمانەکەی کە تەنیا بووەتە یادەوەری و هیچی تر بۆی، ئەم دیوانە شیعرییە بە نووسین و وێنە کێشراوەکانی سەر بەرگەکەی کە بە دەست نووسرابوون و کێشرابوون لەسەر ڕەفەیەک و لە گۆشەیەکی کتێبخانەی (الطليعة) مایەوە بەبێ ئەوەی یەک دانەی لێ بفرۆشرێ. لە ڕۆژنامەی (الراصد) وتارێکم لەسەر نووسی، کەچی ئەوەش هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو. ئەگەر بیهێنینە خەیاڵ خۆمان کە شاعیرێک لە زمانی عەرەبی کۆڵەوارە و شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ڕێزمان و ڕەوانبێژیی زمانەکە نازانێ دەبێ چۆن شیعرێ بنووسێ، هەروەها مانای گەلێک وشە و زاراوەی نەدەزانی، بۆ نموونە لەبری ئەوەی بڵێ (مەلیک فەیسەڵی دووەم) دەیگوت (مەلیک دوو فەیسەڵ) بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەگوێرەی ئێمەوە و بەپێوەری ئەو ساڵ و سەردەمە زێڕینانە باشترین شاعیر بوو، لەو سەردەمەی لاوێتیمدا خاچیک زلترین و کۆکترین پیاوێک بوو کە من دیبێتم، کەسێکی جوان و هەست ناسک بوو، لە کۆمپانیای نەوتی باکور وەک فەرمانبەرێک کاری دەکرد، هەردەم بەسواری پایسکل بەشەقامەکانی کەرکووکدا دەگەڕا، بۆینباغێکی پانی دەبەست و هەوا بۆ پاشەوە یاری بەبۆینباغەکەی دەکرد، ئەستێرەیەکی شەقامی کۆماری بوو، بەردەوام بیر و هۆشی بەرەو ئەرمینیا دەفڕی، لە سەرەتای هەشتاکاندا بەرەو ئەڵمانیا کۆچی کرد، ژنە پەرستیارە بچووکەکەی (ئەستەر) و کوڕەکەی (هایکاز)ی بەجێ هێشت، ماڵە کۆنەکەی دەکەوتە کۆتاییی کۆڵانێکی داخراوەوە بەرانبەر بە سینەما حەمرا، دوای چارەکە سەدەیەک ئینجا زانیم کە ئەو لە

ولاتی ئەڵمانیا گیانی لە دەست داوە، بەبێ ئەوەی بتوانێ چاوەکانی بە بینینی چیاکانی ئەرمینیا برێژێ سەری ناوەتەوە. ئەو لەگەڵ خانەوادەکەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئاکامی ئەو قڕکردنەی دژی ئەرمەنەکان پیادە کرابوو گەیشتبووە کەرکووک. هەموو کات گرەوی لەسەر ئەوە دەکرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک شاعیری داستان ئامێزی نەتەوەی ئەرمەن دەناسرێ، وەک چۆن هۆمیرۆس لە لای گریکەکان، موتەنەبی لای عەرەب و فیردەوسی لای فارسەکان ناوبانگیان هەبوو، ئەمیش لە لای ئەرمەنەکان ئاوها ناسراو و ناوبانگ دەردەکا. بەڵام دڵنیا نیم لەوەی کە کەسێک لە ولاتەکەی خۆی لە ئەرمینیا بەمەی زانی یان نا. حەمزە حەمامچی لە یەکێک لە گەرماوەکان کە بە تەنیشت ماڵەکەی خۆیەوە بوو کاری دەکرد، وەختانێک لە ماڵەکەی خۆی، کە خانوویەکی تەنگ و تاریک بوو سەردانیم دەکرد، لەبەر تەنگیی ماڵەکە و شوێنەکە زۆرجار لە کۆڵان دەوەستاین و قسە و گفتوگۆمان لەبارەی سارتەر، مارکس، ڕامبۆ، تروتسکی دەرکرد و باسمان لە جیاوازی وێنەی خوا لە ناو تەورات و قورئاندا دەکرد، گەلێک جاریش لەبارەی جەلالەدین رومی، ئیبن عەرەبی، سەهرورییەوە مشتوومڕمان دەبوو، هەروەها بە سەردانەواندنەوە لەبارەی جوێس و بروست دەدواین. هەمزە قەسیدەی پەخشانی دەنووسی کە پڕبوون لە نامۆیی، هەندێکیانی لە کۆواری (الكلمة)دا بڵاو کردەوە، کە ئەو کۆوارە بۆ ئەو سەردەمە بە بەناوبانگترین کۆوار ئەژمار دەکرا. پاشان چەند بەشێکی لە ڕۆمانێک بە زمانی تورکمانی بڵاو کردەوە، ناونیشانی ڕۆمانەکە برێتی بوو لە (گایەکانی بەهەشت). بەڵام دوای زیاتر لە دە ساڵ دەرکەوت کە ناوونیشانی ڕۆمانەکە لە یەکێک لە بەشەکانی ڕۆمانی (یۆلیسیس)ی جیمس جۆیس وەرگیراوە. لە ڕۆژژمێرەکەمدا قەسیدەیەک لەژێر ناونیشانی (هەندێ وردەکاری لەبارەی کوشتنی هەمزە ساڵح) کە لە ڕۆژی ۱۹۷٦/۹/۲۰ نووسیومە و ئەو کات لە شەقامەکاندا بە خەمەوە دەمخوێندەوە بۆ هاوەڵەکانی ناو گرووپەکە و قەسیدەکە کەیل بوو بە تووڕەیی بەرانبەر بە جیهان.

لەوە. بچووکتری

هاوارت بەرەو ڕووی کارەساتی سپی بکەیتەوە

چونکە شەوەکانی تۆ

هەروەکو شەپۆلە درەوشاوەکان

لە پشت لەکانی کەنارەوە تێ دەپەڕن

چونکە تۆ

بە کاسێتەکانی گوناە ژێر دەبیتەوە

هەر لەبەرئەوەی گڵگۆکەت مەزنە

بە دوایدا مەگەڕێ

سۆراخی بکوژەکەت مەکە،

چونکە گەورەیە

به دوای چ شتێکدا مەگەڕێ

چوون جیهان سەراپا تاوانبارە.

ئیسماعیل ئیبراهیم عوبێدی، به پێسته لۆکەیی و، هێمنییه فریشتەییەکەیەوە کە فەرمانبەر بوو لە شارەوانیی کەرکووک، لەسەر بەڵێنێک مابووەوە وەک عەرەبێک شیعری بە تورکمانی ڕێک دەخست و چیرۆکەکانی بە زمانی عەرەبی دەنووسییەوە لە گێڕانەوەیەکی داهێنەرانە بۆ واقیعی تشیخۆف، چوون ئاوێتەبوونی فەرهەنگی و تێکەڵی مرۆیانە ئێمەی لە هەموو بیرکردنەوەیەکی بەرتەسکی تایبەتی دوور خستبووەوە، ئیدی بۆ ماوەیەکی دوور بەم شێوەیە درێژەمان بە هاوەڵیی دەدا بەبێ ئەوەی پرسیاری ئەو دووفاقییەی زمانی لێ بکەم، ئێمە ئاوها دەژیاین بەبێ ئەوەی سەر بە هیچ ڕەگەزو ئاینێک بین. لەناو ئەدیبە ناعەرەبەکان نازناوی عەرەبی باو بوو، باشترین نموونەش خانەوادەی عەزاوی بوو، لەوانەش فازڵ عەزاوی کە بە زمانی عەرەبی دەینووسی، ئێمە ئەومان وەک هەڵگری ناسنامەی شاری ریزبەند کرد، چوون کەرکووک قاڵبێکە لە فرەیی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و کلد و ئاشوری، هەروەها هەموو ئاین و تایەفەکان دەگرێتە خۆی. هەر بۆیە ئیسماعیل عوبێدی بە نموونەیەکی باڵا ئەژمار دەکرا کە بە دوو زمان بیری دەکردەوە و دەینووسی، لەناو کۆمەڵەکەدا کاریگەرترین کەسێک بەگوێرەی منەوە جان دەمۆ بوو، کە بەر لە ساڵێک لە بەیروت گەڕابووەوە، لە کتێبخانەکانی شاردا کە ئێمەی کۆ دەکردەوە یەکترمان ناسی، لە قاوەخانەکاندا بەردەوامیمان بە دیدارەکانمان دەدا، جان ناوی نووسەر و شاعیرە سەرسامکەرەکانی بەشێوەیەک دەهێنا، وەک ئەوەی لەگەڵ ئەواندا لە یەک باخچەی منداڵاندا پەروەردە بووبێ، فیکەیەکی درێژی لێ دەدا کاتێک ناوی یەکێک لە تێکستەکانی ئەوانمان دەهێنا، لە هەمان کاتدا ئەو ناوانانە بووبوونە مایەی جۆرێک لە ترس و هەیبەت لەلای ئێمەدا، وەک ئەوەی ناوی کۆمەڵێک لە پیاوچاک و قەدیسەکان بن، چون من تازە هەستم بەلایەنی ئەم کیشوەرە ئاڵۆزە کردبوو، وەختێک حەمزە و ئیسماعیل دەرکیان بە وابەستەیی من بەرانبەر بە کتێبە سەردییەکان کرد، پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردم کە هەندێ لە زەخیرەی زانیارییەکانیان بە من بفرۆشن، هەر بۆیە هەندێ ڕۆمانی گرینگ و نرخەکانیان بۆ دەستنیشان کردم، منیش هەروەکو دەروێشێک ئەو ڕۆمانانەم دەکڕی و، خۆم بەمنەتباری ئەوان دەزانم، ئەو گرووپە وەچە ناوەندییەی کە بە هەمان ڕێچکەی تایبەتی گرووپی کەرکووکی یەکەمدا ڕۆیشت، ئەو گرووپەی بۆ هەموو جێگەیەکی دنیا کۆچیان کرد و بڵاو بوونەوە.

وەرگێڕ خەبات عارف :

# وەرگێڕان لە باشترین حاڵەتدا نووسینەوەی نووسینی کەسانی ترە

سازدانی: حەمە مەنتک

هیچ میللەتێک هێندەی کورد پێویستی بە وەرگێڕان نییە، لێ ئیدی زۆرن ئەوانەی کاری وەرگێڕان دەکەن، لە حەز و خووەوە بیگرە تا خەم. بۆیە ئەو پێویستییە وای کردووە کاری وەرگێڕان، وەک زۆربەی چمکگەلەکانی تری ژیان لە پاشاگەردانی و بێ بەرنامەیی و کرچ و کاڵی بەدەر نییە، بەڵام ناوبەناو کاری ناوازە و خەڵکی بەتواناش دەبینی ئەو کارە دەکەن.. خەبات عارف یەکێکە لەو قەڵەمانەی کە پاشخانێکی ڕۆشنبیریی دەوڵەمەندی هەیە و دەست بۆ کاری قورس دەبا و لێهاتووانە بەرهەمیان دێنێ. لەم ڕووەوە زیاتر حەزمان کرد لە نێزیکەوە بیدوێنین.

* مامۆستا شوکر مستەفا بۆ کاری وەرگێڕانی خۆی دەڵێت: "من لە پێشان دێم لاپەڕەیە، دوو لاپەڕە دەخوێنمەوە و چاکی تێ دەگەم ئەوجا دەقەکە لە پێش چاوم لا دەدەم. کە لە مێشکم نەخش بوو دێم بە کوردییەکەی خۆمی دادەڕێژمەوە، زۆرجار کوردییەکەی خۆم پێ چاترە" واتە وەرگێڕان لای مەلا شوکر جۆرە دانانێکە نەک وەرگێڕانێکی خواسایی، وەرگێڕان لای تۆ چۆنە و چۆن دەکەوێتەوە؟

– ئێستا ناچمەوە سەر ئەوەی مامۆستا مەلا شوکر، ئەو پیاوەی کە نابێت خۆی و هەوڵەکانی، هەرگیزاوهەرگیز، لە بیر کەسمان بچنەوە، لە چ پێوەندییەکدا ئەو قسەیەی کردووە و دڵنیاشم، وەک هەموو کات، بەوپەڕی وردی و وریاییيەوە، ئەو قسەیەی کردووە؛ بەڵام ئەوەی ئەو لەو پێوەندییەدا دەیڵێت بەشێک لە کاری وەرگێڕانە و بەشێکی کەمیش. منیش هەندێک جار بەو

شێوەیەی مامۆستا کار دەکەم و ــ لێرەدا بە هیچ جۆرێک مەبەستم لە بەراوردکردن نییە ئەمیان بە تایبەت لەگەڵ وەرگێڕانی بابەتە ئەدەبییەکاندا دێتەوە، بەڵام قەت کوردییەکەی خۆمم پێ چاکتر نییە و نابێت پێم چاکتر بێت، لەبەرئەوەی من وەک وەرگێڕ بەرپرسم لە بەرانبەر ئەوەدا کە بابەتێک وەک خۆی، ئەگەر لە توانستمدا بێت و بکرێت، وەربگێڕم و لەوەیش زیاترم لێ داوا ناکرێت. دەبێت وەرگێڕانەکە بە کوردییەکیش بێت، کە بەر لە هەر کەسێک، خۆم تێی بگەم و پێم کوردییەکی ڕەوان بێت. هەندێک جاری تریش وەرگێڕان، لای من، بەو بارەدا دەشکێتەوە و شکاوەتەوە کە دوای خوێندنەوە و لێتگەیشتنی بابەتێک، دێم و دیسان بڕگە بڕگە بابەتەکە دەخوێنمەوە، لەبەرئەوەی ئێستا لە بیری وەرگێڕانی دام و ئیتر لەبەرەوە، دێڕ بە دێڕ، وەری دەگێڕم و دوای لێبوونەوەیش لە بڕگەیەک، بەبێ ئەوەی کارم بە نێوەڕۆک و داڕشتنی بابەتەکەوە هەبێت و بیری لێ بکەمەوە، وەرگێڕانەکەی خۆم دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بزانم کوردییە یا نا. ئەگەر کوردی بوو، کوردییەکی خۆش! ئەوە دەگەڕێمەوە سەر بابەتە سەرەکییەکە و بەراوردیان دەکەمەوە بۆ ئەوەی دڵنیابم کە هیچ وشەیەکم لە بیر نەکردووە یا بە هەڵە وەرنەگێڕاوە. ئەمجا دوای دڵنیابوون، بەردەوام دەبم و کە هەموو بابەتەکەیشم بە تەواوی وەرگێڕا، دیسان هەمان بەراورد دەکەمەوە و ئەو هەڵەوپەڵە و کەموکوورییانە بژار دەکەم کە لە وەرگێڕانەکەمدا هەن و بەرئەنجامیش بۆ ماوەیەک لای خۆم دەیهێڵمەوە، بۆ ئەوەی دواتر بگەڕێمەوە سەری و بیخوێنمەوە. ئەمجا ئەگەر بە تەواوی بە دڵم بوو، پێش بڵاوکردنەوەی، ئەگەر بۆم بڕەخسێت، پێشانی هاوڕێیەک یا چەند هاوڕێیەکی دەدەم و دوای ڕەچاوکردنی تێبینی و سەرنجەکانی ئەوان بۆ بڵاوکردنەوەی دەنێرم. ئەمیشیان بە ترس و لەرزێکەوە کە تا ئەو کاتەی وەرگێڕانەکەم دەخوێنمەوە، دەستم لەسەر دڵمە! ڕەنگە تۆ خۆیشت بزانیت ئەو ترس و لەرزە لە چییەوەیە و لەبەر چییە! سەیرکردنێکی ئەو شتانەی بە کوردی بڵاو دەکرێنەوە، ڕەوایی ئەو ترس و لەرزە دەسەلمێنێت. ئەمجا ئەگەر ڕاستیشت دەوێت، پێم وا نەبووە و نییە کە وەرگێڕان دانان بێت. وەرگێڕان لە باشترین حاڵەتدا نووسینەوەی نووسینی کەسانی ترە و تەنیا داوایەکیش کە لەو نووسینەوەیە دەکرێت ئەوەیە ڕەوان و خۆش بێت و خەڵک دوای خوێندنەوەی چەند دێڕێک بێزار نەبن و لەگەڵ خوێندنەوەکەیاندا بەردەوام بن.

* ئەگەر وەرگێڕان نووسینەوەی نووسینی کەسانی تر بێت، ئاخۆ ئەمە کار ناکاتە سەر شێوازی نووسەر، یان ئازادیی وردە دەسکاریکردن بۆ وەرگێڕ ڕەوایە کە شێوازەکەشی دەگرێتەوە؟

– ئەگەر ئێستا لەسەر ئەوە ڕێک بین کە وەرگێڕان نووسینەوەی نووسینی کەسانی ترە، دەگەین بەو ئەنجامەیش کە نووسینەوەی نووسین، ئەگەر لە سەرەتا و لە هەوڵە سەرەتاییەکانی وەرگێڕانیشدا نەبێت، لەگەڵ بەردەوامبووندا، بە ناچاری، وەرگێڕ دەخەنە سەر ڕاستەڕێی بەکارهێنانی چەند شێوە یا شێوازێک و ئیتر لەبەرەوە نووسینەوەکانی ئەو وەرگێڕە لای خەڵک بەو

شێوە و شێوازانەدا دەناسرێنەوە. شێوە و شێوازیش تا چەند لە شێوە و شێوازی نووسینە سەرەکییەکەوە نێزیک بن، هێند زیاتر وەرگێران بەرەو ڕاستەڕێ و ئامانجی خۆی دەبەن، کە ئەوانیش ڕێی گەیشتنە بەرەو وەرگێڕانێکی، ئەگەر کرا و لە توانستدا بوو، کتومتی بابەتە سەرەکییەکە. لێرەیشدا بەڵام، دەبێت ئەوەمان هەر لە بیر بێت کە وەرگێڕ لە زمانێکی ترەوە وەردەگێڕێت و خەریکە بە زمانی بۆوەرگێڕدراو دەنووسێت، بۆیە دەبێت و مەرجی سەرەکییە کە زمانی نووسینەکەی خۆش و ڕەوان بێت. ئاشکرایشە ئاست و دەستەڵاتشکان بەسەر توانست و بارهێنانەکانی زماندا لە وەرگێڕێکەوە بۆ وەرگێڕێک دەگۆڕێن و ئەمانەیش بە جێی خۆیان، پێکەوە، بەشێک لەو شێوازە پێک دەهێنن کە تۆ لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێ کردووە. هەر ئەمەیشە کە جۆرە ئازادییەک، نەک ئازادیی وردەدەستکاری، بۆ وەرگێڕ دەهێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بتوانێت، ئەگەر نەیتوانی کتومت شێوازی نووسەر بەسەر وەرگێڕانەکەیدا بسەپێنێت، شێوازێک بدۆزێتەوە کە تا ڕادەی لە توانستدا بوون نێزیک بەو شێوازە بێت کە نووسینەکەی پێ نووسراوە. ئەمەیش بەرانبەر بە وردەدەستکاری نییە و بۆ وەرگێڕ نییە وردەدەستکاری بکات، بە تایبەت ئەگەر ئەو وردەدەستکارییە ببێت بە هۆی گۆڕینی نێوەڕۆک یا مانای نووسینەکە. ئێمە زۆرجار دەبینین هەمان وەرگێڕ، دیسان بەپێی توانست و



دەستــەڵاتشکان بەســەر ڕێزمــان و زمــانی بۆوەرگــێـردراودا، لە بابـەتێکەوە بۆ بابـەتێک چـەند شـێـوازێکی وەرگـێـڕان بەکـار دەهێنێت. ئەمــانەیش جـیـاوازی و جـۆراوجـۆریی بابەتـە لێـوە وەرگێڕدراوەکان دەیانسەپێنن و لە دەسەڵاتی وەرگێڕ خۆیدا نییە. ئەوەی لە دەسـەڵاتی ئەودایە، ئەوەیە کە دەزانێت و هۆشیارە بە جیاکردنەوەی شێوازە جیاوازەکان و دەستەڵاتیشی هێند بەسەر زماندا دەشکێت کە لە خزمەتی دۆزینەوەی خەسڵەتە تایبەتەکانی ئەو شێوازانەدا بەکاری بهێنێت. نەک هەر ئەمە، بگرە زمان هێند وریایانە لە خزمەتی دۆزینەوەی کون و کەلەبەرەکانی ئەو شێوازە جیاوازانەدا، بەپێی جیاوازیی بابەتەکان، بەکار دەهێنێت؛ کە ئەنجام شێوازی وەرگێڕانی ئەوی پێ دەناسرێتەوە. ئەمانە پێکەوە، لە چاوی منەوە، چەند خەسڵەتێکن لە کۆخەسڵەتەکانی وەرگێڕانی چاک و سەرکەوتوو و هیی تریش هەن.

* زۆربەی وەرگێڕەکانمان یان زمانزان "بە مانای زانستیی زمان"، یان کوردیزان نین. بە ڕای تۆ زانینی ئەم دووە پێکەوە لە ڕێی بەکاربردنی دە وەرگێڕاندا تا چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکات؟

– کوردیزانییەکە لە زمانزانی "بە مانای زانستی زمان" و هەرچی مانایەکی تریش کە لەوێدا جێی دەبێتەوە گرینگترە. مەبەستم لەم قسەیە ئەوە نییە لە نرخی زمانزانی و جێورێی گرینگی ئەو لە وەرگێڕاندا کەم بکەمەوە، بەڵام کەم وەرگێڕ هەن، بە مانا زانستییەکەی زمانزانی، زمانزان بن. هیچ خەوش و کەموکوورییەکیش لەمەدا نابینم و نییە و زمانزانی مەرجێک لە مەرجەکانی وەرگێڕان، چ وەرگێڕانی باش چ خراپ، نییە؛ بگرە ئەرکی سەرەکیی وەرگێڕ گەیاندنی نێوەڕۆک و شێوازی بابەتێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و شارەزاییش لە دیوە دیار و نادیارەکانی ئەو دوو زمانەدا و دەستەڵاتشکان هەروەها بەسەر هەردووکیاندا کاری وەرگێڕ بە جێیەک دەگەیەنێت کە لە ئاکامدا هەم خۆی پێی خەنی دەبێت و هەم ئەوانەیش "زمانیان زیاتر دەپژێت!" و دڵیان دەکرێتەوە کە دواتر بابەتەکە دەخوێننەوە. ئەمە دەڵێم و لەوەیش دڵنیام کە ئەگەر هات و ئەو دووە پێکەوە؛ کوردیزانی و زمانزانی، لە وەرگێڕێکدا هەبن ئەوە لە چاکە و "خێر و بەرەکەت!" زیاتری لێ نابێتەوە. هەر ئێستا کە نەختێک زیاتر بیر لە پرسیارەکەت دەکەمەوە، ئەوەم بە بیردا دێتەوە و دڵنیاتر دەبم لەوەی کە ئەوانەی تا ئێستا توانیویانە خزمەتێک بە زمانی کوردی بکەن، هەر ئەوانە بوون کە کوردیزانێکی چاک بوون، بە تایبەت ئەوانەی کە کوردیزانییەکەیان لە سنووری شێوەزارێک زیاتری تێپەڕاندووە. ئەمیان لە جێی خۆیەوە و لە جێیەکی تریشەوە کاری ئەو کەسانە بووە و دەبێت بە بنکە و پێگەیەک کە لە ئەنجامدا تا ڕادەیەک گوڕوتینێکی بە توێژینەوەی زمان و هەروەها بە زمانزانیش داوە و دەدات. کەواتە زمانزانییەکە بە دوای کوردیزانییەکەدا دێت و دیسان کوردیزانییەکە سەرەکییە بۆ هەردووکیان، بەڵام با ئەوەیش لە بیر نەکەین کە کوردیزانیش لە ئەمڕۆدا نابێت و ناکرێت هەر لەو سنوورەدا بهێڵرێتەوە کە تا ئێستا پێمان گەیشتووە. دەمەوێت

بڵێم: "ئەوەی زارەکی و نووسینەکی بۆمان ماوەتەوە، لەمەودوا ئیتر بەشمان ناکات و بەسمان نییە. ڕێک بەپێچەوانەوە، ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە سەردەمی بانگەشەی مردن یا نەمانی زمانەکانە و دەبێت، ئیتر لە ڕووی ناچارییەوە بێت یا هەڵبژاردەی خۆمان، لەسەر ئەو کوردیزانییەی جاران هەڵچنین و لەگەڵ داواکانی ئەمڕۆدا بیگونجێنین، دەنا لە زۆربەی بوارەکاندا دادەمێنین، دوا دەکەوین و دەبینە هەڵگرانی ڕێڕەوی کەونارایی و کۆنەخوازی و لە تۆیش ئاشکرایە و لە منیش، کە لەمەدا تەنیا بەجێمان و نەمان دەکەوێتەوە و هیچی تر." بە کورتییەکەی و کوردییەکەی: "یا نەمان، یا زمان!" کەواتە: "ئێمە هەر هەموومان، وەرگێڕان و نووسەران و ئەوانی تریش لە بەردەم دوو ئەرکی سەرەکیداین – ئەمە بێجگە لە کۆمەڵێک ئەرکی تر– هەم گەیاندنی ئەو کوردییەی کە بۆمان ماوەتەوە و هەم هەڵچنین و پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی ئەو کوردییە." ئەمجا ئەمەمان چەند و چۆن پێ دەکرێت، دیسان لە چاوی منەوە، هەر کوردیزانییەکە بنکە و پێگەیە و دەبێت لەوێوە پێ هەڵگرین و هەر لەوێیشەوە لە هەوڵ و پلوپای ئەوەدا بین لە ئەمڕۆ و داهاتوودا شتێک بە شتێک بکەین و لەمەیش زیاتر شتێکی تر بە هانامانەوە نایەت، ئەگەر بڕیارە و دەمانەوێت خزمەتێک بە زمانی کوردی بکەین.

* باست لەوە کرد نابێت هەر لەسەر ئەو کوردییەی کە بۆمان ماوەتەوە کار بکەین، لەبەرئەوەی لە پێشکەوتنی بوارەکانی ژیان جێ دەمێنین، بە ڕای تۆ زمانی کوردی لە ئاست چەمکە فیکری و فەلسەفییەکاندا هەژارە؟ دەبینین لە وەرگێڕانی کتێبە فیکری و فەلسەفییەکاندا چەندان وشە و زاراوە داتاشراو و دروستکراون، ئەم وشە و زاراوانە تا چەند خزمەتیان بە زمانی کوردی کردووە؟

– زمانی کوردی لە ئاست چەمکە فکری و فەلسەفییەکاندا نەک هەژار، بگرە زۆرجاران دەستەوسان و لەویش زیاترە. ئەمە دەڵێم و دڵنیایشم لەوەی کە هەر ئێستا "پاشایانی ڕووتوقووت!" هەندێکیان لەم قسەیەم تووڕە دەبن، هەندێک زویر و هەندێکیشیان پێیان وایە "فەرمایشت!" دەدەم، بەڵام چ خەم! خەمی من ئەمیان نییە و ئەمەیە: "ئێمە ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت، زمانیش وەک هەموو شتێکی تر لە گۆڕانی بەردەوامدایە و لەسەر گۆڕانی خۆی بەردەوام دەبێت، دەبێت نە خۆمان لەو گۆڕانە نەبان بکەین و نە چاوی خۆمانی لە ئاستدا ببەستین. ڕووتین ئیتر!" خۆنەبانکردن و چاوی خۆ بەستن، لە دڵی خۆ خۆشکردن بە کۆن و لە جێی خۆدا ڕاوەستان و "خۆپۆشتەبینین!" زیاتر، بە هیچی ترمان ناگەیەنن. تۆ دەزانیت، منیش و لە کەسیش شاردراوە نییە کە زۆربەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان، تا دوێنێ و تا ئەمڕۆیش، نەک بە زمانەکەی ئێمە نامۆ بوون و نامۆن، بگرە هەر نین و نەیشبوون. – ئەم قسەیەیش دیسان خەڵکانێکم لێ "خۆش!" دەکات، بەڵام دیسان چ خەم! نین و نەبوون و ئەم نەبوونییەش تا ئێستا، لە ناچاریدا، بە دوو جۆر چارەسەر کراوە. یەکەمیان: ئەو چەمکانە خۆیان لە زمانەکانی تردا چۆنن، هەر ئاوهایش،

کوتومت، بۆ ناو زمانی کوردی ڕاگوێزراون و لەمەیشدا چ دەسترەنگینی و کارامەیی و لێزانی و "گۆڕان!"ێک نییە، یا من کوێراییم داهاتووە و نایبینم! خراپ لێم تێ مەگە و مەگەن، بەوپەڕی بەئاگاییەوە ئەمە دەڵێم: "کوردەکانی تورکیا لەمەیاندا دەسترەنگترین و کارامەترین و لێزانترین و "بگۆڕ!"ترین کوردن!". دووەمیشیان: پەنابردنە بەر داتاشین و دروستکردن بووە و تا ئێستایش هەروەهایە، لەلایەن ئەو کەسانەوە کە لە بوارە جیاجیاکانی زمان و وەرگێڕاندا کارا بوون و کاران. ئەگەر دانەتاشن و دروست نەکەن، ئەی چی بکەن؟ ئەمجا هەندێک لەو دروستکردن و داتاشینانە جێی خۆیان کردووەتەوە و هەندێکیش نا. بە دڵنیاییەوە، ئەوانەیان کە جێی خۆیان کردووەتەوە، ئەوانەن – ئەگەر لە بەراییشدا وشکوبرینگ بەر هەستەکانمان کەوتبن و تا ئێستایش بکەون – بەڵام هەر ئەوانەن و ئەوانە بوون کە لە کانیاوی ڕوون و ڕەوانی زمانەکەیان خواردووەتەوە و ئەنجام پێی سەوز و گەورە بوون و ئێستا، لێیان بە ئاگا بین یا نا، زۆربەمان بە کاریان دەهێنین و ئێمە و زمانەکەشیان دەوڵەمەند کردووە و ترسمان لە بەکارهێنانیان شکاوە. ئەوانی تر بەڵام، کە دەستیاوی داڕشتن و دروستکردنی ناشیانەن و ڕەگوڕیشەیان ناچێتەوە سەر مێرگی پاراوی زمانەکە خۆی و ئەگەر، لە ئێستادا هەندێکمان بە کاریشیان بهێنین، لە داهاتوویەکی نێزیک یا دووردا، کە باشتر لێیان تێ دەگەین و پێیان ئاشنا دەبین، ئیتر دەستیان لێ هەڵدەگرین و ئەوان دەمرن و ئێمەیش و ئەوانەی کە دوای ئێمەیش دێن، دێن و کارێکیان بە مردوو نییە و بە دوای زیندوودا دەگەڕێن. لەمەدا ئێمەیش چارمان ناچارە و ئەوانی دوای ئێمەیش هەروەها. شتێک، هەر شتێک، کە لەسەر بنجی خۆی نەڕوێتەوە، وشک دەبێت. پێم وا نییە، قسەیەکی خراپم بە نموونە هێنابێتەوە!، ئەمەیە کە من پێشتر بۆ "کارکردن!" لەسەر زمان، چ بە گەیاندنی ئەو کوردییەی کە بۆمان ماوەتەوە و چ بە هەڵچنین و پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی، ئاماژەم پێ کردووە و ئێستایش جەختی لەسەر دەکەمەوە. با ئەمەیش بە بیر خۆم و تۆیشدا بهێنمەوە: "چەند گوناهن وەرگێڕ و نووسەرانی کورد، کە وەک وەرگێڕ و نووسەرانی نەتەوە "خواپێداو!"ەکان، نەهاتوون و نایەنە سەر خوانی حازری!" و دەبێت هەموو کات لە "مریشکەڕەشەوە دەست پێ بکەن!" و بکەنەوە. ئەرێ بە ڕاست، ئەوەی من و تۆ و پێش ئێمەیش قسەیەکیان لێ کردووە و دەیکەین، ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ زەوینەی بەپیت و پاراوی "زمانپژان!" و بە نووسەربوون و بە وەرگێڕبوون!؟ نەخێر! بەپێی ئەو کەچەئاگەدارییەی کە من هەمە، دیسان نەخێر! دەڵێم کەچەئاگەداری، نەک ئاگەداری و بەمەیش نە خۆم ڕادەنێم و نە خۆم هەڵدەنێم، کار و خەمی من شتێکی ترە و هێندە ژیاوم ئەو خەمانەم نەمابێتن، بەڵام کەی و لە چ سەردەمێکدا بڕیارە و بڕیار بووە "نووسەر" و "وەرگێڕ" نەیەنە سەر "خوانی حازری!" لە زمانی کوردیدا نەبێت؟ دەزانم دڵی هەمووومان بەم قسانە گەرد دەگرن، بەڵام ئەمە واقیعێکە و هەموو خۆلێنەبانکردن و چاوی خۆ بەستنێک دەشواتەوە. چی بکەم و چی بکەین کە ئێمە، تا ئێستایش، لە بەرانبەر چەمکە فکری و فەلسەفییەکاندا، هەژارین و هەژارانە کار دەکەین و "دەستمان لە گونان درێژتر!"ە، ئێمە وەهاین و من و تۆیش و هەموو "خەمخۆرا!"نیش پێکەوە، دەمانەوێت ئەوەی تێیداین و بە دەستیەوە دەناڵێنین بگۆڕین. "گۆڕان!"؟

خـواست شـتـێکه و ئەوەی لە ئارادایە و هەیە، شـتـێکی تر. چی بکەین؟ نە بە من بە تەنیـا و نـە بە تۆ و نـە بە باو و پـیـرانمـان بە تەنیـا کـراوە و نـە بڕیاریشـە باری هەمـوو "ئەرکـەکـان!" ئێـمـە بیکێشین! نە ڕەوای هەقیشە بۆ نەوەکانی دوای خـۆمـان بەجێی بهێڵین! بە کورتییەکەی: تۆ خەریکیت، ئەوان خـەریک بوون و من خەریک و ئەوانی دوای ئێمەیش دێن و خەریک دەبن! ئەمجا ئەگەر بڕیارە، خـۆمـان نـا، زمـان نەمـرێت؛ دەبێت هەروەهـا بکەین و نەتـەوەکـانی تریش، بۆ ئـەوەی نەمـرن، هەروەهـایان کـردووە و دەکـەن! هـەندێک چاوەڕێی دەسـتـەڵاتی سـیـاسـیی کـوردین لەم بوارەیشـدا "شـتێکمـان بە شـتێک بۆ بکات!" ئێمـەیش چاوەڕێی "دەستەڵاتی سیاسیی کوردی!"ی بین؟ نا! ئەگەر لە خەونیشدا ئەو چاوەڕێییەمان هەبێت، دەبێت: "بێ شێو سەر بنێینەوە!"

**سەرەتاکان هەرگیز وەک بەردەوامبوون و هەڵکشان و بەرەو لووتکە چوون نین و نەبوون**

* پۆل ڕیکۆر لە کـتـێـبی (لەبارەی وەرگـێـڕان)، وەرگێـڕان بە گرەوێکی سـەخت، یا تاقیکردنەوەیەک دادەنێت، ئاخۆ وەرگێـڕ پێویسـتـە چ پرۆگرامـێکی ئەزبەر کـردبێت، یا پشـتی پێ ببەسـتێت - لێرەدا مەبەستمان لە پرۆگرامی خوێندن نییە، هەرچەندە وا بزانم لە وڵاتانی ئەوروپا زانکۆ و پەیمانگەی تایبـەت بە خـوێندنی وەرگـێـڕان هـەن- تاکـو ئەو گـرەوە نەدۆڕێنێت، یا لەو تاقیکردنەوەیە دەربچێت؟

**ئێمە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان هەیە، بەڵام زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ئێمەیش، وەک هیی زۆربەی نەتەوەکانی تر، کەموکووڕیی تێدا هەبووە و هەیە**

- ڕاسـتـیـیـەکـەی پۆل ڕیکۆر ناناسـم و کـتـێـبەکـەیشـیم نەخوێندووەتەوە. لەوەیە ئەمە بە عەیب! لەسەرم حساب بکرێت، کە دەڵێم: "ناناسم و نەمخوێندووەتەوە!"، لەبەرئەوەی بە دەگمەن نەبێت وشـەکـانی "ناناسـم و نەمـخـوێندووەتەوە و لەوانیش زیاتر نازانم"مان بەرگوێ ناکەوێت یا نایانبینین. ئەگەر لەگەڵ خۆماندا ڕاسـتگۆ بین، فـریای هەمـوو ناسین و خـوێندنەوەیەک ناکـەوین و دوابڕاوە ژیان هێندە کورتە، کە هەر بە تەنیا فریای کەمتاکورتێک دەکـەوین. بەڵام سـەبارەت بـەوەی کـە ڕیکۆر وەرگـێـڕان بە تاقیکردنەوەیەک دادەنێت، دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم و ئەمـەیش تەنیا بەپێی هەوڵ و خـەریکبوونی خۆم لە بوارەکەدا و هیچی تر، کـە هەر وەرگـێـڕانێک بۆ خـۆی تاقیکردنەوەیەکە و زۆرجـاریش

تاقیکردنەوەیەکی سـەخت. وەرگێـڕ، ئەگـەر دەسـتـەڵاتی تەواوی لە هەمـوو ڕوویەکەوە بەسـەر ئەو بابەتەدا بشـکێت کە وەری دەگێـڕێت، لەو گرەوەدا دەیبـاتەوە، کـە بەر لە هـەر کـەسـێکی تر، لەگەڵ خـۆیدا دەیکات و لە تاقیکردنەوەکـەیشـیدا بەتەواوی سـەرکەوتوو دەبێت. ئەگـەرنا، یا سـەرکـەوتوو یا نیـمچـەسـەرکەوتوو دەبێت و پێشم وا نییـە دڵی هیچ وەرگێڕێکی "چاک!" بـە نیمـچـەسـەرکـەوتن ئاو بخـواتەوە. هـەر وەرگێـڕانێک دەگریت، پەڵەیەک یا چەند پەڵەیەکی کـەوتووەتە سـەر، بـەڵام ئەمـەیان گرینگ نییە، ئەوەی گرینگە ئەوەیە هێندە هەڵەوپـەڵەی پێوە نەبێت کە کەس نەتوانێت بۆ هیچ نیاز و مەبەسـتێک سوودی لێ وەربگرێت و وەرگێڕیش، ڕاسـتییەکـەی –ئەگەرچی من بەم قسەیەم نکووڵی لە گرینگیی هیچ پرۆگرام و خـوێندنێک ناکەم و دەیشزانم لە وڵاتـانی ئەوروپا پەیمانگە و کۆلێجی تایبـەت بە خـوێندنی وەرگـێـڕان هـەن– دەبێت بەردەوام خـەریک بێت، خـۆی پێ بگەیەنێت و هـەوڵ بدات لە ژیان و کۆمـەڵەوە فێر ببێت و هـەر ئەوانەیشن کە بەرەو وەرگێـڕانی سـەرکـەوتووی دەبەن. دڵنیـام ئەمـەی ئێستـا دەیڵێم دووبارەکردنەوەیە، بەڵام نە سـەری کەس دەشکێنێت و نە زەرەری بۆ پەزیش هـەیـە: "ئێمـە ئەگـەر بمـانەوێت، مـەبـەسـتـمـان بێت و لـە هـەوڵی فـێـربوونی بەردەوامـدا بین، دەتوانین هەموو شتێک لە ژیان خۆیەوە فێر ببین." سـەرباری ئەمەیش، وەرگێڕی "چاک" بەردەوام لە هـەوڵی خـۆفـێـرکـردندایـە و کـردەی وەرگـێـڕانیش، کـردەیەکی بەردەوامــە و بەردەوامــیش لە بەرەوپێشـچوون و گەشـەکردندایە و دەیشـبێت لەو ڕوانگەیەوە بۆی بڕوانرێت. سـەرەتاکان هـەرگیز وەک بەردەوامبوون و هـەڵکشان و بەرەو لووتکە چوون نین و نەبوون.

* تۆ کردەی وەرگێـڕانت بە ئەزموونەوە گرێ دا، من ئەوە لـە مەلا شـوکور و مـام هـەژار دەبینم، لە ئەنجامـی زۆر گەڕانیان بەناو گوند و شاراندا، بەڵام زۆربەی وەرگێڕەکانی ئێسـتـامـان لە ژوورەوە دانیشـتـوون وەکو ئامـێری کۆپی کـتـێبـان وەردەگێڕن، تۆ ئەم گەڕانە تا چەند بۆ وەرگێڕ بە پێویست دەزانی؟

– ڕاستییەکەی لەوەیە گەڕان، ئەمجا خوێندنەوە و خەریکبوونی بەردەوام، لە هەموو شـتێکی تر پێویسـتـتر بن بۆ وەرگێڕ و کـاری وەرگێڕان، دەیشزانم ئەمـە قسـەی من نییـە و پێشتر یا لە جێیەک خـوێندوومـەتەوە یا لە کـەسـێکەوە پێم گـەیشـتـووە، بە تـایبـەت گـەڕان لەو زمـانانەدا کـە لێـوەیان وەردەگێڕین. ئەمجا گەڕان و تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی خۆماندا، بە تایبەت خەڵکی ئاسایی، لەویش گرینگترە؛ لەبەرئەوەی هـەر هـەموومـان زیاتر لە زمـانێکی ترەوە، نەک بۆ زمانێکی تر، وەردەگێڕین و خـەریکین زمـانـی کـوردی، ئەگـەر بۆمـان بکرێت، دەرەنگێن و بەرەو جێ و کـاتێکی تری دەبەین. بەشـێکی زۆری وردەکارییـەکـانی زمـانیش لای خـەڵکی ئاسـاییـیـە و دەبێت لـەوانەوە فێـریان بین! ئەمجـا ئەوەی "لە ژوورەوە دانیشـتووین" و خەریکی وەرگێڕانین، گرینگییەکی ئەوتۆی نییە. گرینگ ئەوەیە چـی دەکـەین و چۆن دەکـەین، لەبـەرئەوەی ئێـسـتـا لە ژوورەوەیش دانیـشـین و خـەریک بین، دەتوانین بە ئاسانی زۆربەی ئەوەی کە بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان پێویستمانە بە دەستیان بهێنن

و کەرەستەیش کەم نین. ئەوە نییە، لەبەر ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانەی کە بەتایبەت لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پێگەیشتندا ڕوویان داوە، هەموومان لەسەر ئەوە ڕێکین کە تا دێت دنیا بچووک و بچووکتر دەبێتەوە! کەواتە هەر ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانە خۆیان نەختێک کاری هەموومانی، لە هیی ئەوانی پێش خۆمان کە ناچار بە گەڕانی بەردەوام بوون، ئاسانتر کردووە؛ بەڵام وەرگێڕە "چاک!"ەکان _خوا ئاگای لێیە، مەبەستم خۆم نییە!– لە ژوورەوە دانانیشن و "وەک ئامێری کۆپی کتێبان وەرناگێڕن"، لەبەرئەوەی دەزانن کە بەو شێوەیە نە خۆیان بە هیچ دەگەن و نە هیچیش بە خەڵک دەگەیەنن. ئەوان، خەریکی کارێکی ترن و خەم و هەوڵەکانیان لە هیی ئەوانە جیاوازن کە وەک ئامێری کۆپی کتێبان وەردەگێڕن. گەڕانێکی تریش هەیە کە گرینگییەکی بنەڕەتیی بۆ هەموومان، ئەمجا وەرگێڕ بین یا نا، هەیە و نابێت لە بیری بکەین، ئەویش گەڕانە بە وڵاتانی دنیادا و هەر یەکەمان لەگەڵ هەر گەڕانێکدا لە زۆر ڕووەوە دەگۆڕدرێن و ئەمەیش لە "خێر و بەرەکەت" زیاتر هیچی تری لێ ناکەوێتەوە.

* ئاخۆ دەکارێت ئێمە لە ڕێی وەرگێڕانەوە هەنگاو بەرەو بە ستانداردبوونی زمان باوێین؟

– ئەم "هەنگاو بەرەو بەستانداردبوونی زمان"ە خۆش نایەتە بەر گوێی من و ئەگەر مەبەستت لە "زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو" یا "زمانی ستاندارد" بێت، بێ هیچ دڵەڕاوکێ و دڵەلەرزەیەک دەڵێم: "چ پێویستییەک لە هەنگاو بەرەو بەستانداردکردنیدا نابینم و ئێمە لە دەمێکەوە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان هەیە و لە دەمێکیشەوە چاکترین و ناوازەترین و باڵاترین نووسینەکانمان هەر بەو زمانە نووسراون و ئێستایش هەروەهایە. ئەوانەی قسەیەکی پێچەوانەی ئەمەیان کردووە و دەکەن، بە تەنیا نیاز و مەبەستی سیاسییان هەبووە و هەیە و هیچی تر." ئێمە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوومان هەیە، بەڵام زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ئێمەیش، وەک هیی زۆربەی نەتەوەکانی تر، کەموکووڕیی تێدا هەبووە و هەیە و دەیشزانم کەموکووڕییەکان کەم نین، بەڵام دەبێت بە هەموومان لە هەوڵی کەمکردنەوە یا نەهێشتنی ئەو کەموکووڕییانەدا بین، نەک "هەنگاو بەرەو بەستانداردکردنی باوێین". پێشتر، لەم بارەیەوە، زۆر کەسی لە من شارەزاتر و لێهاتووتر، قسەیان کردووە و ئێستایش دەیکەن و پێویستیش ناکات قسەکانی ئەوان، لێرەدا، بە بیردا بهێنمەوە یا لێیان زیاد بکەم، بەڵام ئەوانەی بەرپرسیارن لە بەرانبەر پرسەکانی زماندا و لە سەروو ئەوانیشەوە دەستەڵاتدارانی کورد، کەی و لە چ سەردەمێکدا گوێیان لە قسەی کارزانان و شارەزا و لێهاتووان گرتووە، یا پێشنیاز و ڕێگەچارەکانی ئەوانیان بە هێند وەرگرتووە؟ ئەمجا وەرگێڕان نا، بەڵام بێگومان هەموو وەرگێڕانێکی "چاک"، وەک هەر نووسینێکی تری چاک، کۆمەک بە پتەوتربوون و جێگیرتربوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کورد دەکات و یارمەتیی کەمکردنەوە یا نەهێشتنی کەموکووڕییەکانیشی دەدات و ئەگەر وا نەبێت، دەبێت ڕۆڵی وەرگێڕانی چاک لە زماندا چی بێت!

## ڕۆماننوس، سەمۆئێل شەمعوون:

# هیچ تاسەیەکم بۆ نیشتمان نییە، چونکە لای من نیشتمان بوونی نییە

سازدانی بە عەرەبی:
سەباح ئیسماعیل

سەمۆئێل شەمعوون ساڵی ١٩٥٦ لە خێزانێکی ئاشووریی نەداردا لە حەبانییەی عێراق هاتووەتە دنیاوە. ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکجاری عێراقی جێ هێشت. چەندان وڵاتی کرد، تاکو ساڵی ١٩٨٥ لە پاریس وەکو پەناهەندە سەقامگیر بوو، لەوێ دەزگای گلگامشی بۆ بڵاوکردنەوە دامەزراند. پاشان لە بەهاری ١٩٩٦دا سەفەری بۆ لەندەن کرد و لەوێ لەگەڵ مارگرێتی هاوسەریدا کۆواری پانیپاڵیان دەرکرد، کە تایبەتە بەوەرگێرانی ئەدەبی نوێی عەرەبی بۆ ئینگلیزی. پاشان پێگەی ئەلیکترۆنیی "کیکا"ی دانا. ساڵی ٢٠٠٧ وەکو یەکەمین سەرۆکی لیژنەی خەڵاتی "پۆکەری عەرەبی" هەڵبژێردرا. تا ئێستا تەنیا ڕۆمانێکی هەیە بەناوی "عێراقییەک لە پاریسدا".



* بۆچی بەڕۆمانێک سەبارەت بەژیانی خۆت دەستت پێ کرد، باشتر نەبوو ئەمەت بۆ نموونە بۆ سەردەمی پیریت هەڵگرتایە؟

– بەپەلە وەڵام دەدەمەوە و دەڵێم: بۆچی بابەتێک بەڕای خۆم بەتەواوی لەگەڵ ئەو ڕۆژگارەدا دێتەوە کە تێیدا دەژیم هەڵگرم بۆ کاتێکی تر. "عێراقییەک لە پاریسدا" بەر لە هەموو شتێک ڕۆمانی ژیننامە نییە بەمانای (یادەوەری) فەرمانبەرێکی بەساڵاچوو دوای خانەنشینکردنی بینووسێت. بگرە ڕۆمانێکی ئەدەبییە ڕووداوەکانی لە ژیانی نووسەر خۆیەوە هەڵدەهێنجێنێت. واتا من ژیانی خۆم بەڕۆمان کردووە Fictionalized my Life.

ڕۆماننووس بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤێکە ژیانێکی سروشتی دەژێت، بۆیە بۆ نووسینی ڕۆمانەکانی پەنا بۆ ژیانی خۆی دەبات. هەرچی منم هیچ پێویستم بەوە نەبوو بۆ نووسینی ڕۆمانەکە ڕووداوی ڕۆمانسی، یاخۆ تراجیدی داهێنم، چونکە ئەوی من لە ژیانمدا تووشی هاتم لە ستەم و ئەشکەنجە و ئاوارەیی و کڵۆڵی و برسییەتی و پێوەندیی مرۆیی سەیر و سەرسوڕهێنەر، لە سەرووی خەیاڵەوەیە.

لە کانوونی دووەمی ١٩٧٩دا هەینێ لە تەمەنی بیست و دووساڵیدا بووم لە پێناو سەفەرکردن بۆ هۆلیوۆد و کارکردن لە سینەمادا عێراقم جێ هێشت. لێ دوای گەشتێکی پڕ لە سەرێشە بەوڵاتە عەرەبییەکاندا (پێویست بەباسکردنی ناکات، لەبەرئەوەی لە ڕۆمانەکەمدا باسم کردووە)، خۆم بینییەوە لە شەقامەکانی پاریسدا بێ شوێن و ئاوارەم، ئیدی چەندان ساڵ بەم شێوەیە مامەوە. هەموو کات خەونم بەسینەماوە دەبینی، تا ڕۆژێک هەستم کرد بێ ئومێدی خەریکە دەستم بەسەردا بگرێت، بەخۆم گوت، کێ دەزانێت، ڕەنگە شەوێکی سارد لە یەکێک لە شەقامەکاندا بمرم و کەس نەمناسێتەوە.

ئەو کات بڕیارم دا ڕۆمانی "عێراقییەک لە پاریسدا" بنووسم. هەر بەکردەنییش وام کرد، دەستم بەنووسین کرد و هەندێک لە بەشەکانیم لە گەلێک کۆواری عەرەبیدا بڵاوکردنەوە.

هەروەها دەتوانم بەم شێوەیەش وەڵام بدەمەوە. ئەگەر یەکێک هەبووایە ژیانمی تا پیری دابین بکردایە! نووسینەوەی ژیننامەکەم بۆ کاتێکی تر هەڵدەگرت، من ڕۆژانە بیر لە مردن دەکەمەوە. هەر بەڕاستی گشت ڕۆژێک.

* دوای نووسینی ئەم ڕۆمانەت، ئاخۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانت هەبووە، یاخۆ تەنیا نووسینەوەی مێژووی ڕابردووت بووە و کاری لێ نەکردوویت؟

– من زۆر خۆشحاڵم بۆ ئەو سەرکەوتنەی ڕۆمانەکە لە جیهانی عەرەبیدا بەدەستی هێناوە. لە سێ دەزگای بڵاوکردنەوەی باوەڕپێکراوەوە دەرچووە، من دڵنیام ڕۆمانەکە لە بازاڕی فرۆشتندا بۆ

چەندان ساڵی تریش هەر دەمێنێتەوە.

وێڕای ئەم سەرکەوتنەش، هەندێک جار هەست بەخەمباری دەکەم، چونکە "عێراقییەک لە پاریسدا"م بڵاو کردەوە. بۆچی؟

ماوەیەک بیرم لەوە دەکردەوە کتێبێکی قەبە بنووسم (سێیینەیەک لە بەرگێکی گەورەدا) و هەموو شتێکی تێدا بگێڕمەوە. پاشان بۆم دەرکەوت ئەم کارە پێویستی بەکاتە. تاکو ئێستاش بەخۆم دەڵێم نەدەبوو "عێراقییەک لە پاریسدا"م بڵاو بکردایەتەوە. وا بزانم ئەگەر هەلی نووسینی ئەو سێیینەیەم بۆ ڕێک بکەوتایە، ئەوا کتێبێکی دڵگیری لێ دەردەچوو، ئەو کات دەمتوانی واز لە ئەدەب بهێنم. لەبەر ئەم هۆیە، واتا بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبی "عێراقییەک لە پاریسدا" لەسەرمە بەشەکانی تریشی تەواو بکەم.

نووسینی ئەو کتێبە تەنیا نووسینەوەی ژیانی ڕابردوو نەبوو، نا، بەپێچەوانەوە، دەمویست ئەم نووسینەوەیە کاری خۆی لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا بکات.

وابزانم ئەو هەزاران نامانەی لە دۆستان و خوێنەرانەوە پێم گەیشتوون، کە ستایشی کتێبەکە دەکەن، بەتایبەت لایەنە مرۆییەکەی و بەرجەستەترینیان بیرۆکەی لێبووردەیی باشترین شایەدی قسەکانمن. ئەمەیە کە ئەدەبی عەرەبیمان بەشێوەیەکی گەورە ئاتاجێتی.

* تا چ ڕادەیەک شارەزاییت لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە هەیە؟

- زۆر بەداخەوە ئێمە لە دنیای عەرەبیدا هیچ گرینگی بەوەرگێڕانی ئەدەبی کوردی نادەین. لەبەر ئەمە زانیاریم زۆر کەمە، لە چەند ناوێک تێپەڕ ناکات و زۆرجاریش لە شاعیرەکان. من هیچ شتێک سەبارەت بەڕۆمانی کوردی نازانم. بەم دواییە لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکەمدا "کیکا" هەندێک وەرگێڕاوم لە ئەدەبی کوردی بڵاو کردەوە.... بەڕاستییش دەڵێم زۆر بەم ناوانە سەرسامم.

* ئەم ڕۆمانەت بۆ چەند زمان وەرگێڕراوە؟ ئاخۆ بۆ زمانێک وەرگێڕراوە ڕووناکیی خستبێتە سەرت؟

- "عێراقییەک لە پاریسدا" بۆ ئینگلیزی و فرەنسی و سویدی وەرگێڕدراوە. ئێستاش بڵاوکەرەوەیەکی ئیتاڵی حەزی وەرگێڕانی هەیە. بەوپەڕی لەسەرخۆییەوەش چاوەڕوانی زمانی کوردیم.

* پتر کێ دەخوێنیتەوە؟ ئاخۆ لە کاتی نووسینی ڕۆمانی "عێراقییەک لە پاریسدا"دا بیرت لە شێوازێکی تایبەت کردەوە، یاخۆ ڕۆمانەکە بەخۆی شێوازەکەی دەستنیشان کرد؟

- پرسیارێکی جوانە. ناتوانم بڵێم ئێستا کێ دەخوێنمەوە. لە ڕاستیدا بەعەرەبی زۆر

دەخوێنمـەوە. من لە کۆواری "پانیپـاڵ" کـار دەکەم، کـە بایـەخ بەوەرگـێڕانـی ئەدەبی عـەرەبی بۆ ئینگلیـزی دەدات، لـەبەر ئەم هـۆیە دەبێت بەردەوام چی لە دەزگـاکـانـی بڵاوکـردنـەوە دەردەچن بیانخـوێنمەوە. لە هـەمان کاتدا هـەندێک ڕۆمانی ئینگلیزی دەخوێنمەوە. بـۆ نموونە: من حەز بەپۆڵ ئۆستەر، حەنیف قورەیشی، مایکڵ ئۆنداچە دەکەم.

* نووسـەرێکی عێـراقی لە دیمانـەیەکدا دەڵێت "شـتێک نیـیە نـاوی تاسـە بێت بۆ نیشتمان، بگرە ئەوە تاسەیە بۆ یـادەوەرییەکان"، ئاخۆ پتر بیری نیشـتمان دەکەیت، یاخۆ یادەوەرییەکان؟

- من زیاد لە جارێک گوتوومە هیچ تاسـەیەکم بۆ نیشتمان نییە، لەبەرئەوەی لای من بوونی نییە. پاشـان گشت کـەسوکـارەکەم بەبـۆنەی سـتـەمی ئیسـلامـیـیـەکانەوە هـەڵاتن. برا و خـوشکەکـانم هـەمـوویان ئێسـتـا لـە دەرەوەی عێـراقدا دەژین. دایکم لە دیمەشق دەژێت، تووشـی زهـایمەر بووە، کاتێک سـەردانیم کرد نەیناسیمەوە.

* بۆچی دەنووسـیت؟ ئاخـۆ نووسـین جـەختکردنەوەیە لە بـوونمان، یاخـۆ بەردەوامـیـیـە بەژیان بەشێوەیەکی تر؟

- من هـەر لە منداڵیمەوە شـەیدای سینەما بووم، دەمویست ببمە دەرهێنەری سینەما. کاتێک ئەم خەونەم بەدی نەهات، پەنام بۆ نووسـین برد. کەواتە، لای من نووسـین سـەرنەکەوتنم لە فیلمسـازی لە بیـر دەباتەوە. لەلایەکی تریشـەوە، لەمـیانـەیەوە ئەوی دەمـەوێت لەم ژیانە بیـڵێم بەخـەڵکی دەڵێم. من لەوی لە جیـهانـدا ڕوو دەدات هـەسـت بەلێپرسـراوی دەکەم، بۆیە دەبێت بیر و هـزری خـۆم ڕاگەیەنم. هـەروەهـا، ڕاستی دەڵێم، لەمیانـەی نووسینەوە دەمـەوێت ڕوحی لێبووردەیی لە ئەدەبی عەرەبیدا بڵاو بکەمـەوە، کە زۆر بەداخـەوە، ئەدەبێکە خـاڵییە لە لێبوردەیی، نامەوێت بڵێم بانگەشـەی ڕقلێبوونەوە و تۆڵەسـەندنەوە و سـادیزم دەکات.

* پرۆژەکانی داهاتووت چین؟ ئاخـۆ ڕۆمانی ترت لە پرۆژەدایە؟ بیستم کـار لە ڕۆمانێک دەکەیت ناوی "ئاشوورییەک لە سـەربازیدا"یە؟

- ئێسـتـا کـار لـە ڕۆمـانێکی تازە دەکـەم، ئـەمـیش بابـەتەکـانی لە ژیانمەوە هـەڵدەهێنجـێنێت، بەتایبـەت ئەو ماوەیەی لە بەیرووتدا ژیام، ڕۆژانی شـەڕی ناوەخـۆیی. لاوێکی ئاشـووریی "بەدبەخت" لە ڕیزەکانی شـۆڕشی فـەڵەستینیدا خـەبات دەکات و چیرۆکێکی جوانی خۆشـەویستیی لەگەڵ کیژە لبنانیـیـەکدا دەگوزەرێنێت. لەمـیـانـەی ئەم کـورە گـەنجەوە وێنـەیەکی نوێی شـەڕی ناوەخـۆ دەبینین، لەگـەڵ ملـمـلانێی لایـەنە فـەڵەسـتـینیـیـەکـان لەناو خـۆیانـدا، لە سـۆنگەی پێـوەنـدییـان بـەڕژێمە عەرەبییەکانەوە.

شیعر

# رۆژژمێری مامە خەمە

تەیب جەبار

**شەمە**

پەنام بۆ زۆر لا برد،
هیچیان هۆکاری..
بێدەستنوێژی شەویان،
بۆ روون نەکردمەوە.
هیچیان سەرچاوەی..
کەموکورتی گەردن ئازادییان،
بۆ شی نەکردمەوە.
قژم رەش بووەوە و..
لە تەقەلا نەکەوتم.
نەگەڕامەوە باوەشی منداڵی.
حەزم دەکرد گۆرانی بفرۆشم،
شەقام گوێی داخست.
حەزم دەکرد گلێنە بچێنم،
باخچە چاوی نوقان.
حەزم دەکرد قاقا تۆوکەم،
کێڵگە کەوتە هەنسکدان.



زەوی کەوتە لەرزە و..
ئاسمان لە خەو هەڵنەسا.
شنەی چاوەڕوانیم هەڵپڕوکاو و..
نەگەڕامەوە زێدی خۆمان.
***

**یەکشەمە**

کەس قەراغی لافاوم..
بۆ دیاری ناکات،
تا دەوارێ هەڵدەم.
کەس سنووری هەورم..
بۆ ناکێشێ،
تا بارانی لێ بارکەم.
نازانم بە تەمای چین؟
کۆکردنەوەی شاخ،
یان.. چاندنی پەپوولە؟
تۆ بڵێی..
جەمسەری لووتبەرزی،
هەڵوەشێننەوە و..
پلانڕێژی دارەڕا کەن؟!
رەنگی گومان،
یەکلا بکەنەوە و..
راستگۆیی بەرەڵاکەن؟!
تۆ بڵێی..
هەموومان بچینەوە..
سەر کانیاوی یەکڕیزی؟!
***



**دووشەمە**

ئەو بە گرمە خۆی شەتەک دەدا،
ئەم بە بومەلەرزە.
(مەل بە مەل دەڵێ:
تۆ نازانی بفڕی)

به کوچه و کۆڵاندا،
تامی ڕەتکردنەوە..
بڵاو دەکەنەوە.
بۆنی نەخوێندنەوە..
دابەش دەکەن.
دیسان خەریکی..
زەمینەسازین بۆ دەمەقاڵێ.
بە توێکڵی تووڕەیی،
کەللەڕەقی خۆشە دەکەن.
بە تەنافی کۆندا،
رووبار هەڵدەخەن.
بە کەفاوی شەوەزەنگ،
سەر و ملیان دەشۆن.
داو دەنێنەوە،
بۆ چۆلەکەی ناوبژی.
جریوە لە بێژنگ دەدەن.
هاوارە، روو لە کوێ بکەم؟
نە گوێ لە بێدەنگی دەگرن،
نە بە قسەی گڤە دەکەن.
***

**سێشەمە**

ئەو پەڵە هەورەی..
من لەوەڕاندم،
لە ئاونگ تێر نەبوو.
ئەو تافە تافەی..
من داوم بۆ نایەوە،
پەتای بازدان بەری نەدا.
ئەو گۆرانییەی..
من ئاوازم بۆ دانا،
نەهاتە گۆ.
ئەو بلوێرەی..

من دروستم کرد،
گڤەی نەکرد بە سروود.
ئەو ئەستێرەیەی..
من تریفەم بۆ راونا،
نەیزریوان.
ئەو رەنگەی..
من لە چوارچێوەمدا،
نەدرەوشایەوە.
نائومێدی بە کلکەلەقێوە..
دەورەی داوم.
پاشاگەردانی..
چوارمشقی داینیشاندم.
نیگەرانی.. گڵاوی کردم.
***



**چوارشەمە**

نازانم چی بکەم؟
هەرچەند ئێمە،
خەریکی چاندنی..
زەردەخەنە دەبین،
گریان لەولاوە،
دەست دەکات بە هەڵبەستنی..
دێراوی فرمێسک.
هەرچەند ئێمە،
رەشەبای رەشبەڵەک..
هەڵدەکەین،
شیوەن لەملاوە،
کۆڕ دەبەستێ.
شارەزای کۆکردنەوەی..
وردە گەڵای تاریکین،
نازانین کوانووی خۆشی..
بگەشێنینەوە.

سەر لە جۆبلاو دەردەکەین،
نازانین ئاوی گەنمگرد..
بخۆینەوە.
بەهار دێت و دەڕوات،
گوڵ نابینم.
خونچەی بیرچوون..
سەر دەردەکات.
لە دۆخی شپرزەییدا،
گیا ناڕوێ.
وشکەساڵی گەلا دەکات.
***

**پێنجشەمە**

خەو ناچێتە چاوم.
ئەمڕۆ کەس ڕێگاکەی..
جلەو نەکرد.
کەس ئامۆژگاری..
رووباری نەکرد.
کەس گرێی مشەخۆری..
شل نەکردەوە.
کەس میوانداری..
سێبەری نەکرد،
بۆ ماڵی نەبردەوە.
کەس دانەوێڵەی خۆناسینی..
بۆ باڵندە رۆ نەکرد.
ئەمشەو شەونخونی..
دام دەپۆشێ.
منیش بۆ بێهۆشی..
بێداری دەگریم.
بارگرژی.. بە لیکاوی بۆڵەبۆڵ،
چارەسەر ناکرێ.
کەس خەمی تێکچوونی..

ڕێگای کاکێشانی نییە!
باس باسی سەیرانی..
هەردەی بەهەشتە.
کەس خەمی قڕەی نییە!
باس باسی جوانیی..
بێدەنگییە.
خەو ناچێتە چاوم.
تاکو ئەم شیعرە چاک نەکەم.
***

**هەینی**



شەپۆلدانی ناخم..
ولاتێک وێران دەکات.
ناتوانم ساتێک لەنگەر بگرم!
خەمخۆرێک نییە،
دالغەیەکم دالدە بدات.
بیزار بووم لە خەون بینین.
بیزار بووم لە چاوەڕوانی،
چاوەڕوانیی ڕێبوارێک..
باسی ئەوبەرم بۆ بکات.
بەدەست زیرەکییەوە،
ماندوو بووم.
ئەوەندەم پێشنیاز..
پێشکەش کرد،
تاقەتی خۆدزینەوەم نەما.
ئەوەندە لە خاک داماڵین..
وردبوومەوە،
پەکم کەوت لە ڕوانین.
سەر بۆ کوێ هەڵگرم؟
ئەوە بەرماڵی..
پاکبوونەوەیان پێچایەوە،
قامەتی نوێژی پاشملەیان بەست!

نیسان /٢٠١١

شیعر

# وەرزێک لە تریفەی مانگ و نێرگزێک لە جوانیی بەهار

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

پێشکێشە بەهاوڕێی هەردەم ئازیزم مامۆستا پێزان

١

لەنێو پرووشەی هێمنی باران و
سپێدەی ڕووناکیی تریفەی مانگ و
نەسیمێک لە گەڵاڕێزانی وەرینی گەڵا و
جەژنانەیەکی غەمگین بەنائومێدی
بۆت دەگەڕێم و پێت دەڵێم
دڵم وەک سێوێکی پایزی.. دوو لەت بووە و
ڕۆحیشم بووەتە نێرگزێکی بێ ئاوی بەهار و
ڕێبوارێکی بێ وەرزی باخچەی گوڵ و
مانگەشەوێکی تۆراوی ئەستێرەی دڵتەنگ
بۆنی کۆستی سپیەتیی تۆ دەکەم و
وا دەزانم هەرگیز ماچم نەکردووە
پەپوولەی گۆڕغەریبێکی وێڵم و
مەراسیمی ئارامیی شەوم و



خەویش ناگاتە رۆحم
دنیا لەلام یاخی بووە

٢
بۆت دەگەڕێم
لە شەوەزەنگی پەڵەی هەورێکی پڕ بارانی رۆحمدا
لەنێو پەنجەی دەستی مۆسیقارێکی پڕ نۆتەدا
خەیاڵ بەدەم ڕووباری گریانەوە
دەروێش بەتەریقەتی سەربادانەوە
وا هەست دەکەم
دنیا لەلام وێران بووە



٣
بۆت دەگەڕێم
وەک پەپوولەیەکی ناسکی بەهار
بەوێنەی ئاهەنگی گوڵێکی جوان
پڕ لە شکۆفەی چاوەڕوانی
بەوێنەی هەتاوی میهرەبانی
بەوێنەی دەستی پڕی رەنگاڵەیەکی ژنێک و
پێت دەڵێم
نیشتمانم یادەوەریی چنارێکە و
لەژێر هەتاوی سێبەری باڵاتدا
بتکەم بەکازیوەی بەیان و
بۆنی رەیحانەی پیری و
تریفەی رووبار و
لە چواردەوری ماڵەکەمدا بەندت بکەم

٤
زۆر حەز دەکەم
لە پەرژینی پەنجەرەی دڵمەوە
بەوێنەی گۆرانییەکی غەمگین
وەک چرایەک دات گیرسێنم

تاکو بتکەم بە پەیکەرێک
لە ژوور سەرما
وەک کاتژمێرێک هەڵت واسم
تاکو رێگەی دووری کۆتایی دێ و
بۆ هەمیشە، یادت بکەم

٥
من دەمەوێ
وەک کیژۆڵەیەکی سپی و ساکار
وەک دەستەسڕەکانی وەرزی بەهار
تاڵێ لە قژتم بدەیتێ و
تێکەڵ بەشەپۆلی ڕووباری بکەم
چەند بمەوێت ماچت بکەم

٦
من دەمەوێ
شەوی مەرگی، پەرژینی بەفر نەبینم
کە شەونمی جوانییەکانی
لە رۆحمدا سووتاندووە
من دەمەوێت
نمەیەک لە عەتری هەناسە و
نیگای چاوانت و
شەوانی تەنیایی پڕ ئازارەکانی
بۆنی سینەت بنەخشێنم
خۆم بکەمە پەیکەرساز و
بەدڵی خۆم بتچوێنم

٧
من دەمەوێت
لە ئاوێنەی غەریبیی رۆحمەوە
وەکو شەونمی گەڵا و گوڵ
بەدیار باخچەیەکی ڕووخاوی شیعرێکەوە

ماچت بکەم
تاکو جوانترین تابلۆی زستانی بەفر
لەنێو تاڵەکانی قژتا بنەخشێنم

٨
من دەمەوێت
لە زستانی پڕ باران و
دڵنەواییی گەڕانەوەی ئومێد و
تەمەنی وەرزی گەڵاڕێزانەوە
ئاوێنەی درەختی باڵات جوانتر بێ و
عەتری روخساری جەستەت
پڕ بێ لە نوور و
سیمات گەشتر وەک پەلکەزێڕینە و
رۆحت ببێتە بڵێسە و
دەنگم ڕەنگی تۆ بگرێ
تێکەڵاوی مەستت ببێ
بارانی سۆز سەما بکا و
تیشکی رۆژیش زەردتر ببێ

٩
من دەمەوێت
ئاوێنەی دڵی شکاوی خۆم
لە بناری چاوەکانتا دابنێم
تاکو دوا ساتەکانی ئارامی
ببێتە ترووسکایی و
لە باوەشتا بمێنمەوە
دەتۆش وەرە
ناو برینەکانی جەستەم و
تا لە دوای تۆ کەسێ نەبێت
عاشقم بێ و لە دەریاچەی
دەریای رۆحم بخواتەوە
***



شیعر

# پیاوێکی ڕەش،
# تا دێ سپی ئەچێتەوە...

ئیبراهیم هەورامانی



له شه‌وه قه‌ترانییه‌کانی،
گه‌ڕه‌که عه‌جوله‌که‌ی کانیی عاشقانه‌وه،
فێربوو،
له‌نێو پانتای ڕه‌شێتیدا
نیگا سپییه‌کانی عومری خۆش بووێ،
یه‌که‌م هه‌نگاو..
به ته‌نیشت تریفه‌ی مانگه‌شه‌وه‌وه
ده‌ستی پێ کرد..
چۆن عاشقانه..
له ته‌ک ئاوا سه‌ما بکا و
به ده‌م زکری گه‌ڵا وه‌ریوه‌کانی
هه‌ناره‌وه
گۆرانی بڵێ...
ئه‌و له باوه‌شی ..
خه‌ونه‌کانی باخی میره‌وه

فێربوو..
پیاسەیەک لە تەک مۆردانەدا بکا و
بە ڕووتی..
وەک ڕووتبوونەوەی باران..
ڕەزە شیعری مەحوی بکاتە
شەراب و
بە تەنیشت گۆرانی چایکاکەی چیخۆفەوە..
بێ ئەوەی تەقولباب بکا..
سڵاوێکی تر..
بگەیەنێتە لای شەو ..
چی شەوی عومری هەیە..
بە جریوەی ئەستێران ئەسپێرێ...!
ئەو..
تەنیا لە شەو دەچێ..
شەوێکی سپی..
وەک شەوانی لادێکەی ئەوبەری شار
لەوێ عاشقێ شک ئەبا..
سپی.. سپی..
بە قەد ڕەشێتی سیمای خۆی..
ئەو ..
لە ڕەشێتی شەوا
بزورگترین عاشقە..
هەنگاو دەنێت و
دێت ...
دێت و
هەنگاو دەنێ ...
ئەو فێربووە
تەنیا نەبێ ..



که تەنیاش بوو ..
وەک موریدێکی عاجز
وەک گوناهترین ئینسان
حەرفە ڕژاوەکانی شەو
دەباتە نێو ماڵی
کانیلەیەکی بزێو...
ئەو...
لە تەک شیعرا پەنجەکانی پێیان گرت...
تا حیکایەتی بوتڵێ شەرابی عاجز
بۆ ڕەزە مەلولەکان بگێڕێتەوە.
ئەو..
لە تەک حەرف، بە حەرفی گریانا
فێرە وتن بوو
تا نهێنی ئاوێنە لەت لەتە
جێماوەکانی کانیی ژنان...
بداتەوە دەست...
ئەو کیژانەی عەیامێکە، غەریبن.
ئێستا ئەو،
ئینجانەیەکە لە خۆرەتاو..
پێکەکە لە شەرابی عەیام ساڵێک
بەردەوام..
دەدوێ..
وەک منداڵێکی عەجول
دەستی لە چەمکی کەوای
شۆڕەی شیعرێ..
بەرنادا و
دەدوێ و..
ئێستا ئەو

بەردەوام..

دەدوێ..

عەجولانە..

وەک گمەی کۆترێکی بەرباران...

وەک سرووتی فیراقی

نێوان کوڕ و کچێ...

وەک لەزەتە نەعلەتییەکانی

سەربازێکی دۆڕاو دوای جەنگ...

ئەو ئەدوێ و

مانگەشەو

بەردەوامە لە گۆرانی

شەپۆلە یاخییەکانی دەریاش

لە هەڵپەڕکێ...

دارهەنارە ڕووتەڵەکانیش

لە گریانی پاش بەجێمانی گەڵا...

ئەو لە دوورەوە ڕەش ئەنوێنێ

ئەمما سپی... سپی... ئەچێتەوە.

وەک کلوە بەفری داباریوی

بەر مانگەشەوی بەفرانبار.



شیعر

# گوڵی هەنار

شێروان ئیبراهیم

وە رە ئەی گوڵی هەنار بەشی  خۆت لە رۆحی من بەرەوە
وەرە لە هەڵمی کانیەکانی نێو سینەم خۆت بشۆ
لە دیار  فوارەکانا پیاسە بکە
ئەو بەهەشتە بە دوای گوڵە یاخییەکانی تۆ دەگەڕێ
سۆراخی خونچەکان دەکات
لەسەر نووکە پەنجەکانت وەرە و پاژنەت دامەنێ
خۆت مەهەژێنە
با کۆترەکانت هەڵنەفڕن
بەجلی  شنەبا وەرە
هەڵاڵەکان لە روحتا بنێژە
وەرە بەدوای بەهەشتی ونبوو
وەرە  لەسەر کەپرەکانی من  سەیری جوانیی دنیای بیدەنگی وجود بکە
وەرە   بە نەرمە سەما وەرە
لە دەوری ئاگردانی ڕوحی منا وەکو دارێکی پایزی  هێدی هێدی خۆت رووت کەوە
خۆت رووت کەوە

لەو دەمامکانەی سیمامان دەدزن
لەو بەرگانەی کە حەقیقەتمان دەشارنەوە
ئای  لەو بەرگانە ژیان دەکەن بە تابووت
غەرقمان دەکەن لەو رۆژانەی کە ئاسمانی بێگەرد نییە
وەرە پێلووی دڵت  دەلیلی رێگایە
چاوت داخە وەرە
تا خۆت لەنێو  رووبارەکانی من دەدۆزیتەوە
لەوێ دەزانیت بەهای سەدەف چەندە گرینگە
لەوێ دەزانیت رەونەقی مرواری کەی پێت دەگات
لەوێ دەزانیت ئاوێتەبوون چ خۆرێکە پرشنگ دەدا



شیعری وەرگێڕاو

# شەمەندەفەری کاتژمێری یەک

مەحموود دەروێش

لە عەرەبییەوە: عیسا چیایی

پیاو و ژنێک لێک دەترازێن ..
گوڵ لە دڵیان دەتەکێن،
دەشکێن.
سێبەر لە سێبەر دێتە دەر و
دەبنە سێ کەس:
پیاوێک.. و
ژنێک.. و
کات....
شەمەندەفەر نایەت
دەگەڕێنەوە بۆ چاخانە
قسەیەکی تر دەکەن،
پێکەوە دەگونجێن.. و
دەخوازن تەلی کازیوە لە ژێی تارەوە بێتە دەر و لێک جیا نەبنەوە...
گەرەک و هاوڕێگەلێک دەچنە ژێرخانێکەوە لە مەدرید..
هیچ شتێکی ژنەکەم بیر ناچێتەوە ڕوومەتی ئەو و دڵخۆشیی خۆم نەبێ

بیرم دەچێتەوە. بیرم دەچێتەوە و زۆرم بیر دەچێتەوە
گەر لە شەمەندەفەری کاتژمێری یەک
تۆزی دواکەوتینایە
گەر کاتژمێرێک لە چێشتخانە چینییەکە دانیشتباین،
گەر باڵندەکان لە گەڕانەوەدا تێپەڕینایە
گەر ڕۆژنامەی شەومان خوێندبایەتەوە
پیاو و ژنێک دەبووین. پیاو و ژنێک.. بەیەک دەگەیشتن.

ژێدەر: سایتی (بەوابەت زیقار)



چیرۆک

# لە چاوەڕوانیی شانۆدا
# و
# دوو چ.ز.ک

عەباس عەبدوڵڵا یوسف

١

کچەی هەرزەکار هاتە ناو ئاپۆرەی چاوەنۆڕی بەردەم هۆڵی شانۆ، جلکی تەسک و بێ قۆڵ و تاسەر چۆکان رووتە، بەلێزانی رووی مکیاج کراوە و قژەکەیشی خڕ کردووە. سەرنجی لاوانی بۆ لای خۆی راکێشا و لەوان زیاتر سەرنجی منی تەمەن شەست و یەکساڵە. چوو لەسەر تاکە تەختەی بن دیوار دانیشت و لاقی خۆیشی جووت نەکرد، کراسی زیاتر هەڵکشا وەک بڵێی مایۆی لەبەر بێ، دەرپێی دیاربوو گۆریەیەکی تەنکی هێڵنگاوی لەبەرە و ئەمە رەنگێکی ئەسمەری بە گۆشتی قاچەکانی داوە.



لەپڕ هەستا و بەمن داڕسا:

* بۆ لە هەموو کەس زیاتر، هەر تۆ سەیرم دەکەی؟

وتم: ماشاڵڵای لێ بێ، خەڵک سەیری جوانیت دەکات!

زیاتر داڕسا و بە دەنگی بڵند وتی:

* تۆ، تۆ بڕۆت لە من هەڵتەکاند، شەرم ناکەیت؟!

خەڵک بەدەورمان کۆ بوونەوە، وتم:

– بەخوا، بڕواتان هەبێ بڕۆم لێی هەڵنەتەکاندووە.

قیژەی زیاتر بوو و منی خستە هەڵوێستێک تێدا تەنگەتاو بووم. وتم:

– ئەگەر وابێ، بمبورە.

قیژەی تێکەڵ بەهەرای لاگرانی بوو، وتی:

* نات بوورم

ویستم بەنموونەیەک بیسەلمێنم چاوم لێی هەڵنەتەکاندووە، وتم:

– جارێک لەسەر شەقام وەستابووم لاڕوومەتی خۆم دەخوراند، تەکسییەک سەربەخۆ لە بەردەمما رای گرت، پێم وت کاکە تەکسیم ناوێ.

تێم گەیاند من رووی خۆم خوراندووە. حەساسییەتم هەیە، لێخوڕ زۆر بەئەدەب رۆیشتەوە.

کچە لە قیژەی خۆی بەردەوام و تا دەهات زیاتر دەبوو و لەگەڵ قسە و پێکەنین و گەف و هەرای ئەو چەند خەڵکە تێکەڵ دەبوو، ئەوەش هەندەی تر تووڕەمی کرد و لە دڵی خۆم بڕیارم دا بەتوندی وەڵامی بدەمەوە و ئەگەر خۆی هێرش بێنێ، ئەوا بەدەست خۆمی لێ دوور دەخەم، وتم:

– ئەو شوفێرەی پێمان وایە بۆرە خەڵکە و تۆ بژاردەی رۆشنبیرانی، بەخوا لە تۆ شارستانیترە!.

لەگەڵ بیستنی ئەو قسەیە گرژییەکەی نەما و بەدەنگێکی ئاوازاوی وتی:

* چاوت هەڵنەتەکاندووە یاریم لەگەڵ دەکردی، مەبەستم بوو هەڵوەستەیەکی شانۆیی بخوڵقێنم.

تووشی دەمەوشکە بووم قسەم نەکرد رووەو دەرگەی دەرەوەی هۆڵ رۆیشتم، بانگی کردم.

*بمبورە، بۆ دەڕۆیتەوە، ئێستا دەرگەی هۆڵ دەکرێتەوە، پێکەوە دەچینە ژوورەوە و شانۆگەرییەکە دەبینین.

هەندە تفم زایاندە دەمی خۆمەوە وتم:

– دەڕۆمەوە، من شانۆگەریی تۆم بینی، ئەوەش بەسمە!

٢

سیمینارەکەمان دیت و بیست و هاتینە دەرەوە، من و برادەرەکەم قسەمان زۆر پێیە شەقامێکی درێژمان لە پێشە، بە پیاسە دەڕۆین تا ئەو دەگاتە لای ماڵی خۆیان و لێک جودا دەبین. من لەوێوە زۆرم دەمێنێ بگەمە ماڵی خۆمان، جا بەتاکسی دەڕۆم.

ئەو ئاخاوتنە زۆرە منی تووشی دەمەوشکە کرد. بوتڵە ئاوەکەم لە گیرفانی پانتۆڵ دەرهێنا و قومێکم لێ دا و قووتم نەدا. لەناو دەمم غەرغەرەاندم و پرۆشکە تفی چڕ بووم و تفاندمە سەر درەختیلەیەکی سەر شۆستە. لە ماڵیش لەناو نوێن پێش ئەوەی بنووم، هەر لەناو وتووێژی نەبڕاوەی سیمینار بووم. خەریک بوو بخەوم، دیمەنێکی دژوار هاتە ناو مێشکم و خۆم سەرکۆنە کرد: بۆ ئەو ئاوە پیسەی ناو دەمم تفاندە سەر درەختیلەکە؟!

ساتێک بەئەنجامەکەی خۆم دڵنیا کرد:

بەو قومە ئاوە تۆزی نیشتووی سەر هەندێ لقی درەختیلەکە خاوێن بووەوە.

نەختێ چاوم چووە خەوەوە، دواتر خەوزڕان دەستی پێ کرد دوا جار سەیری کاتژمێری سەر دیوارم کرد: چوار چارێگێک بەر لە بەیانییە، نەمتوانی هەڵسم گلۆپ بکوژێنمەوە، پەڕۆکێکی هێڵنگدارم راکێشا و خستمە سەر چاوم کە بەخەبەر هاتمەوە کات لە هەشتی بەیانی رەتی کردبوو ناچار وەک جاران بەپاس نەچووم، تەکسییەکم گرت و چوومە فەرمانگە، رێی خۆمم گۆڕی شوفێرەکەم ئاراستە کرد بەشەقامی پیاسەکەمان بڕوا ئینجا بچێتە فەرمانگە.

شوفێر وتی: مامۆستا دوور دەکات

وتم: قەیناکە.

بەوێ تێپەڕ بووم وام کرد لای درەختیلەکە هێدی بڕوا، بینیم گەشە و بەبڕوای من ئەو ئاوە غەرغەرە زیانی پێ نەگەیاندووە. بەپێچەوانەی رۆژانی پێشوو ئاسوودە و بەخەندەوە چوومە ناو فەرمانگە.

٣

* وریا بە تاسەیە!

شوفێرەکە خۆی لە تاسەکە دا و وتی:

-ئاخ فریا نەکەوتم!

کە سواری تەکسی دەبم کەم تا زۆرێک هەر دەبێ قسە لەگەڵ شوفێر بکەم، مەبەستمە شتێکی لێ فێربم، سەربارى کتێب ئەوانە سەرچاوەی رۆشنبیریی منن، هەرکەسە و ئەزموونێکی هەیە و شتێک دەزانێ. بەنەزمی فەلسەفەی سەفسەتەکاری پرسیارێکم ئاراستە کرد:

* کامەیان زیاتر زەرەر بەئۆتۆمۆبێل دەگەیەنێ: تاسەی قۆرت یان تاسەی بڵند؟

شوفێرەکە وتی:

– هەردووکیان، من زراوم لێیان دەچێ، ترومبێلی عەدم دەکەن.

وتم و پرسیم:

* منیش لە هەردووکیان، تاسە هەر تاسەیە، ئەدی خۆت؟

خەندەی کرد و وتی:

–نابینی قەڵەوم، لەشم ئیسفەنجە و تاسە کاری لێ ناکات

شوفێرەکە کە زانی رووم خۆشە وتی:

– مامۆستا بۆ، خۆ تۆ ترومبێلت نییە؟

* تاسە تووشی شەکرەمان دەکات.

لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە رەنگی تێکچوو.

– بەڕاستە خێر بڵێ!

* بەڕاستمە.

– کەواتە بۆ من، بووە دوو خەم!

گەیشتینە لای ماڵ، سێ هەزار دینارم دەرهێنا و پێش ئەوەی لێم وەرگرێ وتی:

– مامۆستا دەکاتە شەش هەزار، سێ کرێیە و سێش ئی ئەو قسە ناخۆشەی دەردە شەکرەیە.

دەستم کێشایەوە وتم:

* ناتدەمێ بایی کرێیەکە زانیاریم پێ دای

هەردووکمان کردمانە پێکەنین و پارەکەی وەرگرت وتم:

* لەمەو پاش تەکسییەکەت بکە کیسەڵ!

وتی:

– کوڕە مامۆستا هەمووومان هەر دەمرین!

***

* چ . ز. ک = چیرۆکی زۆر کورت

چیرۆک

# دوو کورتەچیرۆک

جەلیل محەمەد شەریف

## قۆناغەکان



ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێ سەر ئاسنینەکەیدا لێک ئاشکرا بوون، تا ئەمڕۆ ئەو هاوڕێیەی تەنیا چاودێر بوو بۆ کردەوە و قسەکانی ئەم، بۆ ئەوەی لە نووکەوە قۆناغەکانی هەڵسوکەوتی ئەم کاک (جیوە)یە روون بن بۆ گوێگرەکان، بە کورتی بە سەریان دەکەینەوە، سەرچاوەشمان بۆ متمانەبوون هاوڕێکەیەتی.

لە قۆناغی یەکەمدا بە ناچاری بێ یان بەخۆبەخشی پەنجەمۆرێکی رەشی لەسەر کاغەزێک دانا. کاتێ بوومەلەرزەیەکی بەهاری تەخت و تاراجی مڵۆزمەکانی هەژاند و هەرەسیان هێنا کاکە جیوە وەک وشت کرابێ کەوتە خۆی، بە هەموو لادا چاوی گێڕا، لە هەموو دەنگ و ئاوازەکان ورد بووەوە، لە شوێن پێیەک دەگەڕا بیکاتە دەلیڤ و دەلاقەیەک و

پردێک خۆی لێوەی هەڵقورتێنێتە ناو دەستەیەک لە خاوەند دەنگ و ئاوازەکان و لەگەڵیاندا ببێتە ئەندامی کۆرس و بکەوێتە گەڕەلاوژێ پێش ئەوەی بڕیاری تەواو بدا چووە ژێر لێفەکەیەوە، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خۆیدا کرد، بابەتەکانی ئەمدیو ئەودیو کرد و ڕێچکەکانی سەردەمی تازە بەراورد کرد. (کامیان ڕۆنەکەی ساغە و گردکەکانی گەورەترن؟ کامیان تا سەر بەردەوام دەبێ؟...) پرسیار زۆر بوون، وەڵامەکانیش دوودڵی و بێ ئۆقرەییان پێوە دیار بوو.

دەرفەت کەمە، با کات بە فیڕۆ نەدەم، دەترسم ئەوانی وەک من مێشکیان لە ئامادەباشیدایە کورسییەکان پڕ بکەنەوە و شوێنم بۆ نەمێنێ، مەگەر ئەوسا هەر خۆم گوێم لە دەنگی خۆم بێ.

لەژێر لێفەکە دەرچووە دەرەوە دەستی بە چەپڵەلێدان کرد و چوو لەسەر شۆستێک ڕاوەستا و گۆرانی و سروود و بانگەوازی تێکەڵاو بە یەکتری کرد. خەڵکان لێی کۆبوونەوە، دوو زەلامی قۆڵ ئەستوور لێی پەیدا بوون، هەر یەکەی گرتی بە قۆڵێکیدا دا بەلای خۆیدا ڕایکێشێ، بازاڕەکەی گەرم بوو، کەوتە گێژەنی چەندان کار و پیشەیەکەوە یەکێ لەو دووانە ڕێی بۆ نیشان دا، ئەمە قۆناغی دووەمە، بە خەویش بە خۆیەوە نەیدیبوو، قۆڵی لێ هەڵمالی هەر ڕۆژەی لە تیڤییەک و رادیۆیەکەوە سەدا و سیمای دەبیندرا و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیریدا ئامادە بوو، گرینگ نەبوو لە بابەتەکان بزانێ یاخۆ نەزانێ، لەبەرئەوەی ڕستەکانی کاک جیوە جۆرێک نەبوون یەک واتایان هەبێ، بیستبووی شیعری نوێ گوایە قسەگەلێکە بە جۆرێک کەسێ بە تەواوی لە مەبەستی شاعیر نەگا. (منیش بۆ وانەکەم؟ بە کەیفی خۆم ڕستەی جیاجیا تەتەڵە دەکەم بۆ ئەوەی بڵێن ئەمە وتاری تازەیە و دەبێ وابێ. گرینگ ئەوەیە خاوەن ڕۆنە ساغەکەم لێ زویر نەبێ و ببمە زوڕنایەکی خۆش ئاواز.) چاودێر دەگێڕێتەوە و دەڵێ ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی لەوە دەچوو دووبارە کشانەوە دەست پێ بکا، دروشمەکان پوچەڵ ببنەوە، کۆڵانەکان تەسک ببنەوە، لە شوێنیاندا دەنگۆی دووبارە وەرچەرخان بڵاو بووەوە، نیگەرانی و ترس ڕێگەیان بردە مێشک و دەروونی، بۆیە چووە ژێر لێفەکەیەوە کۆبوونەوەیەکی نائاساییی لەگەڵ خۆیدا بەستا، لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، یەکەم هەندێ لە باسەکانی ئەنفال و ئازادی دەربڕین و ئاوازی جۆری (ئەی ڕەقیب) کەم بکاتەوە، با باسەکانی لەژێر ناونیشانی (گەندەڵی) و کەم و کورتی و ناڕەزایی دەربڕین بێ، چاودێرە سەر ئاسنینەکەی هەموو بۆچوون و چالاکییەکانی ئەمی تۆمار کرد، بەڵام لە چرکەیەکدا خۆی بۆ نەگیرا، تەقی کرد لە گیانی و بەرپەرچی دایەوە، ئەمەیش لەو ساتەدا بوو کە کاک جیوە دوو قسەی کرد پێوەندییان بەیەکەوە هەبوو.

یەکەم: (کۆشکەکەم تەواو کرد، ئەمڕۆ دەگوازینەوە ناوی) ... (ئەمساڵ منداڵەکانم لە خوێندنی کوردی دەکێشمەوە).. کاتێ چاودێر سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی، ئەم پاساوی خۆی خستە بەر ڕۆژ کە کورتەکەی ئەمە بوو: سبەینێ ئەگەر خاوەن ئەو لاپەڕەیەی کە پەنجەمۆرە ڕەشەکەم خستە سەری پەیدا بووەوە و گلەیی کرد دەڵێم ئەی ئەوە نییە جێگۆڕکێم بە خوێندنی منداڵەکانم کردووە؟ قسەکە لە بەین خۆمان بێ تازە ئیشم بە کەس نەما و ناچمەوە ژێر لێفەکە.

## گۆچان

کاتێ دەرگەی حەوشەی کردەوە، خێزانەکەی بە دەنگێکی توندەوە پێی گوت: زۆر دوور مەکەوە، ئەمڕۆ ناو شار ئاسایی نییە.

ئەم قسەیەکی نەخستە سەر ئەو ئاگەدارکردنەوەیە لە دەرگەکە دەرچووە دەرەوە گۆچانەکەی پێش خۆی دا ڕووەو شەقامی سەرەکی کەوتە ڕێ، لەبەر خۆیەوە دوودڵی و لێکدانەوەی بڕیار و نابڕیارەکانی شەوی ڕابردووی دەور کردەوە (ئەم ڕێپێوانەی بڕیارە بکەوێتە سەر شەقام و کۆڵانەکان و بڕژێتە بازنەکانی سەنتەری شارەوە، چارەنووس سازە لەوانەیە ئەنجامی باشی بۆ دوارۆژی شارەکەمانی لێ بکەوێتەوە).

بە درێژایی شەوی ڕابردوو پرسیاری لە خۆی دەکرد و هەر خۆیشی وەڵامی دەدایەوە.

ئەگەر منێک کە بەردەوام باس لە مەسەلە نەتەوایەتییەکان لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکەم، بەشداری نەکەم لەم ڕێپێوانە مێژووییە چی بە خۆم و خەڵکان بڵێم.

کاکە من پیرم و چاوەکانم کزن لێم مەگرن ئەی ئەگەر سبەینێ چوویتە ئەو دامەزراوە ڕۆشنبیرییە ناو بەناو سەری لێ دەدەی کەسانی ئەوێ بەڕاست و چەپدا باسیان لە هەموو لایەنەکانی ئەم ڕێپێوانە کرد و بەشانازییەوە باسیان لە بەشداریکردنیان دەکرد و ئەوەی دەیانگوت نەیاندەگوتەوە، دەبێ دەمم داخەم و خۆم تێیاندا بەکەمتر بزانم، بڕیارێکە داوەمە پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە ملی ڕێگەی گرت و خۆی خستە نێو ئاپۆڕەی ڕێپێوانەکەوە کە بەرەو ناو شار دەبووەوە چەند ناسیاوێکی خۆی تووش هات.

– ئێی مامۆستا تۆ بەم حاڵەوە بۆ هاتی؟

وەڵامەکەی تەنیا بزەیەک بوو لە لێوەکانی.

رووبارەکە ڕۆ بووە ناو دەریای حەشاماتەکە، گرمەیەکی گەورە شوێنەکەی هەژاند بە دوایدا تەقووتۆق پەیدا بوو، خەڵکەکە شڵەژان و بەیەکدا هاتن. گۆچانەکەی لە دەست دەرپەڕی پاش خوولەیەک دوان شوێنەکە، بەرەو هێوربوونەوە و کپبوونەوە چوو. گەنجێکی خێرومەند گۆچانەکەی گەیاندەوە پێی و بە شێنەیی گەڕایەوە بەرەو ماڵ.

ڕۆژی دوایی سەری دایەوە لە دامەزراوەکە، کاتێ باسی لە بەشداربوونی خۆی کرد لە ڕێپێوانەکە، کەسەکانی ئەوێ چاویان ئەبڵەق بوو، دەمیان بووە تەڵەی تەقیو، سەیری یەکتریان کرد ئەوجا ڕووی دەمیان لەم کرد و بەیەک دەنگ گوتیان ئێمە هیچمان بەشدار نەبووین، چەند چرکەیەک ڕاما و بیری کردەوە و ئەم پرسیارە لەلایدا قیت بووەوە (ئاخۆ ئەوان بەهەڵەدا چوون یان من؟).

چیرۆک

# بیرت دێ؟

نینا کەریمی



دەسماڵ کاغەزییەک دەردێنم و ئاوی دەم و لووتم دەسڕم.

لەبەر هەیوانەکە دانیشتبووین و پاگەلمان لە نەردەکە کێشابووە خوارەوە و تەماشای حەوشەمان دەکرد.

– سوما؟

– ئا؟

– کارێکم بو ئەکەی؟

– چە؟

– ڕوژین هاوساتانم بو جۆرکە.

– چەی پێ بکەم؟

– جۆری کە بۆم، یانێ تەکما بیکە ڕەفێق.

– دەی خوەت بێ تەکیا بوەڕەفێق، بەمن چە؟ وەلێ بەقەوڵ من ئەکەی تەک سارا بوە ڕەفێق. ئەو خوەش تر کایە ئەکات، لە وەخت چاوشارەکێا هیچکە نایدۆزێتەو.

– نەگەوجە، ئەیژم وەک ناو فیلمە تورکییەکە بینە ڕەفێق جا بیخوازم.

– ڕۆژین؟

– ئەرێ توخوا بەلای کەسەو نەیژی. گەرەکم بوو ئەوەڵ خوەت جۆر کەم وەلێ دیم رۆژین زەریفترە.

چ کوتەکێکت خوارد لەسەر ئەو قسە. هیچ کاممان نەماندەزانی خاڵوم لە کەیەوە کوڵەی گرتبوو گوێی لە قسەکانمان دەگرت. ئەی بمرم بۆت، بیرت دێ؟ تا دوو حەوتەی تەواو هەرچی یەکترمان ئەبینی جێگەی کەمەربەندەکانت نیشانم ئەدا و دەتگوت: ئەها، ئەوە لەسەر تۆ وایە پێ هاتگە.

فرمێسکەکانم بەخوڕ دێنەخوارێ. دڵم نایێ پاکیان بکەمەوە. خوڕبوونەوەی فرمێسکەکان هەستێکی خوشم تێدا دەوروژێنێ.

– دەی خاسە بۆ چە ئەگیری؟

– ئەیژن چاوت گێڕ بووگە.

– کێ وتگیە. گوویان خوارد، چاو بەو زەریفییە.

– توخوا ڕاسی بێژە گێڕ بووگە؟

– نە وەلێ ئەونە دەرس بخوێنی گێڕ هەئەوێ ها. جا ئیتر کەس ناتخواجێ. بۆ خوەت ئەیژم.

چاوگەلم ئەکزێنەوە. هێندە گریاوم هەناسەم بۆ هەڵنایە، دەستێک دەنرێتە سەر شانم.

– ئەوە بۆ چە وائەکەی بەخوەت؛ ئاو ئەخوەیتەو بێرم بۆت؟

نازانم کێیە، جوابیشی نادەمەوە. تەنیا ئەوە دەزانم چاوەکانم دەکزێنەوە و دڵنیام تا ئێستا

بەتەواوی سوور بووەتەوە. شتێکی فێنک دەلکێتە سەر لچەداخەوشکەکانم و ئاوێکی سارد دەڕژێتە ناخم.

– ناخو هەڵئەکێشم ئەگەر ڕایتر تاک او گووە بچیتەئوتاقێک و دەرگاکەبەیتەو.

– دەی بابا بۆ چە چەوگە؟

– چەوگەو دەرد. رووداره، روودار. حەز ناکەم تەکیا قسە بکەیت. تواو بوو بڕیاوە.

– بۆ چە قسەی چەمان کرگە؟

– هەر گوویک. دەرسیشی پێ ئەیژی لەم دێو لە بەرچاو خوەمەو خاس؟ بێژەبان چاو.

هەمـوو ڕووێک دەهاتیـتـە بەر قـوتابخـانە و لەگـەڵ یەک دوو هاوڕێت دەوێسـتـای هـەتا ئێـمـە ئەڕۆیشـتـینەوە بۆ مـاڵ. هاوڕێکانت تـەوسیـان بەدۆسـتـانی مندا هەڵئـەدا و تۆش نەتدەتوانی بەر کەنینەکانت بگریت و ناچار دەبووی پشتمان لێ هەڵ بکەیت و دەست بگریتە بەر دەمتەوە.

– دایکە بێژە ئیتر نەیتە بەر مەدرەسە. ئابرووی پێمەو نەهێشگە.

– بۆ چە چەئەکا ڕۆڵە؟

– هیچێ، خوەی هیچێ، ڕەفێقەکانی

قسـەی مفت ئەکەن. ئاغەیش ئەکەنێ بەدەمیـانەو. فرا بێژەئەم گشـتـەدەبیرسـتـان کـەنیـشکانە، فۆچەمەنرەسەی ئێمە؟

قەزای ئەو چاوگەلتە. یاخوا بمرم. چ ئاوێکی تێ زایی بوو ئەو ڕۆژە.

– میمکە سۆما بۆ وا ئەکات؟

– من چەم کرگە ئاغە؟

– میمکە ئەگەر من ئەچمە بەر مەدرەسـە بەخاتر خوەیە، حـەز ناکەم ئەو کورگەلە مـەتەڵەکی پێدا پەڕنن. سۆما نامووس منە.

– منیش خۆ نەموتگە خوەت شتێ. ئەیژم ڕەفێقەکانۆ...

– میمکە بێژە ئیتر تواو بوو؛ نەتێم بۆ ماڵتان نەبێ بۆ ماڵمان

– دەی بۆچە من چەم وتگە ئاوا عاجز بووی؟

– میمکە بێژە ئاوا نەلەسەر ئەوە.

کراسـەکەتت هەڵدایەوە و شوێنی کەمەربەندەکانی خاڵۆمت نیشانمان دا. ئێنجا ڕۆیشتیتە دەرەو دەرگاکەت پێوە دا.

– دایکە تۆ بەخوەیۆ وت یا خاڵۆم؟

– چازانم ڕۆڵە وتم بێژم بەخاڵۆت خاسترە چەم زانی وایە پێ ئەکات.

دڵم ئاگری گرتووە. هەست بەخنکان دەکەم. هەناسەکانم کەوتوونەتە ژمارەهو دەنگیان دەبیسم.

هەر ئەو شــەوە خـۆتت ڕانەگرت و لـەگـەڵ دایک و باوکت هاتی بۆ مـاڵـمـان. لە خـوەشـیـدا پێم نەدەکەوتە سـەر عـەرز. بەڵام کە بیری قسـەکانی بەیانیت کەوتمەوە و ئەوەی کە هـەمـوو وڵامێکت مـیـمکەیێکی لەگەڵ بـوو، ئاگرم گرت و ڕۆیشـتـمـە ژوورەکەی خۆم و هـەتا نەڕۆیشـتـیـتەوە نەهاتمە دەرێ.

ملم بشکێت. دوای تۆ نازانی خۆم چیم لێ هات. لەوا بوو شـێت ببم. هەسـتـم بەشـتێکی سـەیر ئەکرد لە خـۆمـدا . ئرخ سـامـان چاوەکانت یەکسـەر لـە بەرچاومـەوە بوون. نازانی چیم لێ هات بۆ یەکەم ژار ترسام لە خۆم. چۆن تێگەیشتم خۆشم دەوێ.

دەستێکی نەرم سـەرم دەگرێت و دەیخاتەسـەر شتێکی ڕەق و فشاری ئەدات. دەنگی ورەور دێت.

– چەی پێ بکەین ؟

– باوکەڕۆ مەغزی وەختە بتەقێ، تۆ دەس بە لە سـەری.

قیژەیێک بەرزەو دەبێتەوە:ئەی هاوار کارێکی پێ بکەن هـەمیسان حاڵی خراو بوو.

دوای سـێ سـاڵ خـۆمم شکاند و هاتمەوە بۆ لات. بیرت دێ؟ سـێـانزە بەدەر بـوو. دایکم و دایکت تازە ئاشتیـان کردبووەوە و پێکەوە ڕۆیشتبووین بۆ باخەکەی ئێوە. چەن جـار بانگم کردی و وڵامت نەدایەوە. ئـەو ڕۆژو بۆ یەکـەم جـار زانـیم ژانی دڵ چیـیـە و چی لە کچ ئـەکـات. هـەڵـئـەقـرچام و تۆ هـەواڵت لێم نـەئەپرسی. نـاهەقت نـەبوو، دوای سێ سـاڵ قـســەنەکـردن چیت بکردایا؟ تماشــای شـوێنـتم دەکـرد و بیـرم لای تۆ بوو، نەک ئێـشـەکـە و قیـرە و زەقـیـنی دایکم و دایکت. کـەچی تۆ بەتەواوی گۆڕابوویت و نەمتەدی. شەو لە ماڵتانا خۆمم نەگرت.

– سامان؟

– بەڵێ؟

– ژنەفتگمە ئەچی بۆ کلاس قەرەنەی.

هاتیتە پێشەوە.

– ئەرێ. بۆچە؟

– هـەروا چتێ فێر بووگی؟

دەستت بەکەنین کرد. دوای سێ ساڵە وەکەنیژ بەدەممەوە.

– نە، هـەر وا تێم و ئەچم.

گوتت ژەندمیانە حەوزێکی سەهۆڵا. لەبەر چاوە نمناکەکانی خۆتەوە نیشتمە لەرزە. ئابڕووم پێوە نەمـا . تەقـەی ددانم دەهات، زمـانم وشک بـوو و لێـوەکانم پێکەوە نووسـان و هـیـچم پێ نـەوترا . لە پاڵـمـەوە دانیشـتـبـووی؛ وەک سـەردەمـانی منداڵی. دەترسـام دەنگی دڵم ببیـسی. لای سـوبـەکـەوە دانیشـتبووم و دوو کۆتیشم خستبووە سەر شانم کەچی هێشتا سەرمام بوو. پێوەچێ دایکت لەو کاتەوە زانیبێتی خوشتم دەوێ. چونکە ئەوان لە گەرما خەریک بوو بسووتێن.

– ئەی باوکەڕۆ سۆما !سۆما !

یەکێک زلەیێک ئەخەوێنێتە لای گوێچکەما .

– دیانی لکیاگە؛ چەی پێ بکەین؟ دەمی قوڵف بووگە.

چەن زلەیێک چەپ و ڕاس دەکێشنە سەر گۆناگەلم. هەر چەن دەکەم ناتوانم چاوەکانم بکەمەوە. پێم خۆشە پێیان بڵێم وازم لێ بێنن هیچم نییە بەڵام چەناگەم لکاوە و ناتوانم ئەو زمانەی وەکو چێو ڕەق بووە بجووڵێنم.

کە فرمێسکەکانتم بینی دنیا ڕما و بووم بەژێریەوە.

– ئەوە چەس سامان؟

– سۆما ئیتر ناتوانم؛ باوکم ژیانی لێم حەرام کرگە.

– باشە بۆ ئەوە ئەگیری؟

– نەخەفەت ڕۆژینمە.

هەستم کرد دڵم داکەوت و لەخەلەئدا ون بوو. سەرم. . . ئاخ ناتوانم بڵێم چیم لێ هات. سەر پەنجەکانم ڕچان و هەموو گیانم سڕ بوو. بەناراو زمانە وشکە لکاوەکوم جووڵاندەوە.

– ڕۆژین؟

– ئەرێ، ئاخر ئیتر. . .

گریان بردتیەوە. خۆزگە بیری نیگاکانی دایکت نەدەکەوتمەوە و پێتم دەگوت.

– گیریانی بۆچەس؟ مەگیرە درووس ئەوێ.

– چە درووس ئەوێ؟ ڕۆژ ڕەشی چەی پێ ئەکرگێ؟ لای باوک خوەیشمە و نەمهاورگە. ڕۆژ نییە نەیژێ هەر لە سک دایکتە و قینم بووگە لێت. باوک ئاوا بێ گلەیی چە بکەم لە بێگانە.

هەموو ڕوومەتت فرمێسک بوو. کەچی لە ناکاو وەکو ئەوەی شتێکت دۆزیبێتەوە، سەرت هەڵهانی. لە بیرتە چیت وت؟

پرشەی ئاوەکە چاوەکانم دەکاتەوە. هیچ یەک لەمانەی خەریکی قیژ و واژن ناناسمەوە.

– خاسی؟

وڵامیان نادەمەوە.

– سامان من زانگ بەم بۆ ڕۆژین؟

– نە.

– بۆچە؟

– وتم نە.

ئوقرەم لێ بڕابوو. بەرگەی دوورکەوتنەوەیەکی ترم نەدەگرت. ئەمزانی بەس ڕۆژین ئەتوانێ بەرت

پێ بگرێ. چیم بکردایا؟ چەن جار زەنگم بۆ دا. جوابی نەدامەوە. ناچار بووم بێ پرسی تۆ بچم بۆ لای. هور کەمزانی چۆن و کەی گەیشتمە بەر ماڵیان. کە دەرگاکەم کردەوە لە حەوشەدا دانیشتبوو شتێکی ئەخوێندەوە.

– سلام رۆژین گیان.

– سلام. تۆ لێرە چە ئەکەی؟

– هاتگم تەکتا قسە بکەم. ڕاسە لە سامان جیا بووگیتەسەو؟

– ئەرێ. گەییتەمرای خوەت، خواشی لە خوەت.

– چە؟

– هیچێ، خۆ تۆ نەوی ئەتوت رۆژین هەرگی کرگە سەر سامانا. نام فۆچەوازی لێ نایرێ. ئەوە وازم هاورد ئەو چتە شرینە هەر بۆ تۆ.

– رۆژین گیان ئیسە وەخت ئەم قسەگەلە نییە. سامان ڕمیاگە. دوو رۆژا باشی گیریانە.

– دەی بەمن چە؟

– هیچ نەووێ چەن ساڵ بەیەکەو بووگن. گیانیشت گاراک بێت لێتی درێخ ناکا. ئەو خوێرییە چەی هەس وا سامان نیسی؟

– قسەی دەمۆ بفامە خوێری سامانە وا دوای. . . هەڵسە بەدەرەو. من چ گەوجم گوێچکە ئامە قسەتۆ.

قەت ئەوەندە هەستم بەورد بووین نەکردبوو. حەزم ئەکرد قژکێشی ناو حەوشەکەی کەم. بەڵام کە بیری فرمێسکەکانت کەوتمەوە خۆمم ڕاگرت و کەوتمە مل دەس پایا. دەستیم ماچ ئەکرد و بەدەم گریانەو ئەپاڕامەوە:

– تۆ خوا رۆژین، با نەچێتە او دێو خوەی باتەکوشتا. کافتگەسەسەری. هەرگ مەکەسەرما. خوەیشت پەشیمان ئەویتەو. رۆژین. . . رۆژین. . . رۆژین. . .

سەرم سەنگینە. هەمیسان چاوەکانم بەدەم کزانەوە و فرمێسک ڕژاندنەوە ئەنووقێن و سەرم زرم ئەداتە مل شتێکی رەقدا.

چەن کەس ژێر باڵمیان گرتووە و دەیانەوێ بەرزم بکەنەوە و بمبەن. دەگی قیژەیان دێت. لەژێر چاوە ماسیاگەکانمەوە لە خەڵکەکە ئەڕوانم. هێشتا رۆژین نەهاتووە. لە دوورەوە دەنگی دایکت دێتە گوێم. بەدەم گریانەوە بانگت دەکات. بۆی داڕوانم. لەسەر جێگەکەی من دانیشتووە و خوێنی سەرم لەسەر کێلەکەت دەسرێتەوە.

چیرۆک

# ئاوازی مردن

سواره کافرۆشی

ژەنیاری منداڵ بە باوەشی دایکییەوە دانیشتووە هێشتا پایزی تەمەن زۆری ماوە ڕەشەبای تێدا هەڵبکات و خەونە بچکۆلانەکانی وەک گەڵای زەردی خەزان لەگەڵ خۆیدا بۆ بیابان ڕاپێچ بکات، ژەنیار لەوانەیە خەونی ژەنینی هەبووبێ، ئەو ئێستا بەدەم وەنەوزەوە بە سینگە بچکۆلانەکەی لە بەیانییەکی ئاوا زوودا ئاوازی ڕۆژێکی تووش دەژەنێ، هەست دەکەم کۆتاییی ژیانمان نیشان دەدات، ئەو کات کەسمان بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئەمە دوا ئاوازەکانی ژەنیار بێت. ئەو بەو ئاوازە بچکۆلانەیەی ناو سینگی ماڵئاوایی لێ دەکردین و ئێمەش لە خەمی چاکبوونەوەیدا بووین، ژەنیار پەپوولەکەی ماڵەوە هەموو کات دەم بەخەندە و گاڵتەچی منداڵێکی بێ گوناە، گوناهتر لە پەپوولەیەکی باڵکراو، هەردەم هەناسەسوار، ئاوازێکی غەمین لە هەناسە و گاڵتەوگەپە منداڵانەکانیدا بەدی دەکرا، ئەو ڕۆژەی ژەنیار ناخۆشترین ڕۆژی تەمەنی خۆی و خێزانەکەی بوو، لە باوەشی دایکیدا، وەنەوزی دەدا و هەناسەسوار، وەک کەسێکی هەڵاتوو لە بەندینخانە ماندوو دیار بوو، وەک کەسێک دەیان ساڵ بێت بە ڕێگەوە بێ و نەخەوتبێ وەنەوزی دەدا، هەناسەی ڕێگای پێ دەگرت بنوێ، چاوەڕێی نوورێکی خوایی بوو بێت و



لەسەر ئەو نووره پاڵكەوێ، پزیشكە نەزانەكان یەك لە دوای یەك دەهاتن و سەردانیان دەكرد، هەریەكە و شتێكی لەبارەی دەگوت، ژەنیاری بێ ئارام لە ژەنینی هەناسەكانی نەدەبووەوە.

ژەنیار بەدەم وەنەوز و هەناسەی سوار و گریان و هەندێك خورپەی پێكەنینی ناو دڵییەوە تەماشای ئەو كەسانەی دەكرد كە دەهاتن بۆ سەردانی.

لە باوەشی دایكییەوە لە دەوروبەری دەڕوانی تەماشای باوكی دەكرد، دەستی بۆ باپیری بڵند دەكرد تا هەڵی گرێ، بەڵام ماندوویەتی وای لێ دەكرد هەر زوو دەستی داگرێت و بێ ئارام بێت، تەماشای خاڵی دەكرد كە دەیویست بیهێنێتە پێكەنین و پێی بڵێ ژەنیار تۆ دەبیتە ژەنیارێكی بەتوانا، بەڵام خاڵی نەیدەزانی چۆن پێی بڵێ، تۆ هونەرمەندە بچكۆلەكە و پاڵەوانی چیرۆكێكی بڵاونەكراوەی منی، نەیدەزانی چۆن و بە چ زمانێك پێی بڵێت گیانەكەم هەناسەت راگرە و بۆ جارێك لە داهاتوو رامێنە، نەیدەتوانی پێی بڵێ ژەنیار بەهێزبە و بەرەنگاریی رەشەبای خەزان ببەوە...... ئای خوایە زمانی منداڵ چەند سەیرە، من دوای بیست و دوو ساڵ هێشتا نازانم بە زمانی ئەوان بدوێم.

ژەنیار وەنەوزەكانی وەك باڵندەیەكی فریو وابوون لەسەر چاوانی نەدەنیشتنەوە تا بنوێ، هەناسە تەنگەكانی بۆ جارێك دەرگەیان واڵا نەكرد تا بتوانێ بە ئاسانی سەما بە هەناسەكانی بكات، نەیدەتوانی بۆ جارێك ئاوازێكی دڵخۆشكەر بە ژێیەكانی بژەنێ، نەیدەتوانی بە هەناسەیەك بە دایكی بڵێ خەمت نەبێ دایە گیان من چاك دەبمەوە، نەیدەتوانی بەباوكی بڵێ ئەم جارە كە هاتییەوە نوقڵی ترش و شیرینم بۆ بێنە، بەباپیری بڵێ باوكە وەرە با وەك دوێنێ یاری بكەین بەیەكەوە، بە خاڵی بڵێ خاڵە گیان خەمت نەبێ ئەو خەونەی تۆ بە منەوە دەیبینی هەمان خەونم هەیە و دەیهێنمە دی، نەیدەتوانی..... نەیدەتوانی و نەیدەتوانی هەزاران شتی پەنهانی دڵە بچووكەكەی ئاشكرا بكات.....

ژەنیار لەو بەیانییەدا تەواو ئۆقرەی لێ برا بوو، نەخۆشی زۆری بۆ سینگە بچكۆلانەكەی هێنا، وەك كۆترێكی باڵكراو هەر دەیویست بفڕێ و نەیدەتوانی بۆ هەواری خۆی بگەڕێتەوە، ژەنیار لە چاوانیدا دیار بوو دەیوت باوكە، دایكە ژیان ئاوازێكی رەشە كەمانچەژەنێك دەیژەنێ، وێنەكێشێك دەینەخشێنێ و شانۆكارێك بەرجەستەی دەكات..

من ئێستا بوومەتە بەرجەستەكەری ئەم شانۆگەرییە و وەك شانۆگەرییە كۆنەكانی سەردەمی گریك قەدەر زاڵە بەسەرمدا، بڕوام بەو قەدەرە هەیە كە خواوەند نەخشاندوویەتی، ئێستا منم بەرجەستەكەری ئەم شانۆیە تەنیام و رۆڵ دەبینم، ئاوازێكی خەمگین كە لە ناخمەوە قوڵپ دەدا بووەتە باكگراوندێكی موزیكی هەناسەكانم، رۆژێك دێت لەم ئاوازانە بگەن، دایە ئێوە تەماشاكەرن و هیچتان پێ ناكرێ، تەنیا ئەوەتان لەسەرە لەگەڵ بارودۆخی شانۆگەرییەكە لەگەڵم بڕۆن، بە گریانم ئێوە بگرین، بە شادیم پێ بكەنن، بەڕۆیشتنم نیگەران بن، بەڵام ئەوەتان بیر نەچێ كە هاتمەوە بەناوێكی جیاواز دێمەوە بەڕەنگێكی جیاواز و بە هەناسەیەكی جیاواز و بە پێكەنین و

گاڵتەوگەپێکی جیاواز دێمەوە بۆ باوەشتان. دایکە بەڕۆیشتنم بۆم مەگری، تۆ چۆن بە هاتنم پێکەنیویت بەرۆیشتنیشم شادومان بە ئەگەر گریای بۆ من بگری، با باوکیشم بە تەنیا بۆم بگری، گریانێک ئازاری من نەدا، چونکە هەرگیز بەیەکجاری جێت ناهێڵم دایە گیان.... بەرەنگێکی تر دێمەوە، بەتەمەنێکی درێژتر دێمەوە، دایە ئەم جارە بێمەوە دەستم دەگری و دەمبەی بۆ قوتابخانە، باوکە ئەم جارە بێمەوە دەچین بۆ بازاڕ، باپیرە گەر هاتمەوە لەسەر کۆشت دادەنیشم و دەستەکانت ماچ دەکەم، لە باوەشتدا دەخەوم و کاتێک هەڵدەستم یاری دەکەین، تۆپم بۆ بکرە تا دێمەوە، خاڵە خەمت نەبێ ئەم جارە بێمەوە نابم بە ژەنیار، دەمەوێ ببم بە چیرۆکنووس، یان دەرهێنەرێکی شانۆیی، نەنە توخوا کە هاتمەوە جلی جوانم بۆ بکرە، پورێ تۆش نوقڵی ترش و شیرین و نازم هەڵگرە. منیش کە هاتمەوە چەپکێ خۆشیتان بۆ دێنم هەر ئەوەندەم لە توانایە پێ بکەنم و گرۆگاڵ بکەم....

دوای ئەوەی ژەنیار زۆر خۆی راگرت لە نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا نوورێکی سەوزی خوایی هات و روحە گەورەکەی ژەنیاری بە ئاوازێکی هێمنەوە بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، کردی بە پەپوولەیەکی روحسووک و بەسەر گوڵ و دارستانەکاندا فڕاندی.

هەورێکی رەش هەواری خێزانەکەی داگرت، هەموان هەناسەسوار چوون ژەنیار دەگریان و هەناسەیان سوار دەبوو، باوک بێ ناز کەوتبوو بۆ مەرگی کوڕەکەی دەگریا، دایکی بێ ئاگا بانگی کوڕە تاقانەکەی دەکرد، باپیری لە زیکرێکی خواییدا بێ گوناهانە هاواری دەکرد و دەیگوت ژەنیار گیان بۆ جێت هێشتم، خاڵی فرمێسکەکان لە چاوانیدا قەتیس مابوون، خولیاکانی ژەنیاری بیر دەکەوتەوە....

جەستەی ژەنیار ئەم جارە بێ هەست، بێ هەناسە، بچکۆلەتر لەوەی هەبوو، لە باوەشی خاڵیدا لە بەتانییەکەوە ئالابوو، روحی ژەنیاریش بەسەر جەستەیەوە وەک شەمێیەک کە وێڵی رووناکی بێت، بەدوای بوونی خۆیدا دەگەڕا و ماڵئاوایی لە جەستەی کرد و بزر بوو.

جەستە بێ روحەکەی ژەنیار بەرەو گۆڕستان برا، بەسەر دەستی خاڵییەوە هەموان زکریان دەکرد بۆ مەرگی ژەنیار، باپیرێک نەیدەتوانی فرمێسکەکانی رابگرێ، باوکێک هەمیشە چاوی لە خاڵێکدا جێ دەما کە روحی ژەنیاری پێدا دەفڕی، خاڵێک بەدەستەکانی خۆی ماڵی ژەنیاری بۆ هەتا هەتا دروست دەکرد و پەیتا پەیتاش فرمێسکەکانی بەردەبوونەوە ناو ماڵەکەی و زەوییەکەیان نەرم دەکرد، ماڵێک لە چوارچێوەیەکی بچووکدا، دەبووە ماڵی هەتاهەتایی ژەنیار.

دوای ئەوەی ماڵەکەی ژەنیار تەواو بوو، باپیری بەدەستەکانی خۆی جەستەی ژەنیاری هەڵگرت و جەستە بێ روحەکەی ماچ کرد و لەناو ماڵە تاریکەکەیدا بۆ هەتاهەتا پاڵی خست.

پاش چەند رۆژێک دایکی هاتە سەردانی ماڵە بچکۆلەکەی ژەنیار، بۆی دەگریا و بانگی دەکرد، بەڵام ژەنیار لە خەوێکی هەتاهەتاییدا بوو، بێ ئاگا لە دایکی نووستبوو، دایکێک کە بەدەستی خۆی بۆ دوا جار ئاوی بە کۆرپەکەی دا بۆ ئەوەی لە خەودا تینووی نەبێت.

چیرۆکی وەرگێڕاو

# باوە ماچم کە

متیرا ئیلیانی

لە فارسییەوە ئەمین گەردیگلانی



قژی سەرم زۆر زبر و ڕەقە، بە جوانی شانە ناکرێ، دایکم قردێلەیەک لە پشتە سەرم دەدات و پەلکەم بۆ دەهۆنێتەوە. گوریسی هۆنراوەی پرچم کە هێشتا بە دەستییەوەیە توند دەیکێشێ و ئازارم پێ دەگا. چاوێک لە دایکم دەکەم و پاشان لە باوکم کە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرێ دەکات:

– «سێ کەسن لەناو پەیکانێکی سپیدا. بۆینباخ لە ملەکەیان لە دواوە دانیشتووە.»

– «هەر ئەوانەی دوێنێن؟»

باوکم سەری دەلەقێنێ. دایکم گرژ بووە، ڕاست وەک ئەو ڕۆژەی کە هەواڵیان هێنا خاڵم تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە:

– «ئێستا چ بکەین؟»

باوکم دەزانێ چاو لە ئەوان دەکەم، دەستێک بە سەرمدا دێنێ.

– «وەکو هەموو ڕۆژێک کچەکەمان بەرە بۆ قوتابخانە،

وا بنوێنە هیچت نەزانیوە.»

دایکم بەنی کەوشەکانم بۆ دەبەستێ.

– «دەیانەوێ بتبەن؟»

باوکم دەچێتە ماڵی فیکرەوە:

– «نا، پێم وا نییە، ئێستا کاریان بە سەر منەوە نییە.»

داوێنی کراسەکەی دایکم دەکێشم.

– «دایە ئەو پیاوانە دەیانەوێ باوکم بەرن؟»

دایکم وەک ئەوەی تازە منی دیبێ، لچم لێ هەڵدەقورتێنێ و مۆڕەیەکم لێ دەکا. دەزانم نابێ قسە بکەم، دەبێ بێدەنگ بم. باوکم دەڵێ:

– «دەیانەوێ بزانن کێ هاتوچۆی ئێرە دەکا. جارێ کاریان پێم نییە.»

– «ماڵەکەت خاوێن کردووەتەوە؟»

– «ئەرێ ئەگەر بێن، هیچیان وەگیر ناکەوێ.»

– «کێ دێ باوە گیان؟»

باوکم چاوێکم لێ دەکا:

– «هیچ نییە کچم، برۆ خەریکی یاریی خۆت بە.»

شەوێ لە سووچێک خەوتم و خەم دایگرتم. ئەگەر شەوێ بدەن بە سەر ماڵەکەماندا و باوکم ببەن، ئێمە چیمان پێ دەکرێ؟ لەم ڕۆژانەدا باس باسی بردنی باوکمە.

باوکم دەڵێ: "تۆ خەمی هیچت نەبێ، لە سەرەخۆ بە. ماوەیەک ڕام دەگرن و پاشان بەرم دەدەن، خۆ هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە."

باوکم لە پەنای خۆی دەمخەوێنێ، دەست دەکاتە ملم و من سەرم دەنێمە سەر سینگی. باوکم پێم دەڵێ: "کولێرە هێندی."

پێ دەکەنم: «باوە بۆ پێم دەڵێی کولێرە هێندی؟»

– «چونکە تۆ کولێرە هێندیی خۆمی.»

دەترسم بچم بۆ (W.C). دەترسم حەوشە دزی لێبێ. کاتێک لەناو جێگەکەمدا ئەمدیوەودیو دەکەم، باوکم هەڵدەستێ و دەمبا بۆ (W.C). کە چاوم هەڵدێنم ئەوان دەبینم، لە پێشدا قەڵەوەکەیان پاشان ئەو دوو ڕەقەڵە درێژەی تر، هەموو شتێکیان لە دۆڵابەکە دەرهێناوە و هەڵیان ڕشتووە، ناو کتێبەکانی باوکم دەگەڕێن. جێگەوبانەکەی ئێمە دەشێوێنن.

دەقیژێنم: «دز!»

باوکم دەڵێ: «بخەوە کچەکەم، بخەوە.»

توندتر دەقیژێنم.

قەڵەوەکە چاوم لێ دەکات و بەباوکم دەڵێ:

– «دەمی لێک نێ، دەنا خۆم بێدەنگی دەکەم.»

دایکم لە پەنامدا دادەنیشێ و دەستم دەگرێ:

– «دەڵێی گڕی تەندوورە.»

– «دایە باوکم لە کوێیە؟»

– «چوو بە دوای کارێکدا ڕایان سپاردبوو.»

– «کەنگێ دێتەوە؟»

– «ئەوەندە مەپرسە، وەڕەزت کردم.»

لەناو جێگاکەمدا خۆم دەتلێنمەوە و دەقیژێنم: «دز... دز...»

دایکم ڕام دەتەکێنێ، چاوم هەڵدێنم.

– «بتبەم بۆ (W.C)؟»

– «نا، ناچم.»

– «دز نییە مەترسە، سێبەری دارەکانە، بخەوە کچەکەم.»

لە پەنای باوکم دادەنیشم.

– «باوە مووشەرعێن یانی چی؟»

– «مووشەرعێن دەکەم لەگەڵ نەزانێ... ئێستا تۆ دەبێ شیعرێک بڵێی سەرەتاکەی بە (ێ) دەست پێ بکا.»

باوکم لەناو ژوورەکەدا وەدوام کەوتووە، یاری دەکەین و دەنگی هەرا و پێکەنینمان ژوورەکەی داگرتووە.

– «باوە بۆ پێم دەڵێی هەتاو خانم؟»

– «چونکە تۆ هەتاو خانمی خۆمی.»

لەسەر عەرزە ساردەکە تل دەخۆم. من نابێ هیچ قسەیەک بکەم، نابێ هیچ بپرسم.

– «چییە خێرا بڕیارەکەت گۆڕی، خۆ تۆ دەتویست ببیە دوکتۆر؟»

– «ئاخەر ئەو هاوڕێیەت وا ئەو ڕۆژە هاتبوو دەیگوت مامۆستایەتی زۆر کارێکی پیرۆزە. باوە بۆ ئێستا نایە بۆ ئێرە؟»

– «کێ کچەکەم؟»

– «ئەو هاوڕێیەت وا نوقڵی بۆ هێنام، گوتی ببمە مامۆستا باشترە، چونکە دەتوانم یارمەتیی

خەڵک بدەم کە خوێندەوار بن.»

دوایین قەڵەمی پێدا دێنم. خەتی دەوری لێوی دەکێشمەوە، وێنەی ڕوخساریم کێشاوەتەوە، پێشانی دەدەم. بە لەپی دەستی لە پشتم دەدا: «بژیی»

لە باوەشم دەکات. کاتێک شیعر دەخوێنێتەوە لە پاڵیدا دادەنیشم. پێکەوە بە دەنگی بەرز دەیخوێنینەوە.

– «باوە شیعرەکانی تۆ زۆر خۆشن، تۆ شاعیرێکی گەورەی.»

– «کێ دەڵێ من شاعیرێکی گەورەم؟»

– «ئەو هاوڕێیەت کە ئیتر نایە بۆماڵمان.»

بە دالانێکی سارددا تێ دەپەڕم و دەچم بۆ ژوورەکە. باوکم کتێبەکەم پێشان دەدا:

– «ئەم کتێبەت لە کوێ بوو؟»

باوکم بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوی.

– «باوە تۆ ئەو کتێبەت خوێندووەتەوە؟»

باوکم سەری دەلەقێنێ:

– «کاتێک لە چاپخانە کارم دەکرد هەموو ئەوانەم خوێندەوە، بڕۆ لە جێی خۆی دانێ.»

دایکم بەسەر باوکمدا دەگوڕێنێ:

– «خۆ تۆ دەتکوت هەموو ئەوانەت سووتاندووە؟»

کتێبەکە لە دەستم دەستێنێ. بە بێدەنگی بۆ لای دەرگاکە دەخوشێم و لەوێ خۆم مات دەکەم. گوێم لە دەنگی دایکمە:

– «مەسەلەی ئابادان چی بوو؟»

– «خۆ بۆم باس کردی بڕیار بوو لەوێ خۆپێشاندان ساز بێ بۆ ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان، منیان بۆ ئەوە ناردبوو، بڕیار وابوو خۆپێشاندانەکە هێمنانە بەڕێوە بچێ و توندوتیژی نەبێ. بەڵام چەکدارەکان هاتن، خۆپیشاندانەکەیان شێواند و زۆر کەسیان قۆڵبەست کرد.»

– «چۆنبوو تۆ نەگیرای؟»

– «یەکێک لە هاوڕێکان لەژێر ئەشکەنجەدا ناوەکانی درکاندبوو، خۆی دەیگوت ناوی منی لە بیر نەبووە. ساڵی دوایی کە لە شەقام چاوم پێی کەوت ئەوەی پێ گوتم.»

ترپەی پێ دێ، خۆم دەگەیەنمە هۆدەکە. ڕقم هەڵدەستێ و مان دەگرم. من نابێ قسە بکەم.

باوکم کاغەزی دیارییەکە دەکاتەوە:

– «ڕۆژی لەدایکبوونت پیرۆز بێ.»

دایکم ناوچاوانی تێک دەنێ:

– «هەتا ئەم کاتەی شەو چووبووی بۆ کوێ، دیسان لەلای هاورێکانت بووی؟ تۆ بۆ دەست لەو کارانە هەڵناگری؟»

لە باوکم دەڕوانم. باوکم قسە ناکا. دوای چەن چرکەیەک دەڵێ:

– «وەرن با فاڵی حافز بگرینەوە.»

دیوانی حافز دەکاتەوە و دەخوێنێتەوە:

«دڵە موژدەم بدەیە دێتەوە عیسا نەفەسێ

دێ لە هالاوی پشووی گەرموگوڕی بۆنی کەسێ»

دایکم دەنگی بەرز دەکاتەوە، ڕاست وەک ئەو کاتەی کە من نمرەی خراپ دەگرم:

– «دیسان چووی بۆ لای هاورێکانت؟»

– «دەی چووم ئیتر، مەگین مرۆڤ دەتوانێ خۆی بگۆڕێ؟»

ڕووی لە دایکم وەردەگێڕێ. دایکم دەنگی هەڵدەبڕێ:

– «هەر ئەوان پێوەیان کردی.»

باوکم سەری بەرز دەکاتەوە:

– «نا قسەی وا مەکە، ئەوان کاری وا ناکەن، سیخوڕمان لەناودا بوو.»

دایکم دەست دەکات بە گریان:

– «ناهێڵم بتبەن.»

– «باوە ناوی نهێنی یانی چی؟»

ڕۆژنامەکانی نیشان دەدەم:

– «هاورێکەت گوتی شیعرەکانی تۆ بە ناوی نهێنی چاپ دەبن.»

دایکم ڕۆژنامەکەی لە دەستم ساند:

– «ئەم شیعرە تۆ نووسیوتە؟ کە وایە لەبەر ئەمانە هاتن بۆ گیانت؟»

باوکم چاو لە دەرێ دەکات:

– «پێم وا نییە.»

پاشان دایکم دەڵێ:

– «هەر لەوێن؟»

دایکم دەچێ و سەیری دەرێ دەکات:

– «بوونەتە چوار کەس، یەکێکی تریشیان پێ زیاد بووە.»

– «باوە تۆ ئەو کتێبەت خوێندووەتەوە؟»

چاویلکەکەی دادەگرێ و چاوم لێ دەکات:

– «تۆ ئەوەت لە کوێ هێناوە ڕۆڵە؟»

دایکم چاو لە کتێبەکە دەکات:

– «من نەمگوت ئەوانە بسووتێنە.»

لە ژوورەکەوە گوێم لە دەنگیانە.

– «چۆنتان شەونامە چاپ دەکرد؟»

– «لە شەوەوە هەتا بەیانی.»

– «چۆن خۆت گەیاندە ئابادان؟»

– «شۆفێرێکی کامێون سواری کردم، گوتی وا بنوێنە شاگرد شۆفێری. ئاخەر منیان خستبووە ژێر چاوەدێری.»

دایکم ترساوە. کتێبەکان ئاور تێ بەردەدا. دووکەڵ حەوشەکە دادەگرێ.

باوکم دەسماڵێکی تەڕ دەنێتە سەر ناوچاوانم و یاوپێوەکە لەژێر زمانم دەردێنێ.

–«دایە خۆ ئەوانە دز نین ئەی بۆ؟...«

دایکم دەستی لەسەر لێوی دادەنێ و دەڵێ: «وست.»

دەترسم و خۆ بە دایکمەوە دەنووسێنم. ماڵەکەمان پڕ بووە لە دز. دزەکان بە سرتە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن.

لەناو جێگەکەمدا دەجووڵێمەوە. باوکم هەڵدەستێ. دەرێ تاریکە و چاوچاو نابینێ. باوکم دەڵێ:

– «سێبەری دارەکانە، چاوت بنووقێنە و بخەوە.»

دەستی لەسەر ناوچاوانم دادەنێ:

– «کچە جوانەکەم ئەگەر من ماوەیەک بچم بۆ سەفەر تۆ دڵتەنگ نابی؟»

دەستی دەگرم. دەستی هێندە ساردە دەڵێی سەهۆڵە.

– «بەڵێنم پێ دەدەی خەم نەخۆی؟»

– «بەڵێنت پێ دەدەم باوە گیان.»

– «بەڵێنیشم پێ بدە لە قسەی دایکت دەرنەچی.»

دایکم دەڵێ:

– «من ناهێڵم بتبەن.»

دەدا لە پرمەی گریان.

– «باوه گیان گۆرانیی "ماچم بکە"م بۆ بڵێ.»

بە دەوری یەکەوە دانیشتبووین، دایکم شانبەشانی باوکم دانیشتووە. باوکم دەست دەکات بە گۆرانی گوتن، دەنگی زۆر خۆشە.

– «باوە ئەو گۆرانییە خۆشانە لە کێوە فێر بووی؟«

دایکم پێ دەکەنی، باوکم چاو لە دایکم دەکا و گۆرانی دەڵێ.

لە دالانەکەوە ترپەی پێ دێ.

– «هێندە گەرمە دەڵێی گڕی تەندوورە.»

دزەکان بە دەرگە و دیواری ماڵەکەماندا هەڵدەگەڕێن.

– «کچە جوانەکەم دڵی خۆت نارەحەت نەکەی ها.»

ترپەی پێ دێ. لەناو پێخەفەکەمدا هەڵدەستمە سەر پێ و دەقیژێنم. پیاوە قەڵەوەکە دەڵێ: «بێدەنگی کە.»

لەسەر عەرزەکە هەڵدەخلیسکێم. قەڵەوە پاڵم پێوە دەنێ.

باوکم دەڵێ:

– «لە کۆڵ ئەو منداڵە بەوە.»

دزەکان دێنە ناو ژوورەکەوە و باوکم لەگەڵ خۆیان دەبەن. دایکم بە دوایاندا دەڕوا. لە دالانەکە گوێم لە دەنگیەتی:

– «ناهێڵم بیبەن.»

دەنگم هەڵدەبڕم:

– «باوکم مەبەن.»

لەسەر جێگەکەم هەڵدەستمە سەر پێ. ژوورەکە دەجووڵێتەوە. دیوارەکان دەچنە پێشێ و دێنەوە دواوە. خەریکە میچەکە بە سەرمدا بکەوێ. چاوم دەکزێتەوە.

– «ئاو، ئاو. باوە گیان من توونیمە.»

لە ژوورەکە دێمە دەرێ. ترپەی پێ دێ. دەنگەدەنگ وڵاتی داگرتووە. ماڵەکەمان پڕ بووە لە دز. تەواوی کەلوپەلی ماڵەکەیان بە یەکدا داوە. لەناو حەوشەکەدا لەملا بۆ ئەولا دێن و دەچن و سرتوخورتیانە.

– «باوە گیان ئەو گۆرانییە خۆشانە کێ فێری کردووی؟»

باوکم پێ دەکەنێ.

– «باوە گۆرانیی «ماچم بکە»م بۆ بڵێ.»

نامە

# مرۆڤێک
# بە ئامادەگییەکی فراوانەوە

لە عەرەبییەوە: ئومێد عومەر

چاوە تیژبین و ڕیشە درێژەکەی، کەسایەتیی (لیۆناردۆ)یان بلیمەت نمایش دەکرد، بێگومان بەکردەوەش بلیمەتی و لێهاتوویی لە کارەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە. ئەمرۆکە ئەگەر سیمبوڵەکانی سەردەمی ڕێنیسانس هەژمار بکەین، (لیۆناردۆ دافنشی) بەیەکێک لە سیمبوڵە هەرە دیار و بلیمەت و داهێنەری سەردەمی ڕێنیسانس دێتە هەژمار. ئەم لە زۆر بواردا شارەزا و بە ئەزموون بوو، لەوانە (پەیکەرسازی، نیگارکێشی، ماتماتیک، ڕووەکناس، میکانیک و فیزیک، ئەستێرەناسی و جیۆلۆجیا و فسیۆلۆجیای مرۆڤ و ئاژەڵ و هونەرە سەربازییەکان و... هتد. سەرباری ئەمانەش فکرەی زۆری لە زهندا بوو کە نەیدەتوانی لە یەک کاتدا ئیشیان لە سەر بکات، هەر لەبەرئەوە یاداشتی دەکردن و دواتر سۆراغی دەکردنەوە. (لیۆناردۆ دافنشی) لە نێوان سالانی (١٤٥٢ - ١٥١٩)دا ژیاوە، هەر لەو شارە بچووکەی ئیتالیا کە ژیانی تێدا دەگوزەراند، لە سەندیکای هونەری ڕێنیسانسدا بوو. شاری فلۆرانسا



کارگەگەلێکی پڕ جموجۆڵی لە خۆیدا کۆ کردبووەوە و پیشەوەرانیش پیشە و هونەری خۆیان تێدا بەرجەستە دەکرد، لە ڕاستیدا هونەرمەند مامۆستایەکی پیشەیی لێهاتووش بوو لە بەکارهێنانی مەواد و کەلوپەلەکاندا.

## نامەی (مۆنالیزا بۆ لیۆناردۆ)

لیۆناردۆی ئەزیز ...

من و هاوسەرەکەم زۆر دڵخۆش بووین بە کێشانی تابلۆکەی روخساری من، ئەو میوانانەی سەردانمان دەکەن بە تاسەوە حەز دەکەن تابلۆی (مۆنالیزا) ببینن، پرسیارم لێ دەکەن کە بۆ چی لە تابلۆکەدا بزەم کردووە و زەردەخەنەم لەسەر لێوە، بەڕاشکاوانە لە یادم نییە بۆ چی بزەم دەهات، ئاخۆ تۆ هیچت لە بیر ماوە؟!

سەرکەوتوو بیت هاوڕێم ....

لیزا دلاجیاکۆندوئە

فلۆرەنسا



## نامەیەک لە (سزار بورژیا) وە بۆ (لیۆناردۆ)

لیۆناردۆی بەڕێزم...

خۆشحاڵم کە پێشنیازی ئەندازیاری سەرەکیی زەوی و پرۆژەکانی خۆمت بۆ دەکەم، بە هۆی فراوانبوونی پرۆژەکانمەوە، داوا لە بەڕێزت دەکەم سەرپەرشتی پرۆژە و دروستکردنی قەڵا و بەندەرەکانم بکەیت، لە بەرامبەریشدا لە هەموو کەس زیاتر مووچەت دەدەمێ. لەبەرئەوە لەم ڕووەوە داواکاریی تر قبووڵ مەکە. ئیشەکانی بەڕێزتانم لە شاری (میلان) بینیوە و ئێستاش بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەڕێزت دەکەم بێیتە لای من.

سزار ئورینۆ

## نامەی یەکێک لە خوێندکارانی لیۆناردۆ، بۆ دایکی

لە فرەنسیسکۆوە

بۆ دایکی خۆشەویستم...

بێگومان سەیرە بەلاتەوە لە بەسەرهاتی داگیرکردنی "میلان" سەلامەت

دەرچووین، هۆکەی ئەوە بوو، فەرماندەکە زانی ئەم شوێنە هی لیۆناردیۆیە، لەبەرئەوە فەرمانی دا بە سەربازەکانی شوێنەکە جێ بهێڵن و داواشی لە لیۆناردۆ کرد تابلۆیەکی بۆ بکێشێت، بەڵام لیۆناردۆ هەستی کردبوو کە بەم نزیکانە شەڕ کۆتایی دێت، لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا شاری "میلان"مان بەجێ هێشت. دواتر بیستمان سەربازەکان پەیکەری ئەو ئەسپەیان شکاندووە کە لە دەروازەی شاردا جێگیر کرابوو، بێگومان پەیکەرەکەش دەستکردی لیۆناردۆ بوو کە بە گەورەیی و بەرزی باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی بوو. ئەفسوس سەربازەکان بە گولله مەشقی سەربازییان لەسەر کردبوو! نیگەرانیشم لەوەی کە دەبێ چییان بەسەر تابلۆی "دوا نان خواردنی ئێوارە"دا هێنابێت، چونکە لیۆناردۆ تازە بە تازە ئەو تابلۆیەی تەواو کردبوو. لەوەتەی "میلان"مان جێ هێشتووە، لە بابەت پەیداکردنی ئیشەوە کێشەمان نەبووە، ڕوو لە هەر شوێنێک دەکەین داوا لە لیۆناردۆ دەکەن ئیشیان بۆ بکات، بەڵام لە بەرامبەردا، لیۆناردۆ کاتەکانی خۆی بەفیڕۆ دەدات ئەم قسەیە تەنیا لەلای تۆ دەدرکێنم، خەڵکی وا دەزانن ئێمە شێت بووین، لیۆناردۆ چەند باڵێکی دروست کردووە.. بەڵێ، باڵ. دەمزانی، هەموو کات بەسەرنجەوە سەیری باڵندەکانی دەکرد، بەڵام هەرگیز لە خەونیشدا بڕوام نەبوو ئەمە ڕوو بدات، ئومێد دەکەم هەرچی زووە لیۆناردۆ بگەڕێتەوە سەر وێنەکێشان. واش چاوەڕوان دەکەم بچین بۆ ڕۆما، لەبەرئەوەی باشترین هونەرمەند

لەو شارەدا کۆ بوونەتەوە.



فرانسیسکۆ/ ڤرونا

سەرچاوە: کتێبی عصر اروپا

# شەهیدێک دەگەڕێتەوە

## شرۆڤەیەک بۆ ڕۆمانی (مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە)ی واسینی ئەلئەعرەج

ئارام شێخ وەسانی

١




مرۆڤ بەردەوام لە نێوان شەڕی بیری ڕابردوو و داهاتوودایە، ئەوەی هەرگاف ئەو ئاگرە جۆش دەدات ئەو فراوانییەیە کە لە داهاتوودا هەیە لە هەمان کاتدا داهاتوو هەرگیز نەیتوانیوە وا لەمرۆ بکات ڕابردوو لە بیر بکات. قسەکردنی مرۆڤ دابەشبوونە بەسەر دوو سەردەم، کاتێک لە ڕابردوو و ئەگەرێک بۆ داهاتوو. بینین و دووربینی دوو چەمکن، بۆ ڕابردوو و داهاتوو. دووربینی بە چەمکی داهاتوو هەڵواسراوە، بینینیش بە چەمکی ڕابردوو. وەلێ ئەو دووربینییەی بۆ داهاتوو دەکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ حیکمەتی ڕابردوو بینینێکی مایەپوچ دەردەچێت. ئێمە بەردەوام ڕابردووی خۆمان دەبینین. هەروەها دووربینین بەرامبەر داهاتوو. قسەکردنێکی لەو جۆرە

دەمانخاتە سەر هزراندنێکی دوو لایەنە. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ مرۆ چۆن هاوسەنگییەک دەست بخات کە ڕابردوو و داهاتوو لە یەک هاوکێشەدا هاوسەنگ و تەبابن. بیرکردنەوەیەک هەیە کە ئێمەی مرۆڤ ئەوەندەی ئیش لەسەر داهاتوو دەکەین ئەوەندە گرینگی بەڕابردوو نادەین، بەردەوام ڕابردوو وەک کۆگایەکە کە دامان ناوە ناچین بەلایەوە. ڕابردوو لای ئێمە تا ئێستاش نەبووەتە هۆکار بۆ بنیاتنانی ئایندە و داهاتوو. ئەوەی هاتووە قسەیەکی خێری لەم بابەتە کردووە، ئەدەبە بەتایبەتی ڕۆمان. من وا هەست دەکەم بنووسەکانی بواری ئەدەب هەموو کات ڕابردوو دادەدۆشن. ئیشکردنی ئەدەب ئەوەندەی ئیشکردنە لەسەر ڕابردوو نیو ئەوەندە ئیشکردن نییە لەسەر داهاتوو. بەمانایەکی تر، کاری ئەدەب بریتییە لە دەرهێنانی ڕابردوو لە کۆگا فەرامۆشکراوەکان. بنیادەم بەردەوام ڕابردوویەک لە دوای هەموو چرکەیەک جێ دەهێڵێت و دەیخاتە ئەو کۆگایانەوە، ئیتر ئەدەب دێت کار لەسەر ئەو ڕابردووە دەکات کە مرۆ فەرامۆشی کردووە. قسەکردنی ئێمە تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە ڕابردوو بۆ خودی خۆی بەبێ هیچ ماکیاجێک و نووسینەوەیەک جۆریکە لە ئەدەب، جۆرێکە لە مادەی خاوی ئەدەب. بەبڕوای من ڕابردوو وەک نەوتی ڕەش وایە بۆ ئەدەب. مادەکە بۆ خۆی هەیە و گرینگە، ئەوەی دێت ئەو ڕابردووە پوخت و بەهادارتری دەکات نووسەران و ئەدەب دۆستانن. مێژووی مرۆڤایەتی چیرۆکێکی یەکجار مەزنە کە دەکرێت هەموو ئەدەبنووسەکانی دنیا کاری تێدا بکەن بۆ ئەوەی فۆرمەکانی ژیان ڕێک بخرێنەوە. چەندان شێوە ستایل و هۆکار هەیە بۆ ئەوەی باس لە ڕابردوو بکەین. ڕۆمان خاوەن ستایلی تایبەتی خۆیەتی بۆ دەرهێنان و وەگەڕخستنی ئەزموون و حیکمەتەکانی ڕابردوو.

٢

ڕۆمانی (مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە)، کە نووسەری بەسەلیقە و تژی هزر (واسینی ئەلئەعرەج) نووسیویەتی، ئەو یەکێکە لە بنووسە باشەکانی گەلی جەزائیر، واسینی وا ئەم ڕۆمانەی نووسیوە وەک ئەوەی کە پەیامێک بەهەموو دنیا بگەیەنێ، قسەکردنی ئێمە سەبارەت بە کۆمەڵێک لایەنی جۆراوجۆری دەرەکی و ناوەکی ئەو ڕۆمانە نییە، چونکە بڕوام وایە هەم بەپێشەکییە جوانەکەی وەرگێڕ و وتەکانی نووسەر، بوارێکی کەم ماوەتەوە بۆ ئەوەی قسە لەلایەنە ئاشکراکانی ڕۆمانەکە بکەیت، بەڵام وەک دریدا لە باسی خوێندنەوەی ئەدەبدا ڕوونکردنەوەی داوە و دەڵێت (هیچ خوێندنەوەیەک دوا خوێندنەوە نییە)، بۆیە ئەوە خوێندنەوەیەی منیش دوا خوێندنەوە نییە. ئەوەی گرینگە بۆ خوێنەر تەنیا ئەو هزرەیە کە لە کاتی خوێندنەوەدا دروست دەبێت و ئەو کاتیش بیر و ئاوەزی هەریەکێکمان جیاواز بیرۆکەکانی دەنەخشێنێت و بەڕێگەی جۆراوجۆر هاوکێشەکان هاوسەنگ دەکرێن. ئەو ڕۆمانە یەکێکە لەو نووسینە جوانانەی کە بەلای منەوە وەک ئەوە وایە کە ڕۆمانەکە کوردی بێت نەک عەرەبی. واتا: وەرگێڕ (سەباح ئیسماعیل) لە هەڵبژاردنی کەرەستەکەدا زۆر هۆشــقــووڵ بووە. هەروەها بەندە تا ڕادەیەکی زۆر لە زمــانی وەرگــێــڕ ڕازیم و لە کــاتی

خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بە خۆشیی دەکەم. تا ئێرە چەند سەرەقەڵەمێکی کورت بوو، لێرەوە دەمەوێت باس لە مۆخی مەبەستی ئەو نووسینە بکەم. ئەم ڕۆمانە بەگشتی برێتییە لە تێکەڵەیەک لە باسوخواسی جوان کە هەریەکەیان دەکرێت چەندان بابەتی لەسەر بنووسرێت. ئەوەی بەپلەی یەکەم لەم ڕۆمانەدا سەرنج ئامێزە، گێڕانەوەی چەرخی ڕابردووە بۆ ڕەخنەگرتن لە ئێستا و داهاتوو. ئەو بابەتە بۆ هەموو کۆمەڵگە و نەتەوەیەک شتێکی ڕاستە، کەواتە نووسەر ژیرانە کاری نووسینی خستووەتە خزمەت هەموو مرۆڤایەتی، نەک تەنیا کۆمەڵگەی جەزائیری. بابەتی شۆڕش و بەرهەمەکانی دوای شۆڕش وەک کانییەک وایە بۆ سەتان بنووسی جیهانی، وەلێ کەمن ئەو نووسەرانەی توانیویانە بەقەشەنگی ئەو دۆخە باس بکەن و حیکمەت و کاریگەری بئافرێنن. لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا شۆڕش لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی دروستبوونی نەتەوە یا دەوڵەت پێویستییەک بووە. لە زەویندا زۆر شت شایەنی شەڕ و شۆڕشن هەروەک میلان کۆندیرا لە کتێبی هونەری ڕۆماندا بڕوای وایە تەنیا دوو شت هەن کە شەڕیان لەسەر دەکرێت: وڵات و ئەوین. بەبڕوای من ئەو وتەیەی کۆندێرا تا ڕادەیەکی زۆر دەگونجێ بۆ زۆرینەی شەڕەکان. ڕۆمانی (مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە) قۆناغی دوای شەڕ و شۆڕش دەگێڕێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ شۆڕش و شەڕ تاچەند لە خزمەتی ئامانجەکانی قوربانیدەران بوون. هەموو ئەوانەی خۆیان دەکەنە قوربانی لە پێناوی ئەوین یاخۆ وڵات لە دوای خۆیان چ شانازییەکیان بۆ دەمێنێتەوە. ئەگەر گریمانەیەک بکەین و دۆخی مردن لە حاڵەتێکی وا جێگیر بێت کە ئەوانەی دەمرن بتوانن ئاگەداری دوای خۆیان بن، چی ڕوو دەدات؟ بەبۆچوونی بەندە ئەو بابەتە لەسەر ئامانجی شۆڕش و بەرهەمی شۆڕشەکانی دنیا گران دەوەستێت. شۆڕش و شەڕەکانی وڵاتان لە پێناو نیشتمان، قوربانیی لە ژمارە نەهاتووی لێ کەوتووەتەوە، بەڵام پاش هێوربوونەوە و گەڕانەوەی دۆخی ئارامیی قوربانیدەران بە هەموو پێوەرێک لە بیر کراون. گەڕانەوەی قوربانییەکی شۆڕشی جەزائیر و بینینی دۆخی دوای شۆڕش سەرسامییەکی گەورە دروست دەکات. زۆرجار مەبەست و ئارمانجی پێش شۆڕش و دوای شۆڕش بەتەوای دەگۆڕێن ئەوەش نیگەرانییە ڕاستەقینەکەی قوربانیدەرانە. ئەم ڕۆمانەی واسینی پەردە لەسەر ئەوە هەڵدەداتەوە کە ئاخۆ ئەو کەسانەی لەسەر خوێنی شەهیدان هەموو جووڵەیەک دەکەن، مانای چییە؟ ئەگەر شەهیدان بگەڕێنەوە و ئەو دۆخە ببینن کە نەوەی دوای خۆیان دروستیان کردووە، لە بابەتی ستەم و گەندەڵی و مۆنۆپۆلی کورسی دەسەڵات و ئازاردانی نیشتمان لە هەموو لایەنەکانەوە، ئەوا جارێکی تر شۆڕش دەست پێ دەکەنەوە. ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە نووسەر ئەدەبی بەکار هێناوە بۆ گەیاندنی ئایدیای بیرکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن دوای مردنی خۆیان ببینن، بەتایبەت شەهیدان، ئەوان زۆر حەز دەکەن دوای خۆیان ئەو نەمامەی کە بۆی بوونەتە قوربانی، ببینن ئاخۆ هاتووەتە بەر. بیرۆکەی سیاسییانەی ئەم ڕۆمانە هاوشێوەی شۆڕش و شەڕ و ڕاپەرینە مەزنەکەی هەرێمی کوردستانی عێراقە، شۆڕشی جەزائیر و ڕاپەرینی ١٩٩١کوردستانی کە عێراق سەتان قوربانی لێ کەوتەوە.

لێرەدا ئەو شەهیدەی کە لە ڕۆمانەکەی واسینی گەڕاوەتەوە نوێنەری هەموو شەهیدەکانی هاوڕێباز و هاوئامانجییەتی بۆ هەموو دنیا. ئێمەی کورد ئەگەر ئەو ئەرک و پەیامەی ئەو شەهیدەی جەزائیر وەربگرین ئەوا ئەو دۆخە سیاسییە ناتەبا و ناجێگیرە دەبینین کە پێشمەرگەکانی کوردستان خەباتیان بۆ کرد و خۆیان لە پێناویدا کردە قوربانی. باوکی (حوسێن)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی واسینی، باوکی هەموو قوربانیدەرانە لە پێناو نیشتمان.

٣

ئەگەر بەکورتی کەمێک لە باوەشی فیکری ڕۆمانەکەدا بمێنینەوە، ئەوا چەندان ڕاستی دەدرەوشێنەوە کە هۆکارن بۆ وریاکردنەوە و ئاگەدارکردنەوەی چینی دەسەڵات. هەموو ئەوانەی ئێستا لەسەر کورسی دەسەڵاتن و ئەو کەسانەیان بیر چووەتەوە کە هۆکاری بەدیهاتنی ئازادایی بوون. لێرەوە ئەو هزرە جارێکی تر خۆی مانیفێست دەکات کە ڕۆمان پەیامی جۆراوجۆر دەگەیەنێت. لەم کارەی ئەم نووسەرە جەزائیرییە کە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرە بە ئەدەبی فرەنسی، نائومێدییەکی بابەتی وەک سێبەر لەگەڵ کارەکتەرەکاندا دەڕوات. ئەو نائومێدییە شتێکی گەردوونی نییە، بگرە کارەساتێکە خودی مرۆڤەکان خوڵقاندویانە. خەمی بنووس ئەوەیە کە دنیا لەگەڵ باشترینی مرۆڤەکانی خۆی ڕاستگۆ نییە. ئەوەی بەرامبەر ئەو شەهیدەی جەزائیر کراوە لە زۆرینەی دنیا وێنای هاوشێوە هەیە. لە ڕۆمانەکەدا ڕستەیەک زۆر دووبارە دەبێتەوە (حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆ ڕۆی، حەیف بۆ ئەو خوێنەی بە با چوو)، ئەم ڕستەیە پەیامێکی شەهیدانە کە ناردوویانە بۆ سەرزەوین. ئەو وتەیە دەرگەیەکی دووەمی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە سەردەمێکدا ئەگەر شۆڕش بەهانەیەکی هەبووبێ ئەوا ئێستا هیچ هۆیەک نییە کە خەڵک خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو نیشتمانێک کە دوای خۆیان لە هەموو ئەو ئامانجانە لادەدات خوێنی بۆ دەڕێژرێت. بۆیە نووسیار لە زمانی هەموو شەهیدانەوە دەڵێ: حەیف کە خوێنی خۆمان کردە قوربانی! واتایەکی تری ئەم وشانەی ئەلئەعرەج خەمێکە کە توانای ئەوەی نییە بیگۆڕێت. خەمێک کە بۆ بنیادەمی جەزائیر و هەموو دنیا یەک جۆرە، ئەویش خەمی فەرامۆشکردنی ڕابردووە. نەخۆشخانەی جوانکاری لە ڕۆمانەکەدا بەشێکی فراوانی ئیشەکەی ڕۆماننووسە، نەخۆشخانەکە ئەگەرچی لەژێر



واسینی ئەلئەعرەج

ناوی جوانکاریدا مرۆڤ تیرۆر دەکات و لە مرۆڤی دەخات. ئەندێشەی نووسیار لە بەردەستەکردنی دیمەنی نەخۆشخانەدا هاوشانە لەگەڵ نیشاندانی کرێتییەکانی دوای شۆڕش. لێرەدا ویستم هەیە ئەوە بڵێم، لەناو کورددا ڕۆمانووسانمان کەمترین سودیان وەرگرتووە لەو ڕابردووە کارەساتبار و خەمە بەئازارانەی نیشتمان کە دوای شۆڕش و خەبات و قوربانیدانی نێزیکەی سەدەیەک تا ئێستا بێ ئاکام ماوەتەوە. حەق بوو ڕۆماننووسێکی کوردیش شەهیدێک زیندوو بکاتەوە بۆ ئەوەی ببینی کە تا ئێستا کورد نەبووەتە خاوەنی دەوڵەت و کیانێکی یەکگرتوو.

٤

ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ گوتن ئەوەیە کە ڕۆمانەکەی (واسینی ئەلئەعرەج) لە ڕوانگەی زمانەوانی و تەکنیک، تایبەتمەندی خۆی هەیە. ڕۆماننووس زۆر جۆر کەرەستەی لە بەردەستە، بەڵام نووسیاری سەرکەوتوو ئەوەیە ئەو واقیعە بگەیەنێتە خوێنەر کە ویستییەتی، من هەست دەکەم ڕۆماننووس لەدیوی دووەمی ماناکانی ڕۆمانەکەدا بووەتە واعیزێکی بە ئەزموون. زمان گرینگییەکی بێئەندازەی هەیە بۆ ڕۆمان، ئەو ئەگەرچی زمانێکی شیعری ئاڵۆزی نییە، بەڵام نەخش و وەسف و نموونە و بەراورد و وردەکارییەکانی هۆکاری بەباشی گەیاندنی پەیامەکەن. ڕۆماننووس لە نووسیندا دەرکی بەو ڕاستییانە کردووە کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا لە چ شوێنێک ماندوو دەبێت و لە کام پەرەگراف پێویستە ڕووناکایی زیاتری چیرۆکەکە دەربکەوێت. هەروەها لەبارەی تەکنیکی ڕۆمانەوە ئەم کارەی نووسەر زۆر سادەیە. نووسیار لە ڕووی تەکنیکەوە شتێکی ئەوتۆی پێشکێش نەکردووە. ڕۆمانەکە دابەش کراوەتە سەر سێ بەش و هەندێ سەرەباسی ناوەندی، ئیتر شتێکی تر نابینی. بەڵام من شک دەکەم نووسەر بە ئەنقەست ئەو تەکنیکە سادەیەی بەکار هێنابێ ئەویش لە پێناوی تەرخانکردنی هێزی گەورەی ڕۆمانەکە بۆ گەیاندنی فیکری ڕۆمانەکە، بەو هۆیەوە نووسیار نە زمانی بەلاوە گرینگە و نە تەکنیکی ڕۆشتنی ڕووداوەکان و نە پلانی خستنەڕووی ڕۆمانەکە.

دۆسیێ

# چارلز بوکۆفسکی
# ڕێیەکی تر بۆ دەربڕین

شاڵاو حەبیبە

## پەیڤی سەرەتا

وەرگێڕانی ورد و ڕێکوپێکی چارلز بوکۆفسکی، دەرفەتێکی ترە بۆ ئەدەبیاتی کوردی، کە بیر لە زمانێکی تر بۆ دەربڕین بکاتەوە و ڕێزێکیش بۆ ئەدەبیاتی ئەو یەک دوو نووسەرە لاوە دابنێ، کە کار بە زمانێکی ڕۆژانەیی و پێوەند بە کوچە و شەقامەکانەوە دەکەن. بە خوێندنەوەی بوکۆفسکی، دەتوانین بە ئەدەبیاتکردنی بازاڕ و ئەدەبیاتی بازاڕی لێک هەڵاوێرد بکەین. ئەو کات ئیتر



نووســەران بە بیـانووی زمـانەوە ڕەوانەی دادگـە ناکـرێن. هەروەتر خـوێندەواری کـورد، ئەگـەر بوکۆفسکی بە چاکی بخوێنێتەوە، تێ دەگا: نووسـەر ئەو بوونەوەرە پیرۆزە نییە کە ئێمە لێی حاڵی بووین. بوکـۆفـسکی بەر لە هـەر شـتـێک دژی پیـرۆزکـردنی نووسـەران دەوەسـتێ و لـەو بارەیەوە لە خـۆیەوە دەست پێ دەکـا. سبـەی ئەگـەر ئینگلیـزیزانـەکان وەخـۆ کـەوتن و بڕیاریان دا چیـرۆک و گوتوبێژ و ڕۆمانەکانی ئەم برادەرە وەربگێڕن، ئەو کات شتەکان ڕوونتر دەبنەوە.

ئەدەبیـاتی بـوکـۆفـسکی ئـەدەبیـاتێکی سـەرسـەری و ڕووکـەش نییـە، وەک ئەوەی بـڕێک وای بۆ دەچن، بگرە ئەدەبیاتێکە، کار لە جیهانێکی سەرسەری و ڕووکەشدا دەکا.

ئەدەبیاتی بوکۆفسکی ئەدەبیاتی خۆنووسینـەوەیە، هیچ شتێکی نەنووسیوە پێوەندیی بە خۆی و ژیانییەوە نەبووبێ، تا کارەکتێری زۆربەی چیرۆک و نۆڤڵ و ڕۆمانەکانی، ناوێکە نێزیک لە ناوەکەی خۆیەوە: هنری چیناسکی.

ماوەتەوە بڵـێم: من هـەندێ لە شیـعرەکانیم وەرگێڕاوە و وەرگێڕانی چیـرۆک و ڕۆمانەکانـیشی بە کەسانی شارەزاتر دەسپێرم.

## ناساندن

هنری چارلز بوکۆفسکی

لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە.

ناوی باوکی: هنری کارل بوکۆفسکی

ناوی دایکی: کاترینا فێت

دایک و باوکی مـانگێک بـەر لە لەدایکبـوونی بوکـۆفسکی، ژیـانی هـاوسـەرێتـیـان پێک هێناوە. مەبەستم شێوەی فەرمییە.

لە ٢٤ ساڵیدا یەکەمین چیرۆکی بڵاو بووەوە.

کارگەلی کاتیی دەکردن و لە ژوورگەلی هـەرزاندا نیشتەجێ دەبوو.

لە سـاڵی ١٩٤٧دا لـە گـەڵ جین بێکەردا ئاشنا بوو، کـە بە ئەڤـینی مـەزنی بوکـۆفـسکی ناو دەبردرێ. لە زۆربەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا دەکرێ جێپێی ئەو ژنە بدۆزینەوە.

لە سـەرەتای دەیەی ١٩٥٠دا لە فەرمـانگەی پۆستی لۆس ئەنجلۆسدا دامەزرا و پاش دوو ساڵ و نیو وازی لێی هێنا.

لە ١٩٥٥دا بە هـۆی برینی گـەدەوە لە نەخـۆشـخـانە دەکـەوێ و پاش دەرچوونی لـەوێ، دەست بە نووسینی شیعر دەکا.

لە ١٩٥٦دا نووسینی یەکەمین ڕۆمانی دەست پێ کرد، بەڵام بە کۆتای نەگەیاند. لە هـەمان ساڵدا دایکی بە شێرپەنجە مرد و ساڵی دواتریش باوکی بە شەپڵەی دڵ مرد.

له ۱۹٥۷دا لەگەڵ شاعیر و نووسەر، باربارا فرای، زەماوەند دەکا و لە ۱۹٥۹دا لێک جودا دەبنەوە. بە گوتەی باربارا، ناکۆکییان هیچ پێوەندییەکی بە ئەدەبیاتەوە نەبووە.

پاشان بۆ فەرمانگەی پۆست دەگەڕێتەوە.

له ۱۹٦۱دا بە غاز هەوڵی خۆکوژیی دا و سەلامەت دەرچوو.

له ۱۹٦۲دا مەرگی جین بێکەر ڕووبەڕووی خەمێکی بێ سنووری دەکاتەوە.

له ساڵی ۱۹٦٤دا کچێکی لە فرانس ئسمیت بوو، بە ناوی: مارینا لویس بوکۆفسکی. هەڵبەت هەرگیز زەماوەندیان نەکرد.

له ساڵی ۱۹٦۹دا بەڵێننامەی لەگەڵ پەخشگەی (Black Sparrow press) دا واژۆ کرد. مانگانە ۱۰۰ دۆلاری پێ دەدرا و لەبەر ئەمە بۆ دووەم جار وازی لە فەرمانگەی پۆست هێنا. لەو کاتەدا تەمەنی ٤۹ ساڵ بوو. لە نامەیەکدا نووسیویەتی: (دوو هەڵبژاردنم هەیە: لە فەرمانگەی پۆست بمێنمەوە و گەمژە بار بێم. یان: لێی دەربچم و وا خۆ بنوێنم نووسەرم و برسیم بێ؛ بڕیارم دا برسیم بێ.)

له ۱۹۷۰دا و پاش وازهێنان لە فەرمانگەی پۆست، لە ماوەی چوار حەفتەدا یەکەمین ڕۆمانی نووسی، بە ناوی: پۆستخانە.

له ۱۹۷۱دا پۆستخانە لە چاپ درا.

تەقریبەن بڵاوکردنەوەی زۆربەی کارەکانی خۆی بە پەخشگەی ناوبراو سپارد.

له ۱۹۷٦دا لەگەڵ لیندا لی بیگلدا ئاشنا بوو. ناوبراو ڕێستۆرانتێکی هەبوو. ژیانی بوکۆفسکی بوژاندەوە.

له ۱۹۸۲ دا ناودارترین و خۆشەویستترین ڕۆمانی بوکۆفسکی چاپ بوو، بە ناوی: بەردی سەر سەهۆڵ.

له ۱۹۸٥دا لەگەڵ لیندادا زەماوەندی کرد و تا کۆتاییی تەمەن لێی جودا نەبووەوە.

لیندا بەناوی سارا، لە دوو ڕۆمانی ژنان و هالیڤوددا ناوی هاتووە.

له ۹ی مارسی ۱۹۹٤دا و لە تەمەنی ۷۳ ساڵیدا، ماوەیەک پاش تەواوکردنی دوا ڕۆمانی، بەهۆی شێرپەنجەی خوێنەوە گیانی سپارد.

شاعیر و چیرۆکنووسی لۆس ئەنجلۆسی، بوکۆفسکی، نووسینەکانی بەسەختی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بارودۆخی لۆس ئەنجلۆسەوە، ئەو شارەی کە تێیدا دەژیا. ئەو بەگشتی وەک نووسەری کاریگەریی هاوچەرخ لە باس دەدرێ و شێوازی وی چەند کەڕەت وێنەی لەبەر گیردراوەتەوە. پاش خۆی: هەزاران شیعر، سەتان چیرۆک و شەش ڕۆمانی جێ هێشتن. بەگشتی پەنجا کتێبی نووسیون و لە چاپی داون، هەڵبەت ئەوە تا لە ژیاندا بوو، چون پاش مردنیشی پازدە کتێبی تری لە چاپ دراون.

بوکۆفسکی خۆی پێی وا بوو زۆڵە، بەڵام پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت وا نییە.

بوکۆفسکی ئاشقی خواردنەوە بوو. تا لە کۆڕی شیعرخوێندنەوە و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانیشدا دەیخواردەوە. هەڵبەت پتر بیرەی پەسند دەکرد و لە گوتوبێژێکدا وەک پەرجوو ناوی دەبا. جارێک گوتوویەتی: لێرەین تا بیرە بخۆینەوە و دەبێ وەها بژین، کاتێ مردن بۆ بردنمان هات، وەلەرزە بکەوێ.

لەسەر گۆڕەکەیدا نووسراوە (Dont Try) واتە: مەهەوڵێن، یاخۆ: هەوڵ مەدەن.

ناوی ڕۆمانەکانی: پۆستخانە ١٩٧١ . هەزار پیشە ١٩٧٥ . ژنان ١٩٧٨ . بەردی سەر سەهۆڵ ١٩٨٢ . هالیڤود ١٩٨٩ . پالپ ١٩٩٤

## دەبێ پیس بخۆمەوە

## یەکەمین گوتوبێژی چارلز بوکۆفسکی

دواندن: ئارنۆڵد. ل. کای

وەشێنەر: کۆواری تایمزی وێژەییی شیکاگۆ

سەروەختی وەشاندن: مارسی ١٩٦٣

وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: نزار ئەحمەد

دۆزینەوەی چارلز بوکۆفسکی دژوارە و کاتێ دەیدۆزیتەوە جا ژانەسەر دەست پێ دەکا. دیترێک گوتوویەتی، کەسێک بەناوی چارلز بوکۆفسکییەوە بوونی نییە. ساڵەها پروپاگەندەی ئەوە دەکرا،



ئەو شیعرە ورووژێنەرانەی واژۆی ئەویان پێوەیە، ڕاستانە لەلایەن ژنێکی بە تەمەنی ناقۆڵا و قژ درێژەوە و بە دزییەوە دەنووسرێن. بەڵام چارلز بوکۆفسکی لێرەیە، لە ساختومانێکی تاکژووری لە ناوەڕاستی هالیڤوددا. کاتێ دەرکەکەی کردەوە: چاوگەلی خەمگین، دەنگێکی ماندوو و جلێکی درێژی ئاوریشمی، بە منیان گوت، ئەو بەری هەر شتێکی تر مرۆیەکی ماندووە. دانیشتین، بە دیار پەیڤ و خواردنەوەی بیرە و ویسکییەوە و چارلز سەرلەئاخیر وەک پاکیزەیەک خۆی بە دەستەوە دا؛ یەکەمین گوتوبێژی خۆی بە گەڕ خست. بەرابەر ساختومانەکەی چارلز، ساختومانی ئالدۆس هاکسلی لەسەر گردەکەیە؛ شوێنێک کە ژیانی تێ دەڕژێ.

ئارنۆڵد. ل. کای

**کای:** وەڕز نی لەوەی ساختومانی هاکسلی بەرابەرتە؟

بوکۆفسکی: پرسیارێکی چاکە. (خۆی هەڵدەداتە لای درزی جێخەوەکەیەوە و دوو لە وێنەکانی دەر دەهێنێ.)

**کای:** کێ ئەمانەی گرتوون؟

بوکۆفسکی: کچە هاوڕێکەم؛ پارساڵ مرد. پرسیارەکە چی بوو؟

**کای:** لەوەی کە ساختومانی هاکسلی بەرابەرتە وەڕز نابی؟

بوکۆفسکی: تا ئێستا بیرم لە هاکسلی نەکردووەتەوە، بەڵام ئێستا کە دەپرسی، دەبێ بڵێم، نا، وەڕز نابم.

**کای:** لە کەیەوە دەستت بە نووسین کرد؟

بوکۆفسکی: کاتێ ٣٥ ساڵان بووم. ئەگەر وا دابنێین، کە شاعیران بە جۆرێکی نێوەندکار لە ١٦ ساڵییەوە دەست پێ دەکەن، من ئێستا ٢٣ ساڵم.

**کای:** زۆر لە ڕەخنەگران، گوتوویانە، کە کارەکانی تۆ ڕاستانە لەمەڕ ژیانی خۆتەوەن، بۆچوونی خۆت چۆنە؟

بوکۆفسکی: نێزیکەی هەموو کارەکان. نەوەد و نۆ لە سەتیان، ئەگەر سەت کارم نووسیبن، ئەو دانەیەیان ئیتر کارێکی خەیاڵکردە. من هەرگیز کەنگۆ نەبووم.

**کای:** حەز دەکەم تایبەتمەندیی بدەم بە شیعرێکی تایبەت، لە نوێترین کتێبتدا بەناوی "دەگەڵ ڕاودا" تەقریبەن ناو و ناونیشانی کچێکی تێدایە، کە لە شیعری "حەزێکی چکۆڵە بۆ گەورەیی"دا ستایشت کردووە.

بوکۆفسکی: نا، ئەو، کچێکی تایبەت نییە، تێکەڵەیەکە خەیاڵی، جوان، بە ڕانگەلی لووسەوە، کە بە تەواویش قەحپە نییە. چێکراوی شەوێکە، کە نیوەمەست بووم. ئەو، ڕاستانە بوونی هەیە، بەڵام نەک لە بوونی کەسێکدا.

**کای:** ڕیزبەندییەک بوونی هەیە، کە تۆ دەخەنە ڕیزی شیعری کەنارەی شارەکانەوە، بە بۆچوونت ئەم ڕیزبەندییە ڕاستە؟

بوکۆفسکی: من جگە لە شاعیرێکی مردوو یانی جفرز (ڕۆبینسۆن جفرز) کەسێک بە ناونیشانی شاعیری کەنارەوە ناناسم. دیتران نان لە یەک قەرز دەکەن. بە بۆچوونم، خۆم دوا شاعیری کەنارەم.

**کای:** بۆچی خەڵکانت خۆش ناوێن؟

بوکۆفسکی: کێ خۆشیانی دەوێ؟ کەسێکم نیشان بدە، کە خەڵکی خۆش بوێ، تا منیش پێت بڵێم بۆ خۆشم ناوێن. ئەدی کوو! من دەبێ بڕۆم بیرەیەک بێنم. (لارەلارە بۆ متبەخەکە دەچێ و من پرسی دواترم بە دەنگی بەرز دەڵێم.)

**کای:** پرسێکی پڕوپووچ، گەورەترین شاعیری هاوچەرخ کێیە؟

بوکۆفسکی: ئەم پرسە پڕوپووچ نییە؛ دژوارە. دەی ئێمە ئەزرا پاوەندمان هەیە و ت. س. ئەلیۆتیش. بەڵام هەردووکیان دەستیان لە نووسین هەڵگرتووە. لەو شاعیرانەیش، کە هێشتا دەنووسن، دەتوانم بڵێم: لاری ئایگنز.

**کای:** بەڕاست؟

بوکۆفسکی: بەڵێ. کەس ناناسم تا ئێستا ناوی هێنابێ. تەنیا ناوە بە بیرم بێ.

**کای:** بۆچوونت لەمەڕ شاعیرانی هاوڕەگەزبازەوە چییە؟

بوکۆفسکی: هاوڕەگەزبازەکان هەستیارن و شیعرگەلی خەراپیش هەستیارن و گینزبێرگ بە هێزگەیێن بە شیعری هاوڕەگەزبازەکان ئاراستەکەی بەرەو شیعری تەقریبەن پیاوانە بردووە. بەڵام بەدرێژاییی سەردەم، هاوڕەگەزبازەکان؛ هاوڕەگەزباز دەمێننەوە و شاعیرانیش؛ شاعیر.

**کای:** باشترە بڕۆینە لای باسگەلی ڕاستەقینەترەوە، پێت وایە میکی ماوس چ کاریگەرییەکی بە سەر خەیاڵکاری مرۆی ئەمەریکاییەوە هەیە؟

بوکۆفسکی: دژوارە. زۆر دژوارە. دەتوانم بڵێم کاریگەریی میکی ماوس بەسەر کۆمەڵی ئەمەریکاییەوە، لە کاریگەریی شەکسپیر، میلتۆن، دانتی، ڕابلیس، شستاکویچ، لینین، یانژی ڤان کوخ زیاتر بووە. ئەم بابەتە لە هەمبەر لایەنی ئەمەریکاییدا، ئاشکرایە. دیسنی لاند بیرهێنەرەوەی بنکەی ڕاکێشەری باشووری کالیفۆرنیایە، بەڵام گۆڕستان بیرهێنەرەوەی ژیانی ڕاستەقینەی ئێمەیە.

**کای:** نووسەری لۆس ئەنجلۆسی بوون، چۆن هەستێکە؟

بوکۆفسکی: تا ئەو شوێنەی چوار دیوارێک، ماشێنێکی تایپ، کاغەز و بیرەت هەبێ؛ جیاوازیی نییە لە کوێ بی و بنووسی. تا لە گەرووی گڕکانیشدا دەکرێ بنووسی. پێم وایە بتوانم

بیست شاعیر قایل بکەم، بەوەی لەسەر چەند دۆلارێک گرەوییان لەگەڵدا بکەم، کە دەتوانم خۆم لە بەندیخانە ڕزگار بکەم.

**کای:** چەند جار گیردراوی؟

بوکۆفسکی: تۆ لە کوێوە دەزانی کە من گیردراوم؟ زۆر نەگیردراوم، لەوانەیە ١٤ یان ١٥ کەڕەت بێ. ئەو کات بەغیرەتتر بووم، بەڵام هەر جار کە دەیانگرتم، بێ غیرەتتر دەبووم، هۆی نازانم.




**کای:** ئێستا کە هەموان دەخوازن کارەکانی بوکۆفسکی لە چاپ بدەن، لەمەڕ داهاتووەوە چلۆن دەهزرێی؟

بوکۆفسکی: تا ئێستا خووم وا بووە: مەست و حەیران لە کۆڵانەکاندا بخەوم و کەم تا زۆر هەر ئەم کارە درێژە پێ دەدەم. بوکۆفسکی کێیە؟ لەمەڕ بوکۆفسکییەوە بابەتگەلم خوێندوونەتەوە، کە هێندەی نوکە دەرزییەکیش ناچنەوە سەر من. تێ دەگەی؟




کای: مەی چ کاریگەرییەکی بە سەر کارەکانتەوە هەیە؟

بوکۆفسکی: هههم... پێم وا نییە لە وشیارییەکی تەواودا توانیبام هەتا یەک شیعریش بنووسم. بەڵام لەژێر تەوژمی سەرخۆشیگەلی بەهێزەوە، سەردەمێک، کە نەمدەزانی مەی حاڵم باشتر دەکا، یان گوێزان، چەند شیعری چاک، یان خەراپم نووسیون.

**کای:** پێم وایە ئەمڕۆ زۆر لەسەر خۆت نی؟

بوکۆفسکی: بەڵێ. عەسری یەکشەمە. کارتێکی هەشتیی خەراپم هەبوو. تا کۆتاییی حەوتەمیان ١٠٣ دانە لە پێشەوە بووم. ٥٠ دانە مابوو تا هەشتەمیش ببەمەوە، کەچی لە ناوەندی ڕێدا، یەک لەو ئەسپانە، کە دەبوو چەند ساڵ لەمەوبەر بۆ خۆراکی سەگ و پشیلە لە قوتوویان نابا؛ پێش کەوت. گرەوکاری لەسەر ئەو ئەسپە ٦٠ بە ١ بوو. بەهەرحاڵ، ڕۆژێکی بێ پەیامبەر و بێسوود بوو، کە بۆ شەوێکی عەرەقنۆشین گۆڕا. پاشان ئەم دیمانەکارە خەبەری کردمەوە. ڕاستانە پاش

ڕۆیشتنت، دەبێ پیس بخۆمەوە. ئەمەم زۆر بە ڕاستە.

**کای:** کاک بوکۆفسکی، پێت وایە هەمووماں بەم نێزیکانە تێک دەشکێین؟

بوکۆفسکی: بەڵێ، لەو بیرەدام. ئەژمارێکی سادەی بیرکارییە. سەرەتا پتانسیلت هەیە و پاش ئەوە گیـرۆدەی ئاکاری مـرۆیی دەبی. کـەم و زۆر لەم ناوەندەدا، لـە شـوێنێک، گـەمـژەیەک، یان شێتێک، هێزی بەدەستە و بە سانایی و بە تەواوی، ئێمە بۆ جەحەندەم دەنێرێ. ئادی.

**کای:** لەمەڕ ڕۆڵی شاعیرانەوە، لەم دنیایە شێواوەدا چۆن بیر دەکەیتەوە؟

بوکۆفسکی: چرچاوی ئەم پرسیارەم زۆر خۆش ناوێ. ڕۆڵی شاعیران تەقریبەن هیچە، بەجۆرێکی خەمهێنەرانە هیچە. ئەگەر یەکێ وەک ئەزرا پاوەندیش قۆڵی پیاوەتی لێ هەڵماڵی؛ ئەو قوونە چکۆڵەیەی بە زللە سوور دەکەنەوە. بە پێی ڕێسایەک، شاعیر نیوەمرۆیە. ئاکار منداڵە، تاکی ناڕاستەقینەیە و سروشتی بە جۆرێک نییە، کە مرۆ ڕاستەقینەکان لە غیرەت و بوێرییدا ڕابەری بکا. دەزانم لەگەڵ ئەم قسانەدا هاوڕا نی، بەڵام دەبێ قسەی خۆم بکەم. کاتێ شتێک دەپرسی، دەبێ چاوەنواڕی وڵامگەلی دژ بەبۆچوونت بی.

**کای:** بە ڕاست ئاوا بیر دەکەیتەوە؟

بوکۆفسکی: لە ڕاستیدا نازانم.

کای: مەبەستم پتر لە پێوانەیەکی جیهانگردا بوو. وڵامێکت هەیە؟

بوکـۆفسکی: نـا. هەڵبـەت خـۆ نـا. پتـر لە پێـوانەیەکی جـیـهـانگردا تەنێ شـتێکمـان هەیە، ئەگـەر بەختمان هەبێ کێلێک و ئەگەریش نەمانبێ؛ لەوەڕگایەک.

**کای:** دەی...! دەبێ بە کۆمەڵ کەشتییەکە جێ بهێڵین، یان هیوادار بمێنینەوە؟

بوکـۆفسکی: ئاخـر بۆ ئەم کلـێشـانـە؟ زۆر باشـە، دەڵێم نـا. کەشـتـییەکـە جێ نەهێـڵین. هەر بەم هـاتەران پـاتەرانەی کـە دەیڵـێم، بە هێـز و ڕوح و ئاگـر و بوێری و بە هـۆی قـومـارەوە، چەند کەس لە چەند ڕێی جۆراوجۆرەوە، ڕێیەک بۆ ڕزگارکردنی جەستـەی مرۆیەتی لە نوقمبوون بدۆزینەوە. هیچ ڕووناکییەک تا نەکوژابێتەوە؛ نـەکوژاوەتەوە. لێگەڕێ مـەردانە بشـەڕێین. بێ خیانەت. بێ هیچ زیادەیەک.

## ژنان لە من وەڕزن

دیمانەکار: فرناندا پیڤانۆ

کات: ١٩٨٠

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شالاو حەبیبە

بوکـۆفـسکی: پاش ئەم بێنە و بـەردەیە بۆ وەها دیمانەیەک، سـەر لە هـەوەڵ دەبێ وەڵامگۆی کێـهـان

پرس ببم؟

**پیڤانۆ:** قایلکردنی تۆ بۆ گوتوبێژ زۆر دژوار بوو. داخوا تۆیش مینای زۆرێک لە نووسەرەکان، لە دەست کۆوارگەل و ڕۆژنامەگەل و هەر بەلاڤۆکێکی دی وەڕزی؟

بوکۆفسکی: زۆر نا. بەلام ئا. من متمانەم بە بەلاڤۆکەکان نییە. پێشتریش ئەمەم پێ گوتبووی.

**پیڤانۆ:** بەڵێ.

بوکۆفسکی: ئەوەی کە لە جانتاکەت دەرت هێنا چییە؟

**پیڤانۆ:** تۆمارکاری دەنگ.

بوکۆفسکی: تێگەیشتم. دەزگایەک، کە ژیانی ئێوەی ڕۆژنامەوانی پێوە بەندە.

**پیڤانۆ:** بەلام ئێوەی نووسەران، شاعیران و هونەرکاران ئێمەتان وا بار هێناوە.

بوکۆفسکی: ئێوەمان چلۆن بار هێناوە؟

**پیڤانۆ:** ئەوەی هەموو کات تۆمارکاری دەنگمان پێ بێ؛ نەوەک جوایەز لە حەقیقەت شتێکی دی وەنووسین.

**بوکۆفسکی**: تێگەیشتم. بەلام بۆ ئێوە جیاوازیی نییە، هەموو کات قسەی خۆتان دەکەن. بە هەر بارێکدا، ئەوەی چی دەپرسن بۆم گرینگ نییە. زەینێکی چاکم هەیە و سەت کەڕەتیش پرسەکەم ئاراستە بکەن، یەک وەلام دەدەمەوە. (دەکەنێ.)

**پیڤانۆ:** بۆچ ئەم بابەتە گرینگییەکی بۆ تۆ نییە؟

بوکۆفسکی: لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانان جەڵەبێک پرسی لێکچوو ئاراستەی نووسەران دەکەن.

**پیڤانۆ:** هەموو کات وا نییە.

بوکۆفسکی: بەڵێ. لەگەڵ تۆدا هاوڕام و تکاخوازم پتر لەمە لەم بارەیەوە نەپەیڤین.

**پیڤانۆ:** بێگومان. حەز دەکەم بزانم بۆچی بروات بە بەلاڤۆکەکان نییە؟

بوکۆفسکی: لەبەرئەوەی کەسێتییەک، کە لە منی چێ دەکەن، زۆر







له ڕاستییەوە دوورە. بەجۆرێک، کە بۆ دەمێ گومان دەبەم و لە خۆم دەپرسم، داخوا بەڕاست ئەم زەلامە منم؟ ئەم شتە لە بەلاڤۆکگەلی ئەورووپاییدا فرەتر ڕوو دەدا و لەبەر ئەم هۆیە قەتاوقەت کۆوارگەل و ڕۆژنامەگەلی نائەمەریکایی ناخوێنمەوە. من تەنێ بیر لە فرۆشی بەرهەمەکانم دەکەمەوە و ئەوەی مرۆگەل، کە زمانەکەیان نازانم، چی دەڵێن، بە لامەوە گرینگ نییە. هەڵبەت بیستوومە لە ئیتالیا و ئەڵمانیا و ئیسپانیادا، فرۆشێکی چاکیان هەبووە و ئەمە دەری دەخا، بەلاڤۆکگەلی وێ تەواو شارەزای کاری خۆیانن. بەهەرحاڵ، من بە ئینگلیزی قسان دەکەم و تەنێ بە ئینگلیزیش دەخوێنمەوە.

**پیڤانۆ:** یانی وێنەیەک کە بەلاڤۆکگەلی ئەمەریکایی لە تۆی هەڵدەگرن، پڕاوپڕ بەرابەر کەسێتیی ڕاستەقینەی تۆیە؟

بوکۆفسکی: نا، بەهیچ شێوەیەک. بگرە گەلێکیش قۆڕ و بێ مانایە. ئەوانە نووسەرێکی دژوار، جیدی و وشکیان لە من چێ کردووە، کە تەنێ دەخوا و دەخەوێ. خۆ ناڵێم ئەمانە ڕاست نین، بەلام تا ڕادەیەک لە ڕاستییەوە دوورن، چونکو کارمەندانی ئەم بەلاڤۆکگەلە خواردن و گوتوبێژی منیان لەگەڵ خەڵکیدا تەنێ لە ڕیستۆرانتەکاندا دیتووە، نەک لە جێیەکی تر. مرۆیەک؛ هەموو ژیانی لە نووسیندا کورت کراوەتەوە و خۆی لە هیچ بابەتێک، جگە لە کتێبەکانی، هەڵناقورتێنێ. ئەمە ڕاستترین وێنەیەکە، کە من لە خۆمم هەیە و هەڵبەت دیتران نییانە.

**پیڤانۆ:** بەلام خوێنەرانی تۆ بەم وێنەیە ئاشنان. بە بۆچوونم، بەرهەمگەل، کە وەشاندووتن، بە جۆرێک لە خۆنووسینەوەوە نێزیکن و تەقریبەن وێنەی ژیانی خۆتن. وا نییە؟

بوکۆفسکی: بەڵێ و بگرە فرە زیاترە لەوەی کە تۆ لێی دەهزری. ئاسایی ٩٥ لە سەدی چیرۆکێک کە دەینووسم ڕاستییە. من تەنێ ٥ لە سەتی سەرهاتی چیرۆکەکە هی خەیاڵمە و دەیخەمە چوارچێوەی چیرۆکەکەوە. لەوانەیە خەراپ نەبێ بیزانی، پێچەوانەی نووسراوی ڕۆژنامەکان، ژنان لە من وەڕزن، چونکو هەر لەم بەلاڤۆکانەیان بیستووە، کە من بوونەوەرێکی بەئازارم و قسەی وانیان باوەڕ کردووە، بێ ئەوەی تەنیا جارێکیش کتێبی من وەکەن و وەیخوێنن. بە ڕای ژنان، چارلز بوکۆفسکی کەسێتییەکی زیناکار و ترسناکە و کارێکی جگە لە ئازار گەیاندن بە وان نییە. پێم وایە ئەگەر ڕۆژێک بە تەنێ بکەومە ناو کۆمەڵی ژنانی ئەمەریکاییەوە؛ لەتوکوتم دەکەن. ئەوەیشی لێ زیاد بکەم، ژمارەیەکی کەم لە وان پاشی ئەوەی کتێبەکانیان خوێندمەوە، لە قسەی خۆیان ژیوان بوونەوە.

**پیڤانۆ:** مەبەستت لە ژنان، فێمێنیستەکانیشە، یان تەنێ ئاماژەت بۆ ڕەگەزی ژن کرد؟

بوکۆفسکی: تەنێ ژنان. لە فێمێنیستەکان پڕم و ناتوانم لەگەڵیان بگونجێم.

**پیڤانۆ:** ژنگەل، کە کتێبەکانی تۆیان خوێندەوە و لە قسەکانیان ژیوان بوونەوە، چۆن ژنێک بوون؟

بوکۆفسکی: پتر کەسانێک بوون، کە لە کارگەلی پێوەند بە بەرهەمەکانم هاوکارییان کردم و پێم وایە ئەمانە کەسانێکی فرە شایستەن. مرۆگەل، کە بێ هیچ بنەوایەک لەبارەی بەرهەم یان کەسێتیی کەسێک داوەری دەکەن، قەتاوقەت بینینێکی ئەرێنییان بۆ بابەتەکان نییە و داخی گرانم؛ ڕێی دروستی بینینیش پێ نازانن.

**پیڤانۆ:** هەڵبەت هەرکەسەو بۆچوونێکی هەیە.

بوکۆفسکی: بەڵێ و من ڕێک بۆ ئەم جۆرە بۆچوونانەیان سپاسگوزارم. چونکو بوونە هۆی فراوانبوونی فرۆشی بەرهەمەکانم.

**پیڤانۆ:** فراوانبوونی فرۆشی بەرهەمەکانت؟.

بوکۆفسکی: بەڵێ. هێندە بەسە یەک بڵێ ڕقم لە فلان نووسەرە، ئەوی تر دەستبەجێ کتێبەکەی دەکڕێ.

**پیڤانۆ:** بۆچی لەگەڵ فێمێنیستەکاندا دژڕای؟ تا ئێستا ڕووی داوە لەگەڵیان بەشەڕ بێی؟

بوکۆفسکی: نا بەشەڕ نەهاتووم. چونکو ئەوانە قەتاوقەت ڕووخسەتی پەیڤینت پێ نابەخشن. کەرەتێک لەگەڵ ئەم جەڵەبەدا لە ئەڵمانیادا لێککگر بووین و تێگەیشتم، تەنێ دەیانەوێ بۆچوونیان ئاراستەی دیتران بکەن؛ هەڵبەت ئەگەر بەڕاستی بەوەی دەیڵێن باوەڕدار بن!

**پیڤانۆ:** یانی چۆن؟

بوکۆفسکی: هێندە بەسە سەرێک لە کتێبخانەکان بدەی. ئەو کات دەبینی زۆرینەی کڕیارەکانی کتێبە ئەڤیندارییە زەردەکان، گوتاربێژێکی کۆمەڵە فێمێنیستییەکانن.

**پیڤانۆ:** کە وایە فێمێنیستەکانیش مافی خۆیانە لێت وەڕەز بن.

بۆکۆفسکی: بەڵێ. ئەوانیش مافی خۆیانە. هەموومان مافی ئەوەمان هەیە لێک وەڕەز ببین.

## ژانی پووچ

## گوڵچن لە شیعرەکانی چارلز بوکۆفسکی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: بورزو ئەمیرحوسێنی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: شالاو حەبیبە

### ماچی شەوشاد بۆ کرمەکان

فێنکاییی پێویست بۆ مردن

نەک بەڵام بۆ کوشتن

سەوزەحەپێک کە دختۆر دابووی پێم

دەخۆم
دەخۆمەوە چای،
لە دەمێکدا کە قرشەکان
مەلە دەکەن
لە گوڵدانەکاندا و
دە جار
بیست جار
لە دووی دڵی ترسنۆکم دەخولێنەوە،
لە شەوێکی دوودڵدا و
لە بەهاری لۆس ئەنجلۆسدا
گوێی شل کردووە کەسێک
بۆ مۆسیقایەکی بتهۆڤن.

خۆم مەڵاس داوە
لە پشت پەردە دادراوەکانەوە،
دەمێ کە پیاوە شکۆخوازەکان
بە سەیارە تازەکان و
سیسێ تازەکانیانەوە
لە شەقامەکاندا دەئاژوون؛
دانیشتووم من
لە ژوورێکی کرێدا و
دەمانچەیەکی دارین
دادەتاشم
وێنەی ژنە ڕووتەکان
گاکان
سەرکێشییە ئەڤینداریيەکان و
پیاوگەلی پیر،
بە قەڵەم

مۆمێکی مندالانه دەکێشم
له بان دیوار،
دەمێ که ژەنراڵەکان دختۆرەکان و پولیسەکان
هەڕەشەمان لێ دەکەن و ئەشکەنجەمان دەدەن
پێوەنده به یەک به یەکمانەوە
ئاوا بژین
که دەتوانین

من ڕۆژی جارێک دەچمه گەرماو
دەترسم
له پشیله و سێبەر،
فره کەم دەخەوم
دەمێ دڵم بوەستێ
دنیا خێراتر دەبێ
چاتر
گەرمتر دەبێ
دێ هاوین له دووی هاوین
ساماڵ دەبێ کەش
وەک هی زەریاچە و
هەروەتر
مانای ئەمانەیش هەموو

بەڵام تا ئەو ساتەی
سەوزەحەپ هەیە،
شۆسته خلیسک و وشکەکانی شەقام و
لەو خوارانەوەیش پارچه زەوینێک
پڕ له کرم، پڕ له کرم، پڕ له کرم،
نییه لەم سەرەوەیش

حۆرییەکی قژئاڵتوونی
تا منی
کە چاولەڕێی خەوتنم
خۆش بوێ.

**چارەیەک نییە**

لە دڵدا جێیەک هەیە
پڕ نابێتەوە هەرگیز
بۆشاییەک
تا
لە چاترین ساتەکان و
شکۆدارترین
کاتەکاندا
ئێمە هەمانە ئەو
هەمانە ئێمە ئەو
پتر
لە هەمیشە
هەیە جێیەک لە دڵدا
پڕ نابێتەوە هەرگیز
ئێمەیش
چاوەڕێ دەکەین و
چاولەڕێین
لەو
بۆشاییەدا

**قاوە**

قاوەم دەخواردەوە
لای پێشخوانەکەوە

که پرسی لێم
پیاوێک:
(ببووره،
تۆ هەر ئەوە نیت
بەری چەند شەو
لە پەنجەرەی دیوێک
لە نهۆمی ئەو هوتێلەی نێزیک ئێره
هەڵواسرابوو
بە پێوه؟)
وەڵامیم دایەوه:
(ئەرێ، خۆم بووم.)
پرسی:
(ئەو کارەت کرد بۆچی؟)
(چیرۆکێکی پێچەڵپێچه.)
ڕووی خۆی
ئەو پاشان
وەرگێڕا
ژنەی پێشخوان
که وەستابوو لەوێ
لێمی پرسی:
(گاڵتەی دەکرد ئەو،
وا نییه؟)
گوتم:
(وا نییه.)
دام پارەی قاوه
هەستام لەوێ
چووم ڕووەو دەرکه
دەرکەم کردەوه



(شێته ئەم کابرایە.)
بیستم
پیاوێک دەیگوت
هەنگاوم دەنا
لە شەقامدا
ڕووەو باکور
هەستم بە شانازی دەکرد؛
بە جۆرێکی غەریب.

**کۆتا**

دەمانچە لەرزینی شیرینی،
مینا سەفەری مەلەکان
بەرەو باکور؛
ڕووەو لاجانگت...
دەنگی تقی زامن
کە ڕەها دەبێ و
خۆرگردران،
هاوڕێ...
دەنگی سامناکی
تەقەی شتێک دەبیستی.

**شیعرێک بۆ چل و سێیەمین ڕۆژی لەدایکبوونم**

لە تەنیاییدا بە کۆتا گەیشتن
لە گۆڕی دیوێکدا
بەبێ سیگار
بەبێ شەراب،
تەنیا چرایەک،
بە ورگێکی زل و

مووێڵی سپییەوە و
شادمان بەوەی
بانێکم هەیە.
بەیان هەموو ...
چوونەتە دەرەوە
بۆ بژێوی:
دادوەرەکان، دارتاشەکان
لوولەکێشەکان، دختۆرەکان
ڕۆژنامەفرۆشەکان، حەسحەسەکان
ئارایشتکارەکان، سەیارەشۆرەکان
مامۆستاکان، گوڵفرۆشەکان
کڵفەتەکان، چێشتلێنەرەکان
شۆفێرەکانی تاکسی...
کەچی تۆ
وەردەسوورێی
ڕووەو لای چەپت
تا چاوەکانت ئازار نەدا و
بیدا لە پشتت؛
خۆرەتاو.

**ئەو دانەیە**

نییەتی ناو منداڵت
نییەتی ڕەنگ قژت
نییەتی گۆشت ڕوخسارت
نییانە پەنجە پێیەکانت
هەیەتی دە ئالا وڵاتەکەت
زمانی نییە دەنگت
وەک مار دەخزێن ئەندێشەکانت

یەک نین چاوەکانت
چەپکەگوڵ دەخۆی
ڕووەو سەگەکانی هەڵدەدەی
گۆشتی ژەهراوی
تێلابەدەست دەتبینم
خۆت داگرتووە
لە کۆڵانە تەسکەکاندا
دەتبینم چەقۆت پێیە
تا لە هەمووانی بوەشێنی
دەتبینم جیهانگەڕی و
سەرەماسی لە بری دڵ
لە قاڵب دەدەی.
جا دەمێ کە هەتاو
وەردەسووڕێ و دەچێتە خوار
لە متبەخەکە دێیتە دەر
خواردنەوە بە دەستەوە،
ورتەی نوێترین ئاواز
بزەیەکم
دەکەیت و بۆ دەکەیت؛
لە کراسە تەسکە سوورەکەتدا.
سەیرە.

**پەتێک ڕاکێشە، بوکۆڵەیەک دەجوڵێ**

پیاوەکان بزانن کە
پشیلە ژن کار
لاستیکی تایەی پێشەوەی سەیارە،
تەختەخە و دیوارەکان خانوو
بە خێرایی دەتوانن ون بن.

نیازەکانت هەموو
ئەڤین یەک لەوانە
لەسەر لم وەستاون
بە هەر هۆیەک
پێوەندار ناپێوەند،
لە هۆنگ کۆنگ مەرگی کوڕێک،
یان کرێوەیەک لە ئوماها،
دەتوانن وێرانت بکەن.
قاپە چینییەکانت هەموو
پەرژوبڵاو دەبنەوە
لەسەر زەویی متبەخەکەدا،
ژنەکەت دێ و تۆ دەبینێ
لەناو ئەوەی ڕووی داوە
بە مەستی
وەستاوی.
لێت دەپرسێ:
خوایە گیان! چی بووە؟
تۆیش وەڵامگۆی دەبی:
نازانم
نازانم....

**ئەوەی وان دەیخوازن**

واڵجۆ لە بارەی تەنیاییەوە نووسی و
تەنیایی کێشا و مرد،
گۆیی ڤان کوخی ناردەوە
قەحپەیەک،
سەر لە دووی ئاڵتون ڕۆی
ڕامبۆ

ڕووەو ئەفریقا و
سفلیسی بێ دەرمانی گرت،
بتهۆڤن کەڕ بوو،
پاوەندیان
لە قەفەسدا گیرا
بە شەقامەکاندا،
مەرگەمووشی خوارد چێتەرتوون،
لە ئاوەکانی پورتگالدا
مێشکی پرژا
هەمنگوەی،
ڕەگی دەستەکانی بڕین
پاسکاڵ
لە وانی حەمامدا،
ئارتاودیان
پەستایە شێتخانەوە،
وەستا
داستۆیفسکی
لە بن دیوار،
کرین
خۆی هاویشتە سەر
پەروانەی ماتۆڕی قایەغێکەوە،
بە دەستی سەربازەکانی سوپا
لۆرکا
کوژرا،
خۆی هەڵدا
لەسەر پردێکەوە
بریمان،
ژنەکەی کوشت

به گولله
بۆرزۆ،
میلەر چەقۆی دا
لە ژنەکەی،
شانۆیەکی بە نەفرەت بوو،
تابلۆیەکی ڕێکلامی نوورانی
لە ناوەندی جەحەندەمدا؛
ئەمەیە ئەوەی وان دەیخوازن:
ئەو گرووپە
گەمژە و
لاڵ و
ئاسوودە و
ڕەنجاوەی
چەپڵەلێدەرەکانی کەرنەڤاڵ.



# نموونەیەک
# لە لێکۆڵینەوەی شیعری نوێی کوردی

دوکتۆر: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری لاو بانگەوازێکیان بڵاو کردەوە و بەجۆرێک گردبوونەوە کە وای لێ هات لە کۆڕی نووسەران و ئەدەبیاتدۆستاندا ناو و جێگە و ڕای تایبەتی بۆ ئەو دەستەیە دابنرێت.

ئەوانە ئەو دەستەیە بوون کە بە (ڕوانگە) ناویان دەرکرد. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی، ڕوانگەدا چەند پرسیارێک هاتە پێشەوە، کە ڕۆژانی دوایی وەڵامی هەندێکیانی دایەوە و هەندێکیان هێشتا بێ وەڵامن. پرسیاری یەکەم ئەوە بوو کە ئەو شتانەی دەستەی ڕوانگە داوای دەکەن، نموونەی کوا؟ واتە پێش ئەوەی بەرهەمێکی هونەرمەندانە بخەنە بەردەم کە ببێتە وێنەی داخوازەکانیان، داوای شتی تازە دەکەن و ڕێ و شوێن دادەنێن.

بەڵام وا لەم چەند ساڵەدا کۆمەڵێک بەرهەممان لە بەردەمدایە کە وێنەی بەشێکی داخوازەکانی ڕوانگە بن و ئەو بەرهەمە بن کە لە باری سەرنجی ڕەخنەوە کەرەسەی شایان بدەن بەدەستەوە.

ڕەنگە زۆر لەو شاعیر و نووسەرانەی وان لە سنووری ئەو (باری سەرنجە)دا لارییان لەوە بێت کە بە (ڕوانگە)یان بناسین، بەتایبەتی هەندێک لە شاعیرانی ئەم ژمارەیەی (بەیان)، بەڵام ئەگەر گردبوونەوەی (ڕوانگە) مابێت یا نەمابێت و ئەم شاعیرانە پێوەندییان بەو گردبوونەوەیە هەبێت یا نا؟ ڕاستییەک هەر دەمێنێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەم بەرهەمانە بەشێکن یا چەند (تاڵ)ێکن لە تەوژمێک کە لە پاش ئەو بانگەوازەوە هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە.

پرسیارێکی تر ئەوە بوو کە ئەو بانگەوازە چیی دەوێت؟ هەرچەندە وردبوونەوەیەک لە بانگەوازەکە ئەوەی دەردەخست کە هاواری (تازەکردنەوە یا تازەگەری)یان دەکرد، بەڵام پرسیار

هەر مـایەوە، هەندێکی لە جـێدا و هەندێکی نابەجێ. چەند وەڵامـێکی ئەو پرسـیـارەش بەجێ و نابەجێ هەر درایەوە. جا بۆ ئەوەی لە ڕاستیی تازەگەریی شیعری پاش (١٩٧٠)مان بگەین، با بۆ تەعریفێکی ڕاستەقینەی (تازەگەری) بگەڕێین.

ڕەنگە تەعریف زۆر بێت و هەر کەسەش لە تێگەیشتنی خۆیەوە تەعریفێک پوختە بکات. بەڵام لەم بارەیەوە باشتـر ئەوەیە کە بچینەوە سـەر هەندێک سـەرچاوەی وا کە پوختـەی تەجـروبە و زانینی زانایان بێت و باوەڕمان پێی هەبێت.

(تازەگـەری) یا باشـتـر ئەوەیە (نـوێگەری)ی ناو بنێین، کـە لەگـەڵ وشـەی (نۆڤـارتۆر)ی لاتینیـدا یەکن، ئەم نـوێگەرییـە (لە ئـەدەبیـاتدا بەو شـتـە تازانە دەڵێن کە لە ناوەڕۆک و ڕووی بەرهـەمدا لای مـیللەت و بۆ مـیللـەت نرخـیـان هەیە. ئەو شـتـە تازانـەیە کـە نووسـەر و شـاعیری پێشکەوتوو یا سـەرکەوتوو دەیهێننە ئەدەبیاتەوە و خواسـتە تازەکانی گەل بەجێ دەهێنن، نوێگەری تەماشای ئەو شتـانە دەکـات کە تازە لە ژیاندا پەیدا دەبن و تەماشـای ئەو پێـوەندییـانەی ناو خـەڵک دەکـات کە گۆڕاون و سـیمـای تازەی مرۆڤ دەبینێت و ئەو ڕەنگدانەوە ڕاستـەقینەیەی ژیانی ئەو دەستنیـشـان دەکات کە لەگەڵ کەرەسـەی هونەر دەربڕیندا یەک دەگرێت.

ئاخـۆ بەم پێـیـە دەتوانین وا پێـشـان بدەین کـە نوێگەری هەر شـتـی نوێیـە و لە کـۆن و ڕابردوو دابڕاوە، یا دەبێ دابڕێ؟ دیارە نا.

بۆ ئەمەش دەتوانین بچینەوە سەر سەرچاوەیەک کە دەڵێت:

بەرهەم یا کەلەپووری ڕابردوو هەر وا بەشێوەیەکی میکانیکی نایەتەوە ناو هونەری تازەوە، بگرە ڕەخنەگرانە خـۆی لەگـەڵدا دەگونجـێنێت و جـارێکی تر کاری خـۆی لە بناخـەی جـیـهـانبـینی و پراکتیکیی کۆمەڵایەتیدا دەنوێنێت، شتێک کە پشت بە باشـترین سامانی ڕابردووەوە نەبەسـتێت و سـەرلەنوێ لەو سـامان و کەلەپوورە زیاد نەکات و نەبێت بـە گەشـەسـەندنی لەمـەودوای ئەو، بەهیچ جۆرێک پێی ناوترێت نوێگەری.

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم قسانەدا دەبێت نوێگەریی ڕاستەقینە لە نوێگەریی درۆ، لە نوێگەریی مـردووانە جیـا بکەینەوە. بەم جـۆرە پرسیـارێکی تازە لەبارەی (نوێگەری)ی ئـەم شاعیرە تازانـەمـان دێتە کایەوە؟

ئەگەر باوەڕمان بە یەکەتیی تەواوی ناوەڕۆک و ڕوخسـار هەبێت و زمان بە کەرەسە و هۆی قاڵب دۆزینەوەی ئەو یەکەتییە بزانین، دەبێت ئەو سێ ڕەگەزە (ناوەڕۆک و ڕوخسـار و زمان) لە بەرهـەمی ئەم شـاعیـرانەمـاندا جیـا جیـا باس بکەین و ئەوسـا بەشـێوەیەکی زیندوو و نـامیکـانیکی تێکەڵیـان بکەین و لێیان بدوێین.

هـەر لـە سـەرەتاوە زۆر کـەس ڕووی دەکـردە ناوەڕۆک و دەیپـرسـی چی ئـەم چەند شـاعـیـر و نووسـەرەی کۆ کردووەتەوە؟. لەبەرئەوەی ئەوسـا بەرهـەمی زۆری وای ئەو چەند کەسە دیار نەبوو کە

بۆ نموونەی لە یەکتر دووری یا لە یەکتر نێزیکی دەست بدات، لەبەرئەوە پرسیارەکە لەسەر بیروڕای سیاسی و ڕابردوو و ئەوسا و ئێستای ڕێڕەوی سیاسیی نووسەرەکان بنیات نرابوو و پێوەندیی بە بەرهەمی ئەدەبییانەوە نەبوو.

بەڵام ئێستا بەرهەمێکی شیاومان لە بەردەستدایە و جوغزی ئەو چەند کەسەش فراوانتر بووە، با پێوەندیی گردبوونەوەکەیان شاشتر بێت. بۆیە دەتوانین لە ناوەڕۆکدا شتێکی وا بدۆزینەوە کە ئەمانە هەموویان کۆ بکاتەوە، با لە هەندێ تووڵەڕێ و هەندێ وردە شتدا جیاوازیشیان هەبێت.

لێرەدا بەرەو دواوە دەچمەوە و ئەوە دەهێنمەوە یاد کە لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا نووسیبووم، (ڕوانگە تەوژمێکی ئەدەبییە بناخەکەی بیری بۆرژوازیی بچووکە و گەڕانی چەند هونەرمەندێکی بە بەهرەیە بەدوای ڕاستیدا، جا یا دەگاتە ئەو ڕاستییە کە بەلای منەوە ڕیالیزمی سۆشیالیستە یا نایگاتێ و لە جێی خۆیدا وشک دەکات). هەر دوابەدوای ئەو قسانە دەمەوێ ئەو جوغزەی ئێستا کە لە ڕوانگەکەی ئەوسا فراوانترە بەجۆرێک لە ئەدەبیات یا بزووتنەوەی گەنجانی دنیا دابنێم، کە لەم پلەی گواستنەوەیەدا لە پلەی بەرەو سۆشیالیزم چوونی دنیادا، جێگەیەک و شوێن پەنجەی کارێکیان دەوێت. هەندێکیان دەبنە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە و هەندێکیان بەخوێنگەرمیی لاوەوە (بەعەشق ئەچن بەرەو پیری مەرگەوە) و تابلۆیەکی ڕۆمانتیکیی فیداکاری بەخوێنی پاک لەسەر زەوینی ڕاستی و ڕووداودا دەنووسن. هەندێک لاوی ئەم پلەیەی سەر زەوین هەر وەڕسی لە سووڕانەوەی سەت ساڵەی چەرخی مەکینە و کارگەکانی سەرمایەداری وەڕسیان دەکات و بەرەو هەموو کونجێکی دنیا لە شێوەی هیپیدا دەیانگێڕێت و لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا وێنەی ئەو کەشکۆڵ و عەسایەی دەروێشانی ئاوارەی ڕاستی دووبارە دەکەنەوە.

ڕەنگە ئەم چەند دیمەنە لە ڕواڵەتدا لە یەک دوور بن، بەڵام لە جەوهەردا یەکن، بە (وەڕسی و ئاوارەیی و ئەوپەڕی شۆڕشگێڕی و فیداکارییانەوە) وێنەی پلەی گواستنەوەن و جیاوازییان ئەوەیە کە هەندێک لەمانە ڕێگەی ڕاستی دەربڕینی (وەڕسی)یان دۆزیوەتەوە و جێگەی خۆیان لە گواستنەوە و بەرەو پێشبردن و خێراکردنیدا دۆزیوەتەوە و بەڕاستی شۆڕشگێڕ و خەباتکەرن، هەندێکیش ئەو ڕێگەیەیان نەدۆزیوەتەوە، بۆیە هەر (وەڕس و یاخی و ئاوارەن). لێرەدا پرسیارێکی تازەش دێتە کایەوە و نابێ خۆمانی لێ گێل بکەین. ئەویش ئەوەیە کە ڕێگەی ڕاست کامەیە؟ بەلای منەوە لە کۆڕی ئەدەبیاتدا ڕیالیزمی سۆشیالیستە، ئەمە بکەیت بە موعادەلەیەک و بەرامبەرەکەی لە مەیدانی سیاسەت و فەلسەفەدا دابنێیت دەبێ بڵێیت مارکسیزمی لێنینیزمە.

لای ئەوانەی بە بزووتنەوەی مارکسیزمەوە بەستراون، بە پێی لێکدانەوەی خۆیان دەبێ هەریەک ڕێبازی مارکسیزم ببین و بەرامبەر بە هەموو مەسەلە و ڕووداوێک ئەنجام دەرهێنان (استنتاج)ێکیان هەبێت و ئەوە بە ئەنجام دەرهێنانی مارکسیزم بناسن. بەڵام بۆ ئەوانەی بەو بزووتنەوەیەوە نەبەستراون، هەقی پرسیار و سەرسوڕمانێکی ڕاستەقینەیان هەیە و کە بەرەو ئەو ڕاستییەی ئێمە بێن، دەبێ بەناو دەریایەکی پرسیار و سەرسوڕماندا بێن، تەنانەت ئەگەر

مـارکـسـیـزم بەشـتـێکی وشک و چـەند دەرمـانێکی لـەوەپێش گـیـراوە دانێین، کـەوا دانانـی لـە بیـری دیالێکتیکیمـان دوور دەخـاتەوە، دەڵێم ئەگـەر مـارکـسـیـزم بەو شـتـە وشکە نەزانین، بۆ لە بەرامـبـەر هـەمـوو ڕووداو و دیمـەنێکی تازەی ژیاندا، مارکسیستێکی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیریش لە پرسیار و وەسـتـان و لێ وردبوونـەوەیەکی دەوێت و ئەنجـام دەرهێنان کـاری (بەڵێ و نا)ی تـاوێک نیـیـە. سەرباری ئـەمەش کە لە بزووتنەوەی سۆشیالیستی و شۆڕشگێریی دنیادا سێ جۆرە لێکدانەوە و ڕێبـاز پەیدا بـووە، ئەوەش هەیە کـە لەم پلـەی گـواسـتـنـەوەیەدا چەند جـۆر بزووتنەوەی بۆرژوازی بچـووک پـەیدا بووە، کـە هـەر لە وڵاتانی ئاسـیـا و ئەفـریـقـا و ئەمـەریکای لاتینیـدا نا بگرە لە ئەوروپاشـدا (وەک جـووڵانەوەکـەی قـوتابیـانی فـرەنسـە و گـەلێکی تر)، ئەمـانەش هەمـوو خـۆیان بەشوێنگرەوەی میراتگرە ڕاستەقینەکانی بیری سۆشیالیزمی دادەنێن و لافی ڕابەری بزووتنەوەی شۆڕشگێرییانە.

ئێمەش، گەلێکین، وڵاتێکین لەم جیهانەدا کە ژیانی خۆی بەرەو سۆشیالیزم دەگوێزێتەوە. لە پاڵ ئەو هـەمـوو دیمـەنەی باری دنیـا و ئەو هەمـوو ئاڵۆزییـەی ڕێبـازی شـۆڕشـی دنیـادا، گـەلێک باری سـەیری وڵاتی خـۆشـمـان دەبینین و گەلێک ئاڵۆزیی بزووتنەوەی شـۆڕشگێڕیی خـۆمـان و تێکەڵیی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی و یەکگرتنی سـەیری چەند ئایدیۆلۆجیی جیاواز لە هەندێ دروشـمی ڕۆژ و سـەردەمدا دەبینین، لە مەیدانی بیر و فەلسەفە و ئەدەبیاتیشدا یا ئەو ڕێبـازە ڕۆشنە نییە کە سنوورێکی دیار دابنێت و ڕابەریی خۆی بنوێنێت ئەوەش کە هەیە بەری بۆ بـەرەڵڵا نەکراوە و دەبێ (بەناو هەزار داوی وردی باریکا) بیری خۆی دەربڕێت.

ئەمـانە هـەمـوو لە بەرهـەمی ئەم کۆمەڵە شـاعیـرەدا کە هێشـتـا لە سـەرەتای (لاوی) دان و هـەمـوو شتی باری وڵات دەبینن و چالاکانە خەریکی خوێندنەوەن و جونبووشی شۆڕشی دنیا و ڕێبازەکانی دەگاتە لێکدانەوە و بەدوای ڕاسـتی گەڕانیاندا، ئـەمانە هەموو لە بەرهـەمیاندا ڕەنگ دەداتەوە و ئەو پرسـیارە گـەورەیە هـەموویان یەک دەخات. پرسـیاری بەدوای ڕێگەی ڕاسـتی سـەرکـەوتندا، بەدوای ڕابەری گەڕاندا، هـەندێکیان خەریکن شتێکی گشتی یا سنوورێکی گشتیی ئەو وەڵامە دەدۆزنەوە و بەرەو (تایبـەتی)ی ناو ئەو سنوورە گشـتییـەش دەچن و هـەندێکیـان هێشـتـا هـەر ڕووی پرسـیـارمـان تێ دەکەن.

**فەرهاد کەی دێی؟ فەرهاد کەی دێی؟**
**ڕووباری ئاو کەی ئەڕژێتە گەرووی ئەم شارە**
**داماوە.**
**فەرهاد کەی دێی**

ئەنوەر جاف – وەرزی سـەرهـەڵدانی فەرهاد

**وەرە... ئەی گڕ ..**
**وەرە.. شەختەی قوڕگی گەلیی ترسەکانمان**
**بتوێنەوە**
**ڕووپۆشی سەردەم و چاوی... ئاوەژوومان**
**بسووتێنە!**
**تاریکیمان... بخوێنەوە.**

شێرکۆ بێکەس – من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ

**وەرە خوارێ**
**سەر ئەستێرەکان... مەبڕە**
**بەری کلاوڕۆژنە.. مەگرە**
**وەرە خوارێ**

عەبدوڵڵا پەشێو – تابلۆیەکی زستانی

**کوا ڕەشەبای گڕپژێنی**
**ناو گەرداوی دڵی تۆڵە**
**کوانێ شنەی تەم ڕەوێنی**
**باخی لێوی بیابانی سنگی ئەم وڵاتە چۆڵە؟**

جەلالی میرزا کەریم – ڕوانینی چاوی شەقام

**ئەگەڕێم بۆ ناونیشانی مردنم**
**ئەگەڕێم بۆ... سەرەتای یەکەم ئەوینم**
**ئەگەڕێم بۆ... خۆشەویستێ بکا شینم**

لەتیف هەڵمەت – سەرەتایەکی تر بۆ داستانەکە

**من کوردێکم، لە پێغەمبەرێک ئەگەڕێم**
**تەختی خوایەکم نیشان دات، ڕاپۆرتەکانم**
**وەرگرێ.**

سەلام محەمەد – گەشت و پیاسە

بەڵام وەک وتمان هەندێک شاعیر، تەنانەت هەندێک لەمانەی کە پرسیارەکەش دەکەن، وەڵام و

جێگەیان دۆزیوەتەوە.

نموونەکانمان هەر لە پارچەکانی ئەم ژمارەیەی (بەیان)ەوەن، بۆیە ئەم وەلامانەش دەخەینە پێش چاو:

**لاووکی سوو... سنگی کچی چیاکانمان ئەهەژێنێ**
**باخی زڕی لێوی زەردی منالەکان**
**زەردەخەنەی شیرین ئەگرێ...**
**ڕووباری ئاو بۆ گەرووی شار ڕێگا ئەگرێ**
**مردن ئەمرێ...**
**گیانی تینووی ڕەشبەلەکمان ئاگر ئەگرێ**
**زرمە و تەقەی – قیروقاجی – شۆڕەسواری خۆر**
**لە چاومان**
**بەری بەندی ئاسمان ئەگرێ**
**شاباشی خوێن بۆ مەرگی شەو فڕێ ئەدرێ**
**شیرین دەسڕی سەرچۆپی بۆ وەرزی هاتنم ئەگرێ**

ئەنوەر جاف – وەرزی سەرهەلدانی فەرهاد

ئەم بەرچاوڕوونی (تفاؤل)ەی ئەنوەر جاف نرخێکی هونەرمەندانە و ئایدیۆلۆجیی گەورەی هەیە، چونکە لەگەل ئەوەدا کە چووەتە سەر (شیرین و فەرهاد) و دەبوو تراجیدیایەکی خەمناک ببینێ، بەلام فەرهادی ئەم بەدەستی پیرێژن ناکوژرێت و هەر دێت و ئاو بۆ خەلک دێنێت.

**جۆگەیەکم... لە کەنارما خەم شین ئەبێ**
**ئازار ئەڕوێ و گول دەر ئەکا**
**چل... تاجی گڕ.. لەسەر ئەکا**
**خوێن... بولبولە و بۆی ئەخوێنێ**

شێرکۆ بێکەس – من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ

**ئەگریم... پێ ئەکەنم... ئەگریم**
**ئەگریم... ئەگریم**
**پێ ئەکەنم**

نەوزاد ڕەفعەت – فڕینی ئەسپێکی بێ بال

**دەنگ... دەنگدانەوەی خۆی هەیە**

**ڕەنگ... ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە**

**شیرین... فەرهادی خۆی هەیە!**

**فەرهاد.. شیرینی خۆی هەیە**

– سامی شۆڕش – کە فەرهاد ئەدوێ

سامی شۆڕش لێرەدا ژیان دەباتەوە سەر فەلسەفەی (وحدة الوجود) و سەرەتای هەموو شت دەکاتەوە بە یەکگرتنەوەی خۆشەویستی.

سەعدوڵڵا پەرۆش، لەم بارەیەوە پارچەکەی دوو جۆرە لێکدانەوەی ئاوەژوو هەڵدەگرێت. بەداخەوە شاعیر ناناسم و بەرهەمیم کەم دیوە و بەهۆی ناسین و بەرهەمی پێشوویەوە ناتوانم بڕیاری تەواو بۆ تێگەیشتنی پارچەکە بدەم، بەڵام ئەگەر دیوێکی لێکدانەوەی بۆ بکەین بە بڕیار ئەوا گەیشتنە ئەنجامێکی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە و وەڵامی شۆڕشگێڕانەی پرسیارەکەی هەموو ئەم شاعیرانە دەبینین:

**بڕۆن چوکلاتی بووکێنیی**

**شۆڕشگێڕی کۆ کەنەوە**

**ورەی پێشێلی بەرمەدەن**

**ئێوەش زاوای دوا ڕۆژن.**

سەعدوڵڵا پەرۆش – برووسکەیەک لە تفەنگەوە بۆ زام.

محەمەد بەدری پرسیار و وەڵام لەم باسەدا یەک دەخات:

**قەتارێکم.....**

**شەیدای ڕێگای ئاووتێکم**

**بۆ ڕامالینی داگیرکەر ڤێتنامێکم**

محەمەد بەدری – گۆرانییەک بۆ وڵاتەکەم

عەبدوڵڵا عەباس دیمەنی نالەباری ژیان و سەردەم دەبینێت و پرسیار ناکات و سەرسامی پێشان نادات، بگرە یەکسەر بەرچاو ڕوونی و وەڵامی ڕاستەقینە پێشان دەدات:

**بەهارێ دێت. ڕووی گرژی ئاسمان، دەگۆڕێت.**

**تەموومژی حەپەساوی. لە بەرچاوی خەڵکی**

**شارا، ئەسڕێتەوە. بەرگی «مینا» وەک**

**بووک ئەبێت، ڕۆژێ، زەحمەت، ڤینی**

**ئاخنراوی دەروون، دەتەڤێنێت**

**ئەی برسییەکان زەویی ئەم شارە بە پیتە**

**تۆوی ساغی تیا بڕوێنن.**

عەبدوڵڵا عەباس – گۆرانییەکی نوێ بۆ (مینا) و چاوەکانی.

لەم باسی پرسیار و وەڵامەدا، وەڵامی بێ تەم ئەوەی جەلالی میرزا کەریمە. هەروەک خۆی جۆرە دەنگ و مۆسیقایەکی لە یەک داوە و چەند دێری جوانی پێ هۆنیوەتەوە، هەر بەم دەنگانە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانیشی کردووە بە هارمۆنیایەکی یەکگرتووی ڕاماڵەری تەوژمهێنەر و بە کۆتاییی سەرسامی و ئاوارەیی و پرسیاری ئەم شاعیرانە:

**شەقام: من کیشوەری زامم**

**زام: من شۆڕشی پەیامم**

**پەیام: من چەکی ئەنجامم**

**ئەنجام: من گۆرانیی ناو سەنگەری شۆڕشگێڕانی جیهانم..**

**من ڤێتنامم**

**من پۆلیڤیام**

**من سۆدانم...**

**من شۆڕشی کوردستانم.**

جەلالی میرزا کەریم – ڕوانینی چاوی شەقام.

ئەمە پرسیار و وەڵامی هەندێک لەم شاعیرانە بوو، بەڵام هەندێکی تریان هێشتا لە سەرسامی و بێ وەڵامی دان.

پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئاخۆ دنیابینینی ئەم شاعیرانە و شتە تازەکانی ژیان و پێوەندیی ناو خەڵک و گۆرانی و سیمای تازەی مرۆڤ لە بەرهەمی ئەم شاعیرانەدا چۆنە و چۆن دەربڕاوە؟ وا دەزانم هەر لە پارچەکان خۆیاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شتی وەک یەک و شتی جیاوازیان هەیە و تێکڕا بە یەکگرتوو و جیاوازییانەوە لە شاعیرانی پێش خۆیان جیا دەکرێنەوە.

کەسێک لەم شاعیرانە دیمەنی ئەمڕۆی ژیانی نەتەوەی کورد بەجوان و گەشاوە ناو نابات و ڕەنگی (سەوز و سوور و ئاڵ و مۆری) خامەکەی بۆ ئەو تابلۆیە بەکار ناهێنێت. ئەگەر جیاوازییەک هەبێت ئەوەیە کە لای هەندێکیان هەر ڕەنگی ڕەش لە تابلۆدا دیارە و لای هەندێکی تر لە ئاسۆی

تابلۆکـەدا ڕەنگی سـپێدەی بەیان دەردەکەوێت و لـە هـەندێ پارچەدا چوارچێـوەی تابلۆکـە ڕەنگی سووری شۆڕشـە و ئەگەر ڕەشیش هـەبێت لای ئەم شاعیرانە ڕەشیی کینەی ئادەمیزادی چەوساوە و زوڵم لێکراوە و ڕەنگی (ڕەشبینی – تشاؤم)ی هەندێ شاعیری تر نییە.

لەم چەند پارچەیەدا بەڕووناکی ئەم دوو جۆرە شـاعیـرانە دیارن، بەڵام دەسـتنیشـانکردنیان با ئاسانیش بێت، لە ڕاستییـەکمان لا دەدات، ئەویش ئەوەیە کە ئـەم ڕێبازەیان یا ئەویان، واتە ئەوەی لەم پارچەیەدا دەبینرێت ڕێبازی هەموو بەرهـەمی ئەو شـاعیرە نییە، ڕەنگە بەئاسانی شـاعیرێک کە لەم پارچەیەدا ڕەشـبینە لە پارچەیەکی تردا ئاسـۆی ڕووناک ببینێت، یا بەپێچـەوانەوە، ئەمـەش لە خـۆیدا دیمـەنێکی ئەو بەدوای ڕاستیدا گەڕانەی ئەم شـاعیرانەیە و نیشـانەی ئەوەیە کە هێشتا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تەواو جێگەی خـۆیان نەگرتووە و تەوژمی ژیان و دەسـەڵاتی قـووڵێتیی ڕەخنەی عیلمـی ئەو جێگەیەیان پێ دەگـرێت و ڕەنگە ئەو کـاتە هـەموویان لە یەک چوارچێـوەی بە خـەبات و ژیانەوە لکاودا کۆ بکەینەوە یا بە هێڵێکی ڕۆشن بیانکەین بە دوو بەشـەوە. وەک وترا ئـەگـەر ئەم پارچانە بکەین بە سەرچاوەی بڕیار بەسـەر شاعیردا، ئەوا دەکەوینە ئـەو تەمومژی (ئەبستراکتیزم – تجریدیە)ەوە کە هـەندێک جـار ئـەم شـاعیری لاو یا ئەویانی تێ دەکـەوێ و بەوە خـۆی لە سنووری فراوانی ریالیزم دوور دەخاتەوە.

ئەگەر لەباری ئایدیۆلۆجیاییەوە تێکڕا شـاعیرانی ئەم تەوژمـە کۆ بکەینەوە و لەوەدا کە لەسـەر شتێک و بیرێکی سنووردار یا پێڕەوێکی ئاشکرای ئەدەبی جێگیر نەبوون، تەوژمـەکە بە دیمـەنێکی بورژوازیی بچـووک بزانین. ئەو کاتە زۆر ڕاست دەبێت کـە لە پارچـە و هـەڵوێستێکدا ئەم شـاعیر یا ئەو لە کونجی سەرنجی پرۆلیتاریاوە بدوێت و جاروباریش لە جۆری ڕەشـبینی و هـەندێ شتی تردا لەو کونجی بینینە دوور بکەوێتەوە و لە ڕوانگەیەکی ترەوە تەماشای ژیان و ڕۆژ و کارەسات بکات. هـەر بـەم پێـیـە هـەندێ پارچەی ئـەم شـاعـیـر یا ئەویان بە بەشـێک لە ئەدەبیـاتی ریالیـزمی سۆشیالیستی ئەم سـەردەمـەمان دەژمێرێت و هـەندێک پارچە دەچێتـەوە سـەر سـەرچاوە کۆنەکەی ڕۆمانتیزمی جیهانی و کوردی و لەوێوە بەرەو بەشـە جیاوازەکانی (مـۆدێرنیزم) دەچێت، کە ئەگەر بە ئەدەبیاتێکی ڕێک و ڕەوانی بۆرژوازیی سـەردەمیشیان دانەنێین، ئەوا هـەر ناتوانین بەئەدەبیاتی پرۆلیتاریایان بژمێرین. لـە بەرهـەمی تەواو یا پارچەی تەواوی شـاعیرانی تەوژمی تازەدا دیمـەنێکی تەواوبووی ئەوتۆی ڕێبازەکانی ئەدەبی بۆرژوازیی ئەم سـەردەمـە نابینرێت، واتە چوونەوە سـەرەکـە شتێکی تەواوبووی کۆتایی هاتوو نییە. بگرە دیمەنی ئەو ڕێبازە لە کاتێکدا لە پارچەیەکدا دەبینین، کە ڕەنگە ڕەگی هـەموو پارچەکە شاعیرەکە خۆی بە ژیانی گەلەوە بەسترا بێت و ئەو جۆرە دیمەنە جۆرە کەفێکی سـەر ئاون.

ئەگەر ئەم قسانە بخەینە قاڵبی ڕەخنەی ئەدەبییـەوە دەبێ بڵێین: زۆرجـار لای شاعیرێک لەمانە، یا لە پارچەی شـاعیرێکدا هـەندێک دیمەنی (ئەبیـسـتـراکـتیـزم – تەجـریدیەت) یا (فـۆرمـالیـزم – ڕوخسارپەرستی) دەبینین، لە کاتێکدا ڕەگی شاعیرەکە خۆی یا پارچەکەی بە زەویی ریالیستییەوە

بەستراوە.

(ئەبستراکتیزم)ە کە لەوەدایە کە ئیشێک یا ڕووداوێک لە هەموو ژیان و لەو زروفە کەلا بخەین کە ئەو ئیش و ڕووداوەی هێناوەتە کایەوە. ئەمە لە ناوەڕۆکی زۆر هۆنراوەدا دەبینرێت. لەو بەگشتی قسەکردنەدا دەبینرێت کە (دۆ و دۆشاو)ی تێدا تێکەڵ دەکرێت و هێڵی ئاشکرای چینایەتیی کۆمەڵی تێدا ون دەکرێت. تەمومژێک بەسەر ڕابردوو و ئێستادا دەهێنرێت، وەک ڕابردووی هەموو نەتەوە هەر یەک بووبێت و بەرپرسیاری ئەم چین و ئەو چین بەرامبەر بەو ڕابردووە هێندەی یەک بێت:

**من کوردێکم لەوەتی هەم، بە ڕووی خۆما ئەتەقێمەوە**

**لەوەتی هەم فەرهەنگەکەم**

**بەزاراوەی بێگانەکان، ئەشۆمەوە**

– سەلام محەمەد – گەشت و پێناسین

**ونم.... ونم....**

**ئەگەڕێم بۆ ... سەرەتای یەکەم ئەوینم**

**ئەگەڕێم بۆ ... خۆشەویستێ بکا شینم**

– لە تیف هەڵمەت – سەرەتایەکی تر بۆ داستانەکە

**وەرە ... شەختەی قوڕگی ترسەکانمان**

**بتوێنەوە.**

**ڕووپۆشی سەر دەموچاوی ... ئاوەژوومان ....**

**بسووتێنە ...**

**ئەوەتەی هەم ... لە تینوێتیم ئەخورێتەوە و**

**خۆم هەر تینووم.**

– شێرکۆ بێکەس – من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ

**ترساین ... ترساین**

**لە تارمایی .. مردن ترساین**

– نەوزاد ڕەفعەت – فڕینی ئەسپێکی بێ باڵ

**ترسنۆکیی، شاعیرەکان ...**

**کورسی و مێزی،**

**کۆشکی ژووره، سامناکەکان ... ئەسووتێنم!**

عەبدوڵڵا پەشێو – تابلۆیەکی زستانی لە پارچەکانی تری ئەم شاعیرانەدا وێنەی تری ئەم بەگشتی قسەکردنە زۆرە، بەڵام جاری وا هەیە هەر لەو پارچەیەدا ڕەگە پتەوەکەی شاعیر خۆی بەسەر ئەم تەمومژەدا زاڵ دەبێت و نموونە هێناوەش ئاسانە، بەڵام ئەگەر هەزار جاریشمان وتبێتەوە، ئەم جارەش دەیڵێینەوە، کە خانیی مەزن سەرەتای خەڵک لەیەک جیاکردنەوەیە و بەرامبەر بە خاک داگیرکراوی دەڵێت:

**تابیعیێ وان ئەگەرچی عارە**

**ئەڤ عارە لەخەڵکی نامدارە**

**ناموسەل حاکم و ئەمیران**

**تاوان چییە شاعیر و فەقیران**

ئەم دوو جیهانبینییەش لەیەک جیان و ئەو سنوورە هەر لە سەرەتای مێژووی بوونە نەتەوەیی کورد یا پێشترەوە دیارە. ئەم جۆرە ڕەگەزەی ئەبستراکتیزم زۆرجار ناوەڕۆکی شاعیر بەڕەوشتێکی لە ریالیزم و لە ژیان دوور دەبات ئەگەر پەرە بسێنێت شاعیر لەو ڕێبازە دوور دەخاتەوە.

لە ڕووی ڕوخساریشەوە، هەندێک تاڵی (فۆرمالیزم) شاعیر بەرەو شتێکی دوور دەبات. لە سەرەتایەکی سادەی تێگەیشتنی ڕیالیزمدا ئەوەندە فێر دەبین کە ئەدەبیات یەکەتیی (ڕوخسار و ناوەڕۆک)ە بەڵام بە هەر ناوێکەوە یەکێک لەم دوو کۆڵەکەیە درێژتر بکەین، تەلاری تابلۆگەریمان چەوت دەوەستێت و لە جوانیی بەرهەم و لە ڕێبازی ریالیستیی ئەدەب لامان دەدات.

لە ڕووی ڕوخساریشەوە، زۆرجار شاعیر بەناوی نوێگەری و وێنەی جوان نەخشەکێشانەوە، ئەوەندە خۆی بە ڕوخسار و وێنەوە خەریک دەکات، کە جوانیی ناوەڕۆک لە کیس بدات، ئەو کاتە بیرێکی ڕووناک بە چەند وێنەی ئاڵۆزی وا دەردەبڕێت کە مێشک بگوشێت و مەبەست نەگەیەنێت. لە کاتێکدا لەوانەیە کە ئەو بیرە بە چەند وشەیەکی سادەی وا کە هارمۆنییەکی تێدا پێک هێنرابێت دەربڕێت و کار بکاتە سەر شیعربیست.

دیسان نموونەی ئەمەش لە بەرهەمی ئەم چەند ساڵەدا دیارە و باسی ئەو نموونانەش باسی تایبەتیی دەوێت. ئەوەش وەک وتمان مەترسیی بەرەو (فۆرمالیزم – ڕوخسارپەرستی) ڕۆیشتنی هەندێک لەم شاعیرانەیە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێت کە ئەمە هەموو دیمەنی بەرهەمیانە و ئەو ڕووکردنە تابلۆ و وێنەگەرییە نوێگەرییە یا توانای هونەرمەندانەی تێدا نییە و هەمووی هەر (فۆرمالیزم)ە. نەء... لێرەشدا هەندێک ڕەگەز یا کەفی (فۆرمالیزم) دەبینین، بەڵام ڕەگی گشتیی هۆنراوەکان بە زەویی ئەو تازەگەرییەوە بەستراوە کە ڕەنگە سەدەیەک لەمەوبەر بیلینسکی بە ئاشکرا نەخشەی بۆ کێشابێت و ئەوەی دەربڕیبێت کە هونەر بە تابلۆ بیرکردنەوە و یەکسەر لە

ڕاستی وردبوونەوەیە. نوێگەریی گۆران لەوەدا بوو کە شیعری کوردی بە ناو دیمەنەکانی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی تورک و ڕۆئاوادا بەرەو ساکارییەکی وا جوان برد کە بە وشەی کوردیی پەتی و دیمەنی فۆلکلۆری کوردییەوە بەستراییت و لەسەر ئەم بناخەیە لە ساڵانی دواییدا لە نێزیکەوە لە ڕاستی ورد دەبووەوە دەستی دایە ئەوەی بە تابلۆ بیر لە دەربڕینی ئەو تابلۆیانە بکاتەوە و لە کاتی مەرگدا هەر بەرەو ئاسۆی تازەی نەوەستاوی نوێگەریی تر دەچوو.

ئەگەر تەئسیری گۆران لە بەرهەمی شاعیرانی پاش ١٩٥٠دا دیار بێت، ئەوا شاعیرانی ئەم تەوژمەش لە ڕووکردنە تابلۆگەریدا لە ڕۆژانی دوایی گۆرانەوە دەست پێ دەکەن و گەلێک تەئسیری تر تێکەڵ بە بەرهەمیان دەبێت، کە بەڕاستی دەبێت ناوی بنێین تەئسیری خوێندنەوە. دەتوانین لای زۆر وێنە و تابلۆ بوەستین و هەر بەو جۆرە بڕیارانەی ڕەخنەگرە کلاسیکییەکان بەسەر (تەشبیە) و ڕازاندنەوە بەلاغییەکانی شاعیرانی دەوری خۆیانیاندا دەدا، ئێمەش ڕیزە بڕیارێک بدەین، (ئەمە جوانە)، (ئەمە تازەیە)، (ئەمە دووبارە کراوەتەوە)، (ئەمە وەرگیراوە)، بەڵام ئەم جۆرە بڕیارە ئێمەش کە لا دەخات و ڕاستتر ئەوەیە کە ئەم وێنانەش لە هەموو باری پێکهاتن و ئێستا و لە مەودوا و یەکەتیی ڕوخسار و ناوەڕۆک لەو تەوژمەدا جیا نەکەینەوە، ئەوەندەش هەیە کە چەند خۆمان بۆ ئەوە بگوشین کە بڕیارێکی سیلبی بدەین، ناتوانین خۆمان لەوە لابدەین، کە تابلۆی ئەم شاعیرانە بەرەو جۆرە دەربڕینێکی دەچێت، کە بەزەبری ڕووداو و تاقیکردنەوە و ڕەخنەی ڕاستەقینە دەبێت بەشتێکی تازە و جێگیر و درەوشەدار.

زۆرجار باسی زمانی شیعری تازەش دەکرێت، بە خۆپەسندیی لاوانەوە، یا ڕەخنەی پیرانەوە دوو هەڵوێستی جیا دەبینین. بەڵام لەناو ئەم دوو هەڵوێستەدا دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە زمانی نووسین لە قسەکردن جیایە و زمانی شیعریش لە هەموو سەردەمێکدا لە زمانی نووسین جیا دەکرێتەوە.

پوشکین دەڵێت:

**زمانی قسەکردن لەگەڵ زمانی نووسیندا. جیایە زمانی نووسین بەدیمەن پێشاندان و خستنەوە یادی ئەو دیمەنانە گەشە دەستێنێت کە لە زمانی قسەکردندا لەدایک دەبێت، بەڵام نابێ ئەو وشانەش فڕێ بدەین کە سەدە لە دوای سەدە دەست زمان دەکەون، ئەگەر هەر بەزمانی قسەکردن بنووسین، دیارە کە زمان نازانین.**

گۆرکی لەم بارەیەوە دەڵێت:

**«ئیشی نووسەر تا بڵێیت زەحمەتە، چیرۆک لەبارەی خەڵک نووسین، حیکایەت گێڕانەوەیەکی سادە نییە، بگرە بە وشە نەخشەکێشانی خەڵکە، وەک چۆن بە بۆیە یا قەڵەم نەخشەیان دەکێشیت».**

زمانی ئەم شاعیرە تازانە نەخشەکێشانی تێدایە، وشە زۆرجار بۆ نەخشەکێشان بەکار

دەهێنرێت، بەڵام هەندێ جار شاعیر لەوە ناگات کە وشەکردن بە بۆیە، شارەزاییی ڕەنگی ئەو وشانەی دەوێت، بناخەی پتەوی زمانزانین و بە خەڵکەوە لکانی دەوێت.

تابلۆ و وێنە – لادان نییە لە پێڕەوی زمان و ڕوخاندنی (فەرمان و ئامراز و ناو) نییە. دەبێ زمان باش بزانین و تابلۆکانمان لە خەڵک بگەیەنین لێرەشدا لەسەر هێڵی ڕاست دەوەستم: ئەوەی خۆی لە تابلۆی ڕەنگینی تازە لا دەدات و بەشێواندنی زمانی دەزانێت، دەبوو هەموو (تەشبیە و کینایە و ئیستیعارە و ڕازاندنەوە بەلاغییەکان)ی بەشێواندنی زمان بزانیایە. ئەگەر ئەوان لە دەوری خۆیاندا زمانی شیعریان لە زمانی قسە جیا کردبێتەوە ئەوا تابلۆی ئەمڕۆش کە زانینی زمان و پتەویی چوارچێوەی دەربڕینەکەی کە کراماتێکی زمانە بە پێویست نازانن، ناتوانن وێنەکانیان بگەیەننە کەس و لە کەسی بگەیەنن. لە هیچ کەسیش، نەک هەموو کەس. نموونەی هەردوو هەڵوێست هەندێ هەڵەی زمانیش لەم بەرهەمانەدا زۆرن و بژاری ڕۆژ دوای ڕۆژ زامنی کەوتنە سەر ڕێی ڕاستە.

لە بەردەمی ئەم سێ ڕەگەزە و هۆنراوەی ئەم شاعیرانەدا بەهیوای گەشەی دوا ڕۆژەوە دەوەستین و دیمەنی نوێبوونەوە و نەوەستان دەبینین. لەگەڵ دەنگی دلێری مەسەلەی پیرۆزی مرۆڤدا، تۆزی ڕێگەش بەم بەرهەمانەوە دەبینین، کە تەکاندنی گران نییە و ئەوەش ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگری ڕاستەقینەیە. چونکە ئەگەر لەم هەموو شاعیرە لاوانە نائومێدبین، دەبێت لە ژیانیش نائومێدی لە بەرتیشکی سبەینێدا دەتوێنێتەوە.

پرسیارێکی تر هەیە... کە ئەوەیش لێوردبوونەوەی قووڵی دەوێت و وەڵامی سەرپێیی دانەوە لە ڕاستیمان دوور دەخاتەوە. ئەویش پێوەندیی ئەم شاعیرانەیە لەگەڵ ئەدەبیاتی عەرەبیی ئەم سەردەمەدا.

بێگومان، خوێندنەوە و نەخوێندنەوە، ئەم شاعیرانە لەوانەی پێش خۆیان جیا دەکاتەوە، خوێندنەوەکەش بە عەرەبییە و ئەگەر کار نەکاتە سەر بەرهەمیان، دەبێت هیچیان نەخوێندبێتەوە، بەرامبەر بەم ڕاستییە دەبێت زۆر بەوردی بچینەوە سەر ئەو ئەدەبیاتە و سێ شت لە یەک جیا بکەینەوە، کارتێکردن و وەرگرتن و دزین، جیاکردنەوەکەش کەرەسەی دەوێت، کە دەبێت لە ڕەخنەی لەمەودواماندا، بەتواناوە لە یەکیان جیا بکەینەوە.

زۆر تێبینیی بچووکم هەیە، بەڵام دیارە ماوەی ئەوەم نەماوە.

هیوادارم ئەم نووسینە لە پاڵ شتەکانی لەمەوبەر و لەمەودوادا شتێک بێت کە لە پاڵ بەرهەمە تازەکان خۆیاندا بەرەو ڕاستی بچێت.

ئەم شاعیرانەمان لە بەرهەمدان و نەوەستاون و ڕەخنە لێ گرتنیشیان نابێت بوەستێت و دەبێت بەشێوەیەکی زیندوو کار بکەنە سەر یەک و بەرەو بەرهەمێکی پوختە و نوێگەریی ڕاستەقینە بچین.